ئامادەکردنی: محەمەد حەمە تەقی

# چراکانی شاخ

## چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ

**بەرگی یەکەم**

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییه، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# چراکانی شاخ

## چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ

ئامادەکردن

محەمەد حەمە تەقی

-ناوی کتێب: چراکانی شاخ ـ چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ
-ئامادەکردن: محەمەد حەمە تەقی
- دیزاینی ناوەوە و بەرگ: ئەمیرە عومەر
- چاپخانە: پیرەمێرد
- چاپ: یەکەم ـ 2025
- تیراژ: ( 500 ) دانە
- زنجیرە: ( 560/ 82 )
- ژمارەی سپاردن: ( 1822) لە ساڵی 2025 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


- سەرەتا ........................ ٧
- خوێندن لە سایەی شۆڕشی نوێدا ........................ ١٠
- کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ دەڵێن ........................ ١٣
- مامۆستایانی شۆڕشی نوێ ........................ ١٧
- یەکەم : مامۆستایانی شۆڕشی نوێ - لقی سلێمانی ........................ ١٩
- دووەم : مامۆستایانی شۆڕشی نوێ - لقی کەرکوک ........................ ١٢٧
- سێیەم : مامۆستایانی شۆڕشی نوێ - لقی کۆیە ........................ ١٦٣
- چوارەم : مامۆستایانی شۆڕشی نوێ - لقی گەرمیان ........................ ١٩٣
- ژیاننامەی مامۆستایانی شەهید ........................ ٢١٩
- پاشکۆ ........................ ٢٢٩

## سەرەتا ..

پەروەردە و فێرکردن، لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ سێکتەرێکی گەورەو گرنگی ژیاریی بووە لە جیهاندا، کایەیەکە کە هیچ گەل و نەتەوەیەک، هیچ سستەم و کۆمەڵگەیەک نەیتوانیوە و ناتوانێت فەرامۆشی بکات، تەنانەت لەزۆر بواردا ڕادەی پێشکەوتن یان دواکەوتنی وڵاتێک یان کۆمەڵگەیەک دەبەسترێتەوە بە ڕێژەی خوێندەواریی و ئاستی خوێندن تیایدا. ئایندەی گەلان بەستراوەتەوە بەئایندەی نەوەکانییەوە، پەروەردە و فێرکردنی دروست نەوەیەکی چاپوک و هۆشیار بەرهەم دەهێنێت، هەمیشە ڕژێمە داوکەوتوو و دکتاتۆرەکان لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار و ناهۆشیاردا گەشەدەکەن و دروستدەبن، ئاخر ئەوە خوێندن و پەروەردەیە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە بەرزدەکاتەوە، هۆشیاریش دەبێتە فاکتەرێک تاک و کۆمەڵگە بە ماف و ئەرکەکانی ئاشنا دەکات و ڕێگری لە ستەم و چەوسانەوە و داگیرکاریی دەکات.

هەرچەندە، کورد درەنگ بە زمانەکەی خۆی دەستی بە خوێندن و نووسین کردووە، بەڵام کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو، لە ڕۆژگارێکی زۆر زووەوە هەستی بە پیرۆزیی و پێویستی خوێندن کردووە، مامۆستا لە ناو کوردا کەسێکی گەورەو ڕێزدار بووە، کورد بەکەسی خوێندەوار و هۆشمەندی وتووە مامۆستا، لە فەرهەنگی کوردیدا مامۆستا تەنها بەمانای (معلم) یان (مدرس) نایەت، بەڵکو واتایەکی زۆر لەوە بەرزتری هەیە لە ئاستی ئوستاز یان ڕابەر. بەپێی بیروبۆچوونی زۆر لە مێژوو نووسان و بیرمەندانی کورد، ئەحمەدی خانی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمی زاینیدا ژیاوە، یەکەم زاناو یەکەم ڕۆشنبیری کورد بووە، کە بە کوردی نووسیوێتی، بەکرمانجی باکور بەرهەمی کوردی نووسیوە و بڵاویکردووەتەوە، بۆ ئەو ڕۆژگارە، ئەو کارەی ئەحمەدی خانی شۆڕشێکی مەزن

بووە، ئاستی هۆشیاریی و مەعریفی ئەو کەڵە ڕۆشنبیرە دەخاتە ڕوو کە لە چ ئاستێکی بەرزدا بووە، لە هەمان کاتدا ئەحمەدی خانی یەکەم مامۆستای بیری نەتەوایەتی بووە، داستانی مەم و زین، کە داستانێکی ئەویندارییە، بە ناوەرۆکێکی نەتەوایەتییەوە داپڕشتووە، فەرهەنگی کوردی – عەرەبی بۆ منداڵانی کورد داناوە (فەرهەنگی زارۆکان)، تا بتوانن لە خوێندندا سودی لێ ببینن، خوێندنی ئەوکاتانە، لە حوجرەو ناوەندە ئاینییەکاندا بە زمانی عەرەبی بووە.

حاجی قادرو مەلای گەورەو شێخ مارف و حەپسەخان و پیرەمێردو قانعی شاعیر لەو کەسایەتی و ناودارانەی کوردن، کە بەردەوام هانی میلەتەکەیان داوە بۆ خوێندن. نەخوێندەوارییان بە هۆکارێکی سەرەکی هەژاری و دواکەوتوویی و ژێر دەستەیی گەلی کورد زانیوە، حەپسەخانی نەقیب لە ماڵەکەی خۆیدا کچانی فێرە خوێندەواری کردووە و هانیداون بچنە قوتابخانە و لە خوێندن دوا نەکەون، نەجمەدین مەلا لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لە شوێنی ژیانی خۆی، قوتابخانەیەک بەناوی کەشتی نوح دەکاتەوە بۆ ئەو کرێکارو کاسبکارانەی کە لەکاتی خۆیدا هەلی خوێندنیان بۆ نەڕەخسابوو، ئێواران لای نەجمەدین مەلا دەیانخوێند، شێخ مارفی نۆدێی هێندە پەرۆشی خوێندن دەبێت، بە هەمان شێوەی ئەحمەدی خانی، فەرهەنگۆکەیەک بەناوی ئەحمەدیی دەنوسێت بۆ ئەحمەدی کوڕی (کاک ئەحمەدی شێخ) بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە بە ئاسانی فێری زمانی عەرەبی ببێت، کە فەرهەنگۆکەکە بەزمانێکی شیعری دەنووسێت و بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

ڕەئس سەرە، عەین چاوە
بەدەن قالب، ئیسم ناوە
ئەنف لوتە، حاجب برۆ
فوخذ ڕانە، ڕوکبە ئەژنۆ

کوردستان وڵاتێکی پڕ لە پیت و فەڕە، بەڵام نیشتمانێکی ماندووی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە، کوردیش میللەتێکی ژێر چەپۆکەی زوڵم و ستەمی داگیرکاری، دیارە گەلی کوردیش لە پێناو ئازادی و بۆ پەرچدانەوەی داگیرکەر و بەدەستهێنانی مافەکانی، دەستی

داوەتە چەک و شۆڕشی بەرپا کردووە درێژەکێشانی شۆڕش بۆ چەندین ساڵ، بەردەوامی ئابڵوقە و داخستنی ناوەندە فەرمیەکانی وەک نەخۆشخانە و قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان، شۆڕشی ناچارکرد لەپاڵ بەرەنگار بوونەوە و چالاکی پێشمەرگانەدا بەرامبەر سوپای داگیرکەر، لەهەمان کاتدا لە ناوچە ئازادکراوەکاندا نەخۆشخانەو قوتابخانە بەپێی توانا بکاتەوە بۆ هاووڵاتیان و منداڵانی پێشمەرگە بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری، کە بەڵایەکە دەیان بەڵایتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەداخەوە لەم جۆرەی خوێندندا لە ژێر مەترسی بۆمباران و تۆپباراندا، دەرفەت نەبوو بۆ هەموو منداڵانی کوردستان بۆ خوێندن، بەتایبەتی بۆ کچان کە کەمتر لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕێگەیان پێدەدرا.

هەمیشە لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا مامۆستا ڕێژەیەکی بەرچاوی پێکدەهێنا، لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی  زۆر پێشمەرگەو کادری خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە هەبوون، کە هەم بایەخ و گرنگی خوێندنیان دەزانی و هەم بایەخیان بە بواری پەروەردەو فێرکردن دەدا، هەر لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دەیان پێشمەرگەو فەرماندە کە پێشتر خوێندەوارییان نەبوو، توانییان لە ڕێگەی ئەو مامۆستاو خوێندەوارانەی ناو شۆڕشەوە خۆیان فێری خوێندن و نووسین بکەن.

شۆڕش لەلایەن کادری پەروەردەییەوە هیچ کەم و کورتی نەبوو، لە ڕووی مادیشەوە هەم خەڵکەکە هاوکاربوون هەم پرۆسەکەش زۆر ئاڵۆز و پڕ خەرجی نەبوو، ئەوەی زیاتر ڕێگربوو لە خوێندن لە سایەی شۆڕشدا، نا ئارامی ناوچە ئازادکراوەکان بوو، کە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی تۆپباران و بۆمباراندا بوون، تەنانەت هەندێجار ناچار دەبوون کە وانەکان بەشەو لەبەر چراو فتیلە بخوێنرێن، یان لەدەرەوەی گوندەکان لە ناو چادر و پەنا ئەشکەوتا درێژە بە پرۆسەی خوێندن بدرێت. لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەشدا تا شاڵاوەکانی ئەنفال شۆڕش بە هاوکاری دڵسۆزان و مامۆستایانی شۆڕش توانی درێژە بە پرۆسەی خوێندن بدات.

## خوێندن لە سایەی شۆڕشی نوێدا ..

شۆڕشی نوێ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦ دەستیپێکرد، چەند ساڵی سەرەتای ئەم شۆڕشە بەشێوەی پارتیزانی و بە مەفرەزەی بچوک بچوک بەرامبەر ڕژێمی داگیرکەر دەجەنگا، ئەم شێوازەی جەنگی پارتیزانی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ و بەرچاو ناوچەیەک کۆنترۆڵ بکات و بیپارێزێت، مەفرەزەکانی پێشمەرگە بۆ خۆ ونکردن لە چاوی دوژمن و سوپاکەی، هەمیشە لە جموجۆڵ و خۆ شاردنەوەدا بوون، چالاکی خێراو بچوکیان ئەنجام دەدا، زیاتر هەوڵی خۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی هەستی شۆڕشگێڕیی و بەرزکردنەوەی گیانی بەرگری خەڵکەکەیان دەدا، شکستی شۆڕشی ئەیلول، خەڵکی کوردستانی توشی نائومێدییەکی سامناک کردبوو، بۆیە سەرەتای شۆڕشی نوێ پێویستی بە ماوەیەک هەبوو تا متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەم ڕەوشەی شۆڕش تا سەرەتای هەشتاکان بەردەوام بوو، شۆڕشی نوێ لەو ماوەیەدا نەیتوانی و نەیدەپەرژایە سەر ئەوەی ئاوڕ لە کایەی خوێندن و پەروەردە بداتەوە، لە ڕاستیدا ڕژێمی بەعسی داگیرکەریش لەو ماوەیەدا هیچ باکی بە شۆڕش و پێشمەرگە نەبوو، چاوی لەوەبوو ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگە تارومار بکات و کۆتاییان پێبهێنێت، هەر بۆیە کاردانەوەشی بۆ داخستنی قوتابخانەی گوندەکان و ئابڵوقەی ئابوری نەبوو.

شۆڕشی نوێ هەر لە سەرەتاوە پشت ئەستووربوو بە خەڵکە ڕەنجدەرو توێژە خوێندەوارو شۆڕشگێڕەکەی ناو کۆمەڵگەی کوردی، ڕێژەیەکی باش لە مامۆستا و کەسانی خاوەن بڕوانامە و خوێندکاری ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆ لە ڕیزەکانی ڕێکخستن یان لە ناو هێزی پێشمەرگەدا بەشداربوون، زۆر لە مانە لەساڵانی دوایدا توانیان لە ناو شۆڕشدا ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بەخۆیان هەبێت، وەک یەکێتی خوێندکاران، مامۆستایان، نووسەران و هونەرمەندان و ژنان، لەو چوارچێوەیەشدا بەو توانا داراییە کەمەوە بڵاوەکراوەی خۆیان هەبوو، بەتایبەتی یەکێتی مامۆستایان بەردەوام گۆڤاری (خەباتی مامۆستا) یان بڵاودەکردەوە، لەو ڕێگەشەوە زیاتر بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییان لەناو توێژە خوێندەوارەکەدا بڵاو دەکردەوە. هەر ئەم ڕێکخراوەی مامۆستایان، توانی

دوای داخستنی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان، ژمارەیەک مامۆستا و خوێندەواری ناو شۆڕش و هێزەکانی پێشمەرگە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و ڕاهێنانیان پێ بکات بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەی گوندە ناوچە ئازادکراوەکان.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥، دوای بە ئەنجام نەگەیشتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراقی، ڕژێم دامەزراوە فەرمیە خزمەتگوزاریەکانی وەک قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان کشاندەوە و ئابڵوقەیەکی توندی خستە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە، جارێکیتر شەڕو پێکدادان و تۆپباران دەستیپێکردەوە.

بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن لە ناوچە ئازادکراوەکان بەردەوام بێت و پەکی نەکەوێت، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاری بەردەوامی خوێندنی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دەرکرد، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە مامۆستایان و خاوەن بڕوانامەکانی ناو هێزی پێشمەرگە کرد، کە ڕووبکەنە قوتابخانەکان و بەردەوامی بەپرۆسەی خوێندن بدەن. لە چەند شوێنێک خولی تایبەت کرایەوە بۆ مامۆستایان و پاش تەواوکردنی خولەکە مامۆستایان بەپێی پێویستی ناوچەکان دابەش دەکران، یارمەتی تایبەت لەلایەن شۆڕشەوە بۆ مامۆستایان بڕایەوە، یارمەتییەکە لەسەر بنەمای خێزاندار و سەڵت دیاری دەکرا، مامۆستای خێزاندار یارمەتییەکەی زیاتربوو، قوتابخانەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕی بواری پەرەوەردەییەوە لە ڕێگەی مەڵبەندو تیپەکانەوە سەرپەرشتی دەکران.

سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ، خۆیان کەسانی خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی بەرزبوون، هەر ئەمەش وایکردبوو کە بە پەرۆشەوە پاڵپشتی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەبکەن، بڕیار لەسەر کردنەوەی قوتابخانەکان بدەن و هاوکاریی مامۆستایان بکەن، تەنانەت داوایان لە مامۆستایان و خاوەن بڕوانامەکانی ناو هێزی پێشمەرگە کرد، ڕووبکەنە قوتابخانەکان و وەک مامۆستا وانە بڵێنەوە، واتە خەباتی قەڵەمیان هاوتای خەباتی چەک ناساند.

پرۆسەی خوێندن نەبچڕاو بەردەوامی وەرگرت، بەڵام تۆپباران و شاڵاوی ناوبەناوی ڕژێم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان ڕێگەی نەدا پرۆسەکە بەهێمنی بەردەوامبێت، زۆرجار خوێندن لە دەرەوەی گوند و شارۆچکەکان بەڕێوەدەچوو، لەژێر خێمە و لەبن ئەشکەوت، لەگەڵ بەردەوامی وانەکان زۆر جار مامۆستایان شانۆگەری و چالاکی هونەرییان بە خوێندکاران ئەنجام دەداو دەخرایە بەرچاوی گوندنشینان و هێزەکانی پێشمەرگەوە.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە، شاڵاو و تۆپبارانەکانی ڕژێم، سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی خوێندنی سەخت و دژوار کردبوو، زۆر جاریش دەبووە هۆی شەهیدکردن و بریندارکردنی مامۆستایان و خوێندکارەکان.

بەم شێوەیە خوێندن درێژەی کێشا تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان، کە ئیتر شتێک نەمابەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێم کە بۆنی ژیانی لێبێت، تەواوی ناوچە ئازادکراوەکان بوون بە خاکێکی سوتماک، هەموو چالاکی و جوڵەیەکی مرۆڤ لەو ناوچانە تەواو قەدەغەبوو، سزای گرتن یان کوشتنیان لەسەربوو، ئەوانەشی لە شاڵاوەکانی ئەنفال ڕزگاریان بوو و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا مانەوە، وەک لە زیندانێکی گەورەدابن وابوو، چونکە هەموو خەڵکی کوردستانی لە هەرسێ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆک و چەند ئوردۆگایەکدا ئابڵوقە دابوو، ناوەناوەش بە هێزێکی زەبەلاحەوە پەلاماری شارو ئۆردوگاکانی دەدا، بەبێ پاساو خەڵکی دەگرت یان شەهیدی دەکردن و خانووەکانی دەڕووخاندن، ئەمەش زیاتر بۆ سەپاندنی جەبەروتی خۆی و چاوترسانی خەڵکە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرەکە بوو.

مامۆستایانی شۆڕش، تەنها وەک کادرێکی پەروەردەیی بەکاری مامۆستاییەوە خەریک نەبوون، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە هێزەکانی پێشمەرگایەتیدا ڕێکخرابوون، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی سنورەکانیان دەکرد، هەندێکیان وەک ئەنجومەن کاروباری کۆمەڵایەتی گوندەکانیان بەڕێوە دەبرد، یان هاوکاریی بریندار و نەخۆشەکانی هێزی پێشمەرگە و هاووڵاتیانیان دەکرد، واتە مامۆستایانی شۆڕش لەیەک کاتدا کاری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کادری تەندروستیش بوون، لە هەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی هەمیشە ئامادە بوون.

❊❊❊❊❊

## کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ دەڵێن:

هەر شۆڕشێک لەم کوردستانەی ئێمەدا لە دژی جەور و ستەم هەڵگیرسابێ، هاوکات لەگەڵ بەگژداچوونەوەی ئەو شۆڕشە بە ئاگر و ئاسن، دوژمن ئاستەنگ و بەربەستی لەبەردەم شارێگەی پێشکەوتنی گەلەکەمان دروستکردووە، یەکێک لەو ئاستەنگانەش بێبەشکردنی نەوەکانی گەلەکەمان بووە لەزانست و خوێندەواری.

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانەی دوژمن، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، کە پێشتر لە ١٩٦٢/٥/١٥ دامەزرابوو، کۆمەڵێک لە مامۆستای دڵسۆز و بە ئەزموونی ناو شۆڕشی نوێ، دووبارە کارایان کردەوەو لە کۆنفرانسێکدا سکرتێر و ئەندامانی سکرتایەت و چەندین لێژنەیان پێکهێنا، کەوتنە بەرنامە داڕشتن، پێش هەموو کارێک، دیدارێکی ڕەوان شاد مام جەلالیان سازکرد، کە تیایدا مام جەلال بە هەموو شێوەیەک پشتگیری بەرنامەکەی کردن، لە وتەیەکی مێژوویدا پێی وتن: «لە ئێوە حەرەکەت لە من بەرەکەت»، بۆ هەموو پێداویستییەکان ئامادەی جێبەجێکردنی دەربڕی. لەوکاتەوە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کەوتەکار و چەندین قوتابخانە ئاوەدانکرانەوە، بە دەیان مامۆستا بەبێ ئەوەی سەنگەری بەرگری چۆڵبکەن، بوون بە مامۆستای شۆڕش و سەنگەری پـەروەردە و فێرکردنیشیان گرتە ئەستۆ.

لە هەمان کاتدا چەندین خولی ئامادەکاریی بۆ ئەو دەرچووانەی ناو هێزی پێشمەرگە و سنووری دەسەڵاتی شۆڕش کرایەوە کە بە پیشە مامۆستا نەبوون، هەر بە فەرمانی ڕەوان شاد مام جەلال زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی بە پیشە مامۆستابوون، بوونە مامۆستای شۆڕش و بە هیمەتی مەردانەی هەمووان ئەو نیازەی دوژمن لەباربرا، کە دەیویست گەلەکەمان لە زەلکاوی نەخوێندەواریی و نەزانین بخنکێنێت. ئەم نیازەی ڕژێم لەکاتێکدا پیادەکرا، کە گفتوگۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراق نەگەیشتە ئەنجام و شکستی هێنا، بەو هۆیەشەوە هەموو دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان داخست و مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی گواستەوە ژێر دەستەڵاتی خۆی.

لێرەدا دەبێت ڕۆڵی ئەو مامۆستایانەی ناوشار بەهەند وەربگرین، کە توانیان لەڕێی

ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە کتێب و دەباشیر و پێداویستی تربگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مامۆستایانی شۆڕش بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ببوونە داینەمۆی بەڕێوەبردنی بەرنامەی (دەنگی مامۆستا) کە لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان، هەفتانە بلاۆدەکرایەوە، هەروەها گۆڤاری وەرزی (خەباتی مامۆستا) کە دەنگ و ڕەنگی مامۆستایانی شار و شاخیان ئاوێتە کردبوو.

مامۆستایانی شۆڕش تەنها بە وتنەوەی وانەوە خەریک نەبوون، لە هەمان کاتدا لەکاتی پێویستدا هاوشانی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریدا دەبوون، شەهید و قوربانییان داوە، لە ناو کۆمەلاّنی خەڵکی سنوورەکەیاندا زۆر جار وەک پزیشک بەدەم کێشەی تەندروستیی خەڵکەوە بوون، وەک ئەنجومەنی گوند کاریان کردووە، وەک کادری ڕێکخستن بەشداریی کاری سیاسیی و ڕێکخراوەییان کردووە.

مامۆستایانی شۆڕش بەهۆی پێگە زانستییەکەیانەوە، بەتەواوی ئاوێتەی دانیشتوانی گوندەکان بووبوون، زۆر جار لە کێڵگە و مەزراکاندا هاوکاری جووتیارانیان کردووە، ئەو مامۆستایانەی کە لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا بڕوانامەیان بەدەستهێنابوو، بەردەوام ڕێنمایی جووتیارانیان دەکرد و بەدەم کێشە کشتوکاڵی و ئافات و نەخۆشیە ڤێتێرنەریەکانەوە بوون. لە هەمان کاتدا گوندنشینەکان هاوکار و دڵسۆزی مامۆستایان بوون، پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکردن، بەتایبەتی سوتەمەنی (داری سوتاندن) و شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزاری.

ئەم پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و تێکەلاّوە ڕۆحییەی نێوان مامۆستایانی شۆڕش و گوندنشینەکان، تا دەسپێکی شالاّوەکانی ئەنفال بەردەوام بوو، لە ڕۆژانی شالاّوەکانیشدا مامۆستایان هەم وەک پێشمەرگە لە بەرەکانی بەرگریدا بوون هەم هاوکاری گوندنشینەکان بوون.

شالاّوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە، گورزێکی سەربازی کەمەرشکێن بوو، کە بەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کەوت، ئەنفال هەموو سیماکانی ژیانی سڕییەوە، تەواوی گوندەکانی بە مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەوە خاپورکرد، سەروەت و سامانی گوندنشینەکانی کوردستان بەتەواوی لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستی بەسەردا گیراو تالاّن کران، تەنانەت مەڕ و

ماڵات و پەلەوەرەکانیشییان بردن، ئەوانەشی کەوتنە دەست هێزەکانی ڕژێم، بە مامۆستا و گوندنشینەوە، بە ژن و پیاوەوە، بە گەورە و بچوکەوە، هەموویان ئەنفال کران و لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا زیندە بەچاڵ کران.

بەشێک لە مامۆستایانی شـۆڕش، ســەرەڕای بەشداریکردنی قارەمانانەیان و بەرگریکردنیان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەگەڵ هیزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد و هەندێکیشیان لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکان درێژەیان بە خەبات و کاری شوڕشگێریدا، ئەوانەشی ئاودیوی سنوورەکان بوون، لە کامپەکاندا هاوکاری خەڵکە ئاوارەکانیان دەکرد و لەوێش درێژەیان بە کاری پەروەردەیی خۆیاندا.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ مەکتەبی سکرتاریەت، بە هیمەتی مامۆستا (عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل) دەستکرا بە بەسەرکردنەوەی مامۆستایانی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی نزیکیان بە مامۆستایانی شاخەوە هەبوو، لە ئەنجامدا توانرا ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی گشتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بکرێت، کە بە کۆنگرەی یەکگرتنەوە ناسرا، کۆنگرە لە ...... /١٩٩٢ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەسترا، کە تیایدا لیستی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/ مەکتەبی سکرتاریەت) بەسەرکەوتوویی دەرچوو، کە لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

دواتر بڕیار لەسەر کردنەوەی بارەگای سەرەکی مەکتەبی سکرتاریەت لە هەولێری پایتەخت دراو بە دوایشیدا بڕیار لەسەر کردنەوەی لقەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ی مەکتەبی سکرتاریەت درا.

هەر لەدوای ڕاپەڕین، مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، بە دەستپێشخەری ژمارەیەک مامۆستای دڵسۆز و ماندوونەناس، بە بەرنامەیەکی تۆکمە و لەڕێی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە، توانییان لە ماوەیەکی کەمدا پەیوەندی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی شۆڕشەوە بکەن، لەم کارەدا مامۆستا (کامەران عەلی مەجید) کە ناسراوە بە (کامەرانی عەلی مەجۆل) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. دواتر لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا توانرا لێژنەیەکیان بەناوی لێژنەی سەرپەرشتی کاروباری مامۆستایانی شۆڕشی نوێ پێکهێنا. پاشان لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا دەستەی باڵا هەڵبژێردرا و بەڕێز مامۆستا (کامەران

عەلی مەجۆل) کرا بە سەرۆکی دەستەکە، دەستەی بالاّ لە هەندێک کارو چالاکیدا توانی گۆڤاری (نەوەی نوێ ) کە تایبەت بوو بە مێژووی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، هەروەها نامیلکەی (مامۆستایانی شۆڕشی نوێ کێن؟) دەربکات. لە هەمان کاتدا دەستەی بالاّ توانی هەندێک دەستکەوت بۆ مامۆستایان دابین بکات، وەک دامەزراندنی ژمارەیەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانە فەرمیەکانداو وەرگرتنی زەوی بۆ هەندێکیان و خانەنشینی زۆرێک لە مامۆستایان وەک پێشمەرگەی دێرین و دامەزراندنی هەندێکی تریان بەشێوەی مامۆستای فەرمی.

دەستەی بالاّی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ تا ئەمڕۆش بەردەوام لە خزمەتی مامۆستایاندایە و بەردەوامە لە کار و چالاکیەکانی، ماوەتەوە ئەوەی کە بڵێین:

- زۆر سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی ئەم مامۆستا بەڕێزانە بکەین کە دەستپێشخەر بوون لە رێکخستنەوەی مامۆستایانی شۆڕشدا وەک: (مامۆستا عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل، مامۆستا مەلا ئەحمەدی شێنێ، مامۆستا جەلالی تەلان و ....... هتد).


- کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ لەساڵی ٢٠١٠ دا بە فەرمی مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت.

- لەئێستادا بارەگای کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش لەناو بارەگای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکاندایە کە برای بەڕێز جەمیل هەورامی کارئاسانی زۆری بۆ کردووین.

# مامۆستایانی شۆڕشی نوێ

چەک قەڵەم دووانەی خەباتی هاوژینی شۆڕشی نوێ بوو، گڕی بڕوای ڕەنجدەران و هەژاران، بیری پێشکەوتووخوازی شۆڕش بوو، مامۆستایان و توێژە خوێندەوارەکەی شۆڕش، داینەمۆ و هێزی بەردەوامی و هەڵسوڕانی شۆڕش بوون، شۆڕشی نوێ سەرکردایەتییەکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرزی هەبوو، شۆڕشێکی خاوەن بەرنامە و خاوەن فکری نوێ بوو، هەر ئەم خەسڵەتانە بوو شۆڕشی نوێی لە شۆڕشەکانی تری گەلی کورد جیادەکردەوە و ئەو سیمایەی پێ بەخشی کە پێی بوترێت شۆڕشی نوێ.

مامۆستایانی شۆڕشی نوێ لەلایەن مەڵبەند و تیپەکانەوە سەرپەرشتی دەکران، بۆیە بەپێی مەڵبەند و تیپەکان دابەش بوو بوون بە سەر ناوچەکاندا، ئێمەش بۆ ئەوەی زانیارییەکان وەک خۆی بگەیەنین، لە هەمان کاتدا کارەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بکرێت، مامۆستایانی شۆڕشی نوێمان دابەشی چەند لقێک کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:



**چەک قەڵەم دووانەی خەباتی شۆڕشی نوێ بوو**
**مامۆستایان ئەو دروشمەیان بەرجەستە کرد**

# یەکەم:

# مامۆستایانی لقی سلێمانی

### * ئازاد نەجمەدین نوری بابا عەلی



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە دکتۆر ئارام، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواوکردووە، دواترلە (معهد الطب الفنی) بەسرە وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسییەوە ناتوانێت تەواوی بکات، ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (عاسی نوری ڕەباتی) لەلایەن دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێمەوە دەگیرێن و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک دەکرێن، پاش ئەشکەنجەدان و ئازارێکی زۆرئازاد دەکرێن. لە تەموزی ١٩٧٨ لە سەربازی هەڵدێت و لە گوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغ دەگیرسێتەوە، هەر لەوێ بەهۆی ئەنوەری برایەوە پەیوەندی بە شەهید سیروان تاڵەبانییەوە دەکات و پاشان دەناسێنرێت بە فوئادی حاجی قادر، لە هەمان ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ شەهید سیروان و ئەنوەری برای و چەند هاوڕێیەکی دەچن بۆ سەرکردایەتی، لەوێوە دەچن بۆ ئێران بەڵام شەهید سیروان ناچێت بۆ ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ، بەداخەوە شەهید سیروان تاڵەبانی لە ڕێگەی گەڕانەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە شارەزوور دەکەونە بۆسەی پیاوانی ڕژێم و شەهید دەکرێن.

لە ئێران، لە ڕێگەی هونەرمەند ناسری ڕەزازییەوە پەیوەندی بە (چریکهای فیدایی ئێران)ەوە دەکەن، لەو ماوەیەدا چەند سرودێکی سیاسی و نیشتمانی تۆماردەکەن لە نموونەی سرودی (وڕوکاس و سەرگەردان نیم ...... فەرمانێ هەی کۆمەڵ فەرمانێ) و چەند سرودێکی تریش، دواتر ئەم سرودانە کە بەهاوکاری تیپی مۆسیقای سنەو بە ئامادەبوونی ناسری ڕەزازی لەسەر شریت تۆمار دەکرێن، شریتەکە دەدرێت بە شەهید ئەیوب تاڵەبانی برای شەهید سیروان تاڵەبانی و ڕەوانەی ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە. ساڵی ١٩٧٩ لەڕیگەی مەلا بەختیارەوە لەگەڵ

ئەنوەری برای لە خڕی ناوزەنگ سەردانی مام جەلال دەکەن.

لەهەمان ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە ناوچەی قەرەداغ، لەگەڵ ئەنوەری برایی و کۆمەڵێک هاوڕێیدا (ڕەهێڵ نوری شاوەیس، عومەر عەبدولکەریم جاف، فەرهاد ناسراو بە حسەین کوردە، هەردی، محەمەد شێخ سەدیق ناسراو بە حاجی بەلەکجاڕی، نەجاح) گروپێکی مارکسی لینینی پێکدەهێنن و لەدەربەندی تەکیە ڕۆنێو چاپەمەنییان لادەبێت و دەست دەکەن بە دەرکردنی بڵاوکراوەو لە گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوور و سلێمانی بڵاویان دەکردەوە.

ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ لەگەڵ مامۆستا ئاشتی هاوسەری لە گوندی تەکیە، خۆبەخشانە وانەیان وتووەتەوە، ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ بەشداریی خولی یاریدەدەری پزیشکی دەکات، کە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەسەرپەرشتی دکتۆر حەسەن مەردۆخی خولەکە بەڕێوە دەچوو، لەو ڕێگەیەشەوە توانیوێتی خزمەت بە پێشمەرگەو گوندنشینان بگەیەنێت، بەتایبەتی لە سنوری تەکیەو بەلەکجاڕو گومەتەو سێوسێنان.

ساڵی ١٩٨٥ ڕژێمی بەعس قوتابخانەکانی ناوچە ئازادەکانی داخست، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی کاک عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکات و بە سەرپەرشتی ڕاسەوخۆی مامۆستا عەلادین نوری خولێکی بۆ مامۆستایانی شۆڕش کرایەوە، کە ژمارەیەک لە ژنانی مامۆستاو خوێندەوار بەشدارییان تێداکرد، مامۆستا ئازادو خێزانەکەشی بەشدارییان کرد، دواتر وەک مامۆستای شۆڕش تا ئەنفالەکان بەردەوام بوو لە کاری مامۆستایی. لەکاتی مامۆستاییدا چالاکی هونەرییان پێشکەش دەکرد، بەتایبەتی کاری شانۆیی.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ بەهادین نوری مامی و ژمارەیەک لە ئامۆزاو خزمەکانی بەشێوەی پارتیزانی لە ناوچەکەدا دەمێننەوە، لەوماوەیەدا وەک تەندروستکارێک چارەسەری بریندارەکانی کردووە، دواتر هەوڵی دەرچوون بۆ ئێران دەدات، بەلام دەرچوونەکەی سەرناگرێت، لە گوندی ڕازیانەی نزیک سلێمانی لە دەواجن ئیشی کردووە تا کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١.

لە کۆڕەودا بەخێزانەوە دەچێتە ئێران، بۆ ماوەی ٥-٦ مانگ لە شاری سەقز دەمێنێتەوە، پاشان دێتەوە لە کۆمیتەی پێنجوێن، بۆ ماوەی چەند مانگێک بە

دابەشکردنی خۆراک و پێداویستی ئاوارەکانەوە خەریک دەبێت، دواتر دێتەوە سلێمانی و خێزانی دەچێتەوە سەرکار و خۆیشی بەشداریی دامەزراندنی (کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ) دەکات، چەند نووسراو و کتێبێک لەسەر مامۆستایانی شۆڕش دەردەکات، دوا کاری مامۆستایی لە گوندی عەواڵ بووە.

زۆر جار سوپاس و ڕێزلێنانی لەلایەن مەڵبەندی سلێمانییەوە بۆ کراوە، لە ڕۆژنامەی (سەروەری) و ڕۆژنامەی (بەدرخان) کاری کردووە، لەم بوارەشدا ڕێزلێنانی وەرگرتووەو پاداشت کراوە.

بەداخەوە لە سالآنی کۆتایی ژیانیدا توشی نەخۆشییەکی کوشندە (عجز القلب) دەبێت و سالآنێکی زۆر پێیەوە دەناڵێنێت، نە لە کوردستان و نە لە ئێران چارەسەری نەخۆشیەکەی ناکرێت تا لە بەرواری ٢٠١٠/١/٤ لەژێر کاریگەریی نەخۆشیەکەیدا گیان لەدەست دەدات.

*** ئارام ساڵح حسێن قادر**



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئارام، بنەماڵەکەیان لە بنەڕەتدا لە قەرەداغ ژیاون، دواتر بەهۆی هەلومەرجی ژیان و ڕۆژگارەوە دەگوازنەوە بۆ هەڵەبجە، هەربۆیە لە شاری هەڵەبجە چاوی بەژیان هەلهێناوە. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، هەر ئەوکاتەی لە خانەی مامۆستایان بوو ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێت بۆ گوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغ، لە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی، لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کۆشکی خوارو، لەبەر ئەوەی دەرچووی خانەی مامۆستایان دەبێت و شارەزایی بواری پەروەردەیی دەبێت، لە پاڵ مامۆستاییەکەیدا وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە سنوری ناوچەی قەرەداغ کار دەکات.

لە ڕەوشی ناجۆری ناوچەکەو لەژێر بۆمباران و پەلاماری بەردەوامی رژێم، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوی ئەنفالی دوو، کە ئەو شاڵاوە بە کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان دەستیپێکرد، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی شەهید و برینداربوون، دوای ئەنفال ئیتر شتێک بەناوی ژیان و ئاوەدانی لە ناوچەکەدا نەمایەوە.

ئەم مامۆستایە، لە ئێستادا خانەنشینە و لە هەندەران دەژی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * ئەبوبەكر حسێن ئەحمەد ڕۆستەم



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە بەكری خەتات، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەكی مەڵكەندی شاری سلێمانی، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، هەر لە منداڵییەوە سەركێش و جیاواز، یاخی و دژە باو، بەڵام بەهێمنی و لەسەرخۆ و ژیرانە بیریكردووەتەوە و هەڵسوكەوتی كردووە، هەمیشە قسەخۆش و دەم بە پێكەنین لەگەڵ دەوروبەردا، كاری لەپێشینەی هەوڵدانبووە بۆ نیشتمان و نەتەوەكەی، هەر بەوهۆیەوە لە قۆناغی دووەمی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندی دەكات بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە، ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی ئاشكرابوونی بەشێك لەئەندامانی ڕێكخستنەكانەوە، بۆ خۆپارێزی و پاراستنی نهێنیەكانی ڕێكخستن، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لە هەرێمی ٤ی ئەوكاتە، لای شەهید جەمالی عەلی باپیر، لەدوای شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیر لە ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی دەگوازرێتەوە بۆ مەكتەبی عەسكەری لە توژەڵە، دواتر لە دارِشتنەوەی هەیكەلی ئۆرگانەكانی شۆڕش لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، بەهۆی خۆش نووسییەكەیەوە جێدەستی لە زۆربەی بڵاوكراوەكانی ئەوكاتەی شۆڕشدا دیاربووە، لە چالاكیەكانی تیپەكەیدا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە، لە یەكێك لە هێرشەكانی دوژمن لە ناوچەی دۆڵەڕووت بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، چەند هەلیكۆپتەرێك بۆردمانی گوندەكانیان كردووە، بۆ بەهاناوەچوونی هەڤاڵەكانی لە گوندی كانی گۆرانەوە بۆ گوندی كارێزكلاو بە ڕاكردن بە چەكی بیكەیسیەوە دەچێتە نزیك بەرەی شەڕەكە، كۆپتەرەكان ناچار بە پاشەكشە دەكات، هەر لە دوای شەڕەكە شەهیدی فەرماندە هاوڕێ جەبار نازناوی (مام فیلی ) پێدەبەخشێت.

بەشداریی چالاكی شۆڕشگێڕیی لەناو شاری سلێمانیدا كردووە، بۆ سزادانی پیاوانی ڕژێم، بەهۆی توانای ساختەكردنی بەڵگەنامەكان توانیوێتی خۆی دەربازبكات، دوای داخستنی قوتابخانەكانی ناوچە ئازادكراوەكان، وەك مامۆستای شۆڕش لەگەڵ مامۆستا

لەتیف عەبدولڕەحمان، قوتابخانەی گوندی مالومە دەکەنەوە و درێژە بە پرۆسەی خوێندن دەدەن.

لە درێژەی شەڕی قەیوان ماوەت، خۆی کاندید دەکات بۆ بەسزا گەیاندنی ئەو سەرەک جاشەی کە بەقۆنتەرات شەڕی قەیوان ماوەتی دەکرد و خۆی لەبەغدا دانیشتبوو، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری بەسزا گەیاندنی ئەو سەرۆک جاشە دەدات، ئەم وەک شۆڕشگێڕێکی بە جەزرەبە خۆی بۆ ئەو ئەرکە کاندید دەکات و خۆی دەگەیەنێتە دڵی پایتەخت و بەسەرکەوتوویی کارەکەی ئەنجام دەدات، بەڵام لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانەوە ئاشکرا دەبێت و لە ١٩٨٦/١٠/١٥ لەگەڕەکی گۆیژە لەماڵی (عەبدولڕەحمان ئەمین )ی خاڵی دەستگیردەکرێت، بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگە خاڵی و خاڵۆژنی و دووکچی خاڵیشی دەگیرێن، پاش سێ مانگ خاڵۆژنی و دوو کچەکەی خاڵی ئازاد دەکرێن و خاڵیشی بە (٢٠) ساڵ زیندانی حکوم دەدرێت، دواتر لە ١٩٨٨/١/٣ ئەم مامۆستا تێکۆشەرە لەگەڵ پۆلێک هاوسەنگەری لە سێدارەدەرێت و ڕۆحی بەرزەفڕی دەگاتە کاروانی نەمران. سەرەڕای شەهیدکردنیان ، ڕژێم پارەی فیشەکەکانی لە کەسوکاریان وەرگرتەوە و ڕێگەی نەدا کە پرسەشیان بۆ دانرێت.

### * ئیبراهیم ڕەزا حسێن ئیسماعیل



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە سالار خاوێی لە ١٩٦١/٨/١ لەگەڕەکی خانەقای شاری سلێمانی لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغی سەرەتایی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، بەهۆی گرتنی باوکی و شەهید کردنی دوو ئامۆزاو سێ مامی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، پاش ئازادکردنی باوکی لە کەرکوک دەردەکرێن و دەگوێزنەوە بۆ سلێمانی، قۆناغەکانی خوێندن تا ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواو دەکات، لەدوای شەهید کردنی حەسەن خاوێیی خاڵی کە لەگەڵ شەهید سیروان تاڵەبانی لە شەوی ٢٩/٢٨ی ١٩٧٩/٤ نزیک گوندی زێڕینجۆ، ئیتر قۆناغی خەباتی سیاسی ئەمیش دەستپێدەکات، دروست لە ١٩٧٩/٥/٤ لەڕێگەی جەلیل عەبدوڵلا غەفور پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبردووانە جێبەجێدەکات، لەماوەی کارکردنی لە ڕێکخستندا، سەرەڕای کۆکردنەوەی لایەنگرو ئەندام بۆ ریزەکانی ڕێکخستن، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دەرمان و چەک و پارەوە کۆمەکی هێزی پێشمەرگەش دەکات، ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ دەکرێت بە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی خوێندکاران، لەگەڵ هەردوو پۆلی شەهید ڕێباز و شەهید لەیلا قاسم، چالاکانە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ی شاری سلێمانی دەکەن، وەک ئەندامی کۆنفرانس، لەگەڵ هاوڕی عەبدولوەهاب ئەحمەد بەشداریی کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەکات لە مێرگەپان.

لە ١٩٨٤/٧/٣ لەڕێگەی ئاواتی شێخ جەنابەوە، کە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی بازیان بوو، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک دەبێت، لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداریی خولی مامۆستایانی شۆڕش دەکات لە سێوسێنان، دوای کۆتایی خولەکە دەبێت بە مامۆستا لە گوندی خاوێی قەرەداغ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

بەهۆی بۆردمانی گوندی خاوێ لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە بریندار دەبێت و گوێیەکی

لەدەست دەدات. لەپاڵ کاری مامۆستاییدا لە خاوێ چالاکی شانۆگەریش بەهاوکاری خوێندکاران و گەنجانی گوندەکەوە، دەتوانن چەند شانۆگەرییەکیش پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بکەن. لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١دا بەشدارییەکی بەرچاوی لە هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوک هەبووە، لە هەمان ساڵدا دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، لە ئێستادا ئەندامی لێژنەی باڵاو بەرپرسی لقی سلێمانی کۆمەڵەکەیە، لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەستەی باڵای ڕێکخستنە دێرینەکانە، ساڵی ٢٠١٨ وەک ڕێکخستنی دێرین مەدالیای ڕێزلێنانی پێبەخشراوە،ساڵی ٢٠٢٠ لە مەڵبەندی کەرکوک مەدالیای مامۆستایانی شۆڕشی نوێی وەرگرتووە، وەک ئەندامی کۆنگرە بەشداری کۆنگرەی دووی پێشمەرگە دێرینەکانی کردووە. ساڵی ١٩٩٧ بەفەرمی وەک مامۆستا دەست بەکاردەبێت.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستای شۆڕش واتە دروستکەری مرۆڤی شۆڕشگێڕ بۆ سەردەمی سەختی شاخ، واتە بەدەستێک قەڵەم و بەدەستەکەی تر چەک.

لە ئێستادا یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی عەلی بۆسکانی کە سەر بە پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانییە، خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە.

### * ئەحمەد حەسەن جەوهەر ئیبراهیم



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٠ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری شاری کفری چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەکفری تەواودەکات، دواتر خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵ لە کەرکوک تەواودەکات، ساڵی ١٩٨٠ لە کفری لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات.


ساڵی ١٩٨٣ دەچێتە ناوچەئازادکراوەکان لە سنووری کەرتی ٥ی تیپی ١٥ی گەرمیان، پاشان وەک مامۆستای شۆڕش دەکرێت بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی بەلەگەی گەورە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە هۆبەی کشتوکاڵی گەرمیان، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * ئەحمەد حسێن سالم

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی جولانەی عەربەت، لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، ئامادەیی پیشەسازی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، هەر بەهۆی ئەم بڕوانامەشیەوە بەشداری خولی مامۆستایانی شۆڕشی نوێی کردووە، ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی کورەی دووماڵە لە شارەزوور، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، بەداخەوە لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە بەرواری ١٩٨٨/٤/١٦ بەر ئەو شاڵاوە دەکەوێت و ئەنفال دەکرێت.

### * ئەحمەد عەبدولکەریم عارف



نووسەر و ڕێکخستنی دێرین، لە هەمان کاتدا مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی حەساری گەورەی شاری کەرکوک لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپـەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، پاشان لە سلێمانی پەیمانگای تەکنیکی تەواودەکات.

لە پایزی ١٩٧٥ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕێکخستنی مارکسی - لینینی کوردستانەوە، وەک ئەندامێکی کۆمەڵە لە سلێمانی و کەرکوک کاری ڕێکخستنی کردووە، ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگیرێت و حوکمی زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت، دواتر ساڵی ١٩٨٢ بەلێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت و بۆ چەند ڕۆژێک دەگەڕێتەوە کەرکوک، لە مانگی ئابی ١٩٨٢ دەگاتە ناوزەنگ و ناوەندی کۆمەڵە،دەکرێت بە لێپرسراوی ڕێکخستنی زیندانی ناوەندی، پاشان وەک کادرێکی ڕاگەیاندن لە ئیستگەی دەنگی شۆڕش بۆ ماوەی مانگێک لە باوزێ دەمێنێتەوە، دواتر دەکرێت بە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو، لە هەمان کاتدا وەک مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سەرگەڵوو کاردەکات و جار جارەش بەکاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەچووە هەڵەدن، دواتر دەچێتە سنووری تیپی٢١ی کەرکوک، لە بناری خاڵخاڵان دەمێنێتەوە، لەوکاتەدا کە قوتابخانەی گوندەکان دادەخرێت، بەهاوکاری مامۆستایان (محەمەد عەزیز فەتاح ) و (یوسف عەبدولکەریم) قوتابخانەی گوندی مۆرد خواردووی سەروو دەکەنەوە و درێژە بە پرۆسەی خوێندن دەدەن، لەم کارەی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان لە ناوچەکەدا دەهێنێت.

دوای ڕاپەڕین درێژە بەخوێندن دەدات و دەتوانێت بڕوانامەی دبلۆم لە ڕۆژنامەنووسی و بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن بەدەستبهێنێت.

لە ئێستادا خانەنشینی مەدەنییە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * ئەکرەم ئەحمەد ڕۆستەم محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئەکرەم، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی دوکـەرۆی ناوچەی قـەرەداغ، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش، خێزانێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی دوکانی قەرەداغ و ناوەندی و ئامادەیی وێژەیی لە سلێمانی تەواوکردووە.

لەتەمەنێکی زۆر گەنجیدا، لەڕێگەی مامۆستا ئەنوەر و فوئادی حاجی ئەنوەرەوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر بە وریایی و لەخۆبوردنەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٢ دەکرێت بە ئەندامی کۆمەڵە، دوای دابڕانی لە خوێندن وەک کادرێکی دێهاتی ئەرکی شانەی سەرەکی پێ دەسپێردرێت. ماوەیەکی زۆریش لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ بووە.

ساڵی ١٩٨٥ سەرەڕای کاری ڕێکخراوەیی بەدەم بانگەوازی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەچێت و بەشداری خولەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان دەکات، لەگەڵ مامۆستا محەمەد و مامۆستا جەوهەری هاوڕێیدا، دەکرێن بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دوکان، لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەی دوکەرۆ دەکاتەوە بۆ قوتابیانی گوندەکانی دوکەرۆ و قامیشان و کوڵەجۆ، لەکاری ڕێکخستن و مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

بەشداری چالاکانەی لە ڕاپەڕیندا کردووە، دواتر وەک کادری ڕێکخستن لە کۆمیتە دووی سلێمانی و کۆمیتەی قـەرەداغ کاری کـردووە، شوێن دەستی لەگەشەکردنی ڕێکخستنەکانی سنوورەکەیدا دیار بووە. لە ئێستادا فەرمانبەری میرییە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

### * ئومێد مەحمود محەمەد عەبدولکەریم




ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، لە بەرواری ١/١٥ /١٩٦٣ لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی ئاینی و نیشتمانپەروەر دێتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام دەگەیەنێت تا تەواوکردنی زانکۆ و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ڕێکخراوی سلێمانی، دوای تەواوکردنی خوێندن، ڕوو دەکاتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، دواتر پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، پاش تەواوکردنی خولی پێگەیاندنی مامۆستایان لە گوندی سێوسێنان، کە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش خولەکەیان کردبووەوە، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی گۆمەزەرد.

لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، لە قوتابخانەکەیدا ڕێگەی بە خەڵکانی گەورەش دابوو کە بەشداربن و فێری خوێندن و نووسین ببن.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * ئەمیر حەمە عەزیز حسێن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ١٩٦٠/٥/١١ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە خێزانێکی ماندوو نەناس و کۆڵنەدەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٢-١٩٨٣ پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر تەواودەکات،

بەهۆی بەشداریی خێزانەکەیان بەکاری سیاسییەوە،

هەمیشە لەژێر چاودێری سیخوڕەکانی ڕژێمدابوون، بۆ خۆدەربازکردن لە پیاوانی ڕژێم ناچاربوون بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن، لەم گەڕەکەوە بۆ گەڕەکێکیتر، دواتر دەستبەسەر خانووەکەیاندا دەگیرێ و خێزانەکەیان ڕەوانەی ناوچە ئازادکراوەکان دەکرێ.

دوای تەواوکردنی خوێندن، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری مەڵبەندی یەک، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ مەڵبەندی دوو/ کەرتی ڕێکخستنی دوکان-هەڵەدن، بەشداری شەڕەکانی دابان هەلاج و قەیوان ماوەتی کردووە، لە گوندی خێوەتەی ناوچەی دۆڵە ڕووت دەکەونە کەمینەوەو بریندار دەبێت.

پاش برینداربوونەکەی لە گوندی هەنارانی سەرووی ناوچەی دۆڵە رووت دەمێنێتەوە، لەوێوە دەستدەکات بەکاری مامۆستایی و تا ڕوخاندنی ئەو گوندە، وانە بە قوتابییەکان دەڵێتەوە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕوودەکەنە شاخی پیرەمەگرون، بۆماوەی چەند مانگێک لە ئەشکەوتەکانی ئەوناوەدا دەمێننەوە، پاشان بەهۆی سەختی ژیان و کەمبوونەوەی خۆراک، لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی بەنهێنی دەگەڕێنەوە ناو شاری سلێمانی و تا کاتی ڕاپەڕینەکە بەشاراوەیی لە شاردا دەمێنێتەوە و بەشداریی ڕاپەڕین دەکات.

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی و هەر لەو ماوەیەدا دەتوانێت بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی بەدەستبهێنێت، لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕش دەستەبژێرێکی شۆڕشگێڕ بوون، کە توانییان بەرپەرچی بڕیارە شۆفێنیەکانی ڕژێم بدەنەوە و درێژە بە پرۆسەی خوێندن بدەن.

لە ئێستادا مامۆستای قوتابخانەی قازی محەمەدە لەسلێمانی، خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵە.

## * بورهان ڕەئووف نەجمەدین عوسمان



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا بورهانی شێخ ڕەوفی کێلەبەرزە، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی کێلەبەرزەی ناحیەی سەنگاو - قەزای چەمچەماڵ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی لە گوندەکەی خۆیانەوە دەستپێکرد و بەردەوامی بە خوێندن دا، تا پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی بەسەرکەوتوویی تەواوکرد، ساڵی ١٩٨٢ لە سەنگاو پەیوەندی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ هەر لە گوندەکەی خۆیان دەبێت بە مامۆستا، شێخ ڕەئووفی باوکی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کردنەوەی قوتابخانەی گوندەکەیان، تەنانەت ڕێگەی داوە لە ماڵەکەیاندا وانە بوترێتەوە، هەر لەسەر خواستی باوکیشی دەبێت بە مامۆستا، دوای داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمەوە، بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی و خودی مام جەلال، هەموو ئەو مامۆستایانەی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدابوون، کران بە مامۆستا لە قوتابخانەکان، بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن، هەر زوو خولی پێگەیاندن بۆ مامۆستایان کرایەوە و لەلایەن شۆڕشەوە هەوڵدرا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان. مامۆستا مەلا ڕەحیمی مەلا ڕەشیدی سەرقەڵا سەرپەرشتیاری قوتابخانەکانی ناوچەکەی دەکرد، مامۆستا خەیروڵڵا مەجید تاڵەبانی کە یەکێک بوو لە مامۆستایانی شۆڕش، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا وەک هەزاران هاووڵاتی تری ناچەی گەرمیان ئەیش ئەنفال کرا.

بەم شێوەیە دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی بانی مۆرد، کە بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیانی لێبوو، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی تەواوی گوندەکانی گەرمیان.

لەدوای ڕاپەڕین، لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و نووسیندا خەریک دەبێت، لەو بوارەشدا چالاکی بەرچاوی هەیە و خاوەنی ژمارەیەکی باشی ڕاپۆرت و نووسینە.

لە ئێستادا خانەنشینە و بەردەوامە لە چالاکی سیاسی و نووسین، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

لە بیرەوەریەکانی سەردەمی مامۆستاییدا دەگێڕێتەوە: ڕۆژێک لەکاتی وانە وتنەوەم لە پۆلدا، فڕۆکەکەنی ڕژێم هاتنە سەر ناوچەکە و بۆردمانی گوندی بانی مۆردیانکرد، تەختە

ڕەشی پۆلەکە کەوتە خوارەوە، بۆ خۆ پارێزی مامۆستا و قوتابی هەموو ڕوومان کردە ئەو کونەتەیارەیەی نزیک قوتابخانەکە کە بەهاوکاری خەڵکی گوندەکە دروستکرابوو، (ساڵح حاجی محەمەد سلێمان) کە کارگوزار و پشتیوانی قوتابخانەکەمان بوو، بە خێزانەوە هەموویان ئەنفال کران.

### * بەکر فەتاح ڕەسوڵ فەتاح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناسراو بە مەلا بەکر، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی جاسەنەی ناحیەی سورداش- قەزای دوکان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە سورداش و ناوەندی لە دوکان تەواوکردووە، پاشان چووەتە سلێمانی خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ( ١٩٨٢-١٩٨٣) لە سلێمانی تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی شەهید ڕەسوڵ حەمە زێڕەوە پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە، لە مانگی ١٠ی ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، سەرەتا کراوە بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی تیمار، دوای ساڵێک دەچێتە تیپی مەڵبەندی دوو، دواتر دەکرێت بەکادری ڕێکخستن لە ناوچەی ٢١ی دوکان، دواتر دەکرێت بەلێپرسراوی ڕێکخستن لە تیپەکانی (٢٣ی سورداش، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٤٣ی ئاسۆس، ٦٨ی مامەندە، ٤٤ی چەکوچ و ٤٩ی سارا)، پێش ڕاپەڕین لەمەکتەب ڕێکخستن کاردەکات، دوای هاتنە خوارەوە وەک کادری ڕێکخستنی سنوری دوکان، لەگەڵ بەتالیۆنی ٥١ی چەمی ڕێزان کاری کردووە، دوای ڕاپەڕین، دەکرێت بە ئەندامی بەرەی کوردستانی لە پیرەمەگرون.

لەکاری حیزبی و ڕێکخستن بەردەوام دەبێت تا دەکرێت بە ڕابەر سیاسی لەشکری دوو لە فەرماندەیی تایبەت، ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (ئالان)ی بنەڕەتی و جێگری نووسینگەی سلێمانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە .

### * بەهادین جەلال عەبدوڵڵا محەمەد



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە شالاّو، لە ۱۹٦٥/۱۲/۱ لە شاری کەرکوک، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوکردووە، لە پایزی ۱۹۸۱ پەیوەندی بە کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە پێنجوێن، دواتر لە کەرتی ڕێکخستنی شەهید دلێر درێژە بە کاری ڕێکخستن دەدات.

ساڵی ۱۹۸٦ بە هاوکاری مامۆستا عەبدوڕەحمان و مامۆستا سەلام قوتابخانەی گوندی (ئەندۆنە/ عەندۆنە) دەکەنەوە، بە هاوکاری کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش و خەڵکی گوندەکە، درێژە بە کاری مامۆستایی دەدەن تا شالاّوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات و کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دەهێنێت.

لەکاتی مامۆستایی و وانە وتنەوەدا لە گوندی سێگردکان، گوندەکە لەلایەن فڕۆکەکانی دوژمنەوە دەدرێتە بەر ناپاڵم، لەو کاتەدا کە لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی لە پەناگایەک خۆیان حەشاردابوو، لە پەناگاکە دێتە دەرەوە و بە چەکی ژێسێ تەقە لە فڕۆکەکە دەکات و دەیپێکێت، دواتر لە دەنگی گەلی کوردستانەوە وەک چالاکی تیپی ۱۲ی کەرکوک دەخوێنرێتەوە.

لە ئێستادا کادرە لە مەکتەبی کۆمەلاّیەتی، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## * بەهادین ئەحمەد محەمەد




پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا بەهادین، ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەكی چوارباخی شاری سلێمانی، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەنیی و ئامادەیی پیشەسازی لە شاری سلێمانی تەواوكردوە، دواتر لە پەیمانگای تەكنیكی كەركوك وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی چالاكی ڕێكخستنەوە ناتوانێت پەیمانگا تەواو بكات.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە، ساڵی ١٩٨٣ دەچێتە ناوچە ئازادكراوەكان و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لە ناوچەی قەرەداغ لە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە، بەشداری چالاكی هێزەكانی پێشمەرگە دەكات لە گرتنی شارۆچكەی قەرەداغ و چالاكیەكانی سنووری شارەزوور.

دوای داخستنی قوتابخانەكانی ناوچە ئازادكراوەكان لەلەیەن ڕژێمی عێراقەوە، لەسەر داوای شۆڕش پەیوەندی بە كۆمەڵەی مامۆستانی شۆڕشەوە دەكات و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی فەقیرە، لە كاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێكی شاڵاوی دوو بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەشداری بەرگریكردن لە شاڵاوەكە دەكات، دواتر بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، بەڵام لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیردەكرێت، پاشان بەلێبوردنی گشتی ئازاد دەكرێت، بەشداری ڕاپەڕین دەكات، دوای ڕاپەڕین لە كۆمیتەی كاسبكاران درێژە بەكاری ڕێكخستن دەدات.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، خێزاندارە.

## * پێشڕەو ڕەسوڵ ئیسماعیل عەبدوڵڵا



ماموستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە ماموستا پێشڕەو، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر و خەباتگێڕ هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی زۆر سەرکەوتووانە تەواوکردووە، تەنانەت توانیویتی بڕوانامەی ماستەریش بەدەستبهێنێت.

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینیەوە کردووە، کە دواتر بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ناوزەنگ و ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دوکان بووە، دواتر لە پەیوەندیەکانی یەکێتیی-ئێران کاری کردووە، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ماموستایانی کوردستان بووە، ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، کە ئەوکات پێکهاتبوو لەم ماموستا بەڕێزانە:

١- ماموستا عەبدوڕەحمان محەمەد ئیسماعیل.
٢- ماموستا پێشڕەو ڕەسوڵ ئیسماعیل.
٣- ماموستا خەسرەو بادینی.
٤- ماموستا عەدنان حسێن هەولێری.
٥- ماموستا سالار تاهیر حەوێزی.
٦- ماموستا سەیفەدین.
٧- ماموستا سەید خەلیل گەرمیانی.

دوای ئەوەی ڕژێمی فاشی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٥ قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکانی داخست، سکرتاریرتی یەکێتیی ماموستایانی شۆڕش سەردانی هەڤاڵ مام جەلال دەکەن، بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆ کردن لەسە ئەو هەلومەرجەی بۆ قوتابخانەکان و قوتابیانی ناوچە ئازادکراوەکان دروستبوو بوو، هەڤاڵ مام جەلال ڕێنماییان دەکات، کە قوتابخانە و کەرەسەکانی ناوی بپارێزن و هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەکان بدەن، داوا لە هێزی پێشمەرگەش دەکات کە هاوکارییان بکەن و ئەو پێشمەرگانەی خاوەنی بڕوانامەن، پەیوەندی بە کۆمەڵەی ماموستایانی شۆڕشەوە بکەن، وە بڕیاردەدات کە بۆ هەر

مامۆستایەک بڕی (٥٣) دینار یارمەتی بۆ ببڕێتەوە، لەهەمان کاتدا هەڤاڵ مام جەلال داوای لە سکرتاریەتی مامۆستایان کرد، کە ئامارێکی دروستی بدەنێ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی (موختار عەمبۆ)وە کە لێپرسراوی یۆنسکۆ بوو لەوکاتەدا هاوکاری بکرێن.

بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کورتا ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستا لەدەوری کۆمەڵەکە کۆبوویەوە و دەرگای قوتابخانەکان لە ڕووی قوتابیەکاندا کرایەوە، ئەوەی شایەنی باسە، گوندنشین و ئەنجومەنی گوندەکان، هاوکارییەکی باشی مامۆستایان بوون. بەم شێوەیە پرۆسەی خوێندن بەردەوام بوو تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

ئەم مامۆستایە، لە ئێستادا خانەنشینە و لە هەندەران دەژی، خێزانداره و خاوەنی سێ منداڵە.

ووتەی مامۆستا پێشڕەو بۆ مامۆستایانی شۆڕش:

## چەردەیەک لە مێژوو خەباتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

### «لەدووری یەک مەتر لە مامۆستا بووەستە، نەوەک پێ بنێیت بە سێبەرەکەیدا»

وتەیەکی ژاپۆنیەکان

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ساڵی(١٩٦٢ز) لەئەنجامی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی خۆی لەشارۆچکەی شەقلاوا دامەزرا، ئەم یەکێتییە بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشانی خۆی لە پشتگیری کردنی شۆڕشی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان، کە لە ساڵی (١٩٦١) دەستی پێکردوو ناسرا بەشۆڕشی ئەیلول، سەرەڕای ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی کە خزمەتکردنی جەماوەری مامۆستایانی کوردستان بوو لە سەرتاسەری کوردستاندا، بەداخەوە لەگەڵ نسکۆ و ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول لە ئازاری ساڵی (١٩٧٥)دا سەرجەم رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانیش بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیشەوە هەڵوەشایەوە.

لەدوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتیی

نیشتیمانیی کوردستان لەحوزەیرانی ساڵی (١٩٧٦)دا لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەوکاتەوە، هەوڵی بووژاندنەوە و دروستکردنەوەی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان درا، لەپێشی هەموو ڕێکخراوەکانیشەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان سەرلەنوێ دروست کرانەوە، لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و بەهاوکاری کۆمەڵێك مامۆستای دڵسۆزو لەخۆبووردوو لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و بادینان و شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەستبەکار بووەوەو بەدەیان و بەسەدان مامۆستای دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر لەدەوری یەکێتییەکە لەشارەکاندا کۆبوونەوە.

لەدەوروبەری ساڵی (١٩٨١) دا لە لایەن کۆمەڵێك لە مامۆستایانی شار و شاخ بە هاوکاریی هەردوولا هەوڵی دروستکردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان درا لەشاخ، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨١))دا لە نێوزەنگ کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ سەرجەم مامۆستایانی پێشمەرگە ڕێکخرا، هەر ئەو کۆبوونەوەیە کرا بە کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ، کۆنفرانسی دووەم لەساڵی (١٩٨٢) لە بالیسان بەسترا بەئامادەبوونی مامۆستایانی شار و شاخ، دوای گفتوگۆ و موناقەشەیەکی تێروتەسەل، پەیڕەو و بەرنامەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان داڕێژراو دەرگای خۆکاندید کردن بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە لە مامۆستایانی شار و شاخ کرایەوە، لەئەنجامدا ئەم بەڕێزانە بوونە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردن ( سەیفەدین عەلی، عوسمان دەشتی، خەسرەو بادینی، عەبدولڕەحمان محمد ئیسماعیل، عەدنان هەولێری، یوسف دەرگەڵەیی، محەمەد مەلاحسێن، عەبدولقادر مەلا عومەر) چەند مامۆستایەکی تریش وەکو یەدەك.

کۆنفرانسی سێیەم لە هاوینی ساڵی (١٩٨٥) لە سماقوڵی بەسترا بە ئامادەبوونی مامۆستایانی شارو شاخ ، هەندێك گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامدا کرا و ڕاپۆرتی گشتی خوێندرایەوە و دەنگی لەسەر درا، خۆکاندید کردن بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن دەستی پێکرد و لەکەشوهەوایەکی ئازاد و سەربەخۆدا ئەم مامۆستایانە بوونە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی نوێ بۆ یەکێتییەکە (عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل، پێشڕەو ئیسماعیل، سالار تاهیر ئەحمەد، سەیید خەلیل گەرمیانی، شەهید یوسف دەرگەڵەیی بۆ

ناو شاری هەولێر، شەهید عەبدولقادری مەلا عومەر بۆ ناو شاری کەرکوك، خوالێخۆشبوو محەمەد مەلاحسێن بۆ ناو شاری سلێمانی، خەسرەو بادینی بۆ ناوچەکانی بادینان).

شایانی باسە شەهیدی سەرکردە مامۆستا (جەمال تاهیر) رۆڵی بەرچاوو گەورەی هەبوو لە دروستکردنەوەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و بەستن و سەرخستنی کۆنفرانسەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ.

لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکەدا بەزۆرینەی دەنگ مامۆستا (عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل) هەڵبژێردرا بە سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و هەریەکە لە مامۆستایان (پێشڕەو ئیسماعیل و خەسرەو بادینی و سالار تاهیر ئەحمەد) بوونە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکاندا لیژنەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دروستکراو دەستبەکار بوون، ساڵی (١٩٨٥) رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لەبڕیارێکی شۆڤێنیانە و کۆنەپەرستانەدا هەموو قوتابخانەکانی ناوچە رزگارکراوەکانی داخست، سەروەرییەکی گەورەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەوە بوو، کە نەیهێشت دەرگای قوتابخانەکان دابخرێ و منداڵانی کورد بێبەش نەبن لە پرۆسەی پـەروەردە و فێرکردن، سەرجەم قوتابخانەکان کرانەوە و مامۆستایانی شۆڕش بوونە پێشمەرگەی سەنگەری پەروەردە و فێرکردن، ئەم. پرۆسەیە بەردەوام بوو تا دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالە بەدناوەکان.
زۆرباش بیرم دێ کە وەکو مەکتەبی سکرتاریەت چووینە لای گەشمردە بەڕێز (مام جەلال) و پێمان راگەیاند کە رژێم بڕیارێکی لەوشێوەیەی داوە و قوتابخانەکانی بەسەرەتایی و ناوەندییەوە داخستووە، وتی ئەی ئێوە وەکو یەکێتیی مامۆستایان بەرنامەتان چییە و بەتەمای چین، وتمان ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین ئەو بڕیارەی رژێمی عێراق شکست پێبهێنین و دەرگای قوتابخانەکان بکەینەوە و درێژە بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بدەین، بەڵام دوو داواکاریمان لە بەڕێزتان هەیە، وتی من هەموو هاوکاریەکتان ئەکەم، داواکاریەکانتان بڵێن، وتمان یەکەم بروسکەیەك بکەیت بۆ سەرجەم مەڵبەند و تیپەکانی هێزی پێشمەرگە کە هاوکاریمان بکەن بە چۆڵکردنی بینای خوێندنگاکان کە هەندێکیان ببوونە بارەگای پێشمەرگە. دووەمیش پێویستمان بە یارمەتییەکی مانگانە هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە وانەکان دەڵێنەوە، هەردوو داواکاریەکەی جێبەجێ کرد و وتی منیش

داوایەکم لە ئێوە هەیە کە سەرژمێرییەکم بۆ بکەن چەند قوتابخانە داخراوە، چەند مناڵ بەهەردوو رەگەزەکەوە بێبەش دەبن لە خوێندن لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکاندا، ئەو سەرژمێریەی ئێوە ئەنێرم بۆ (یۆنسکۆ) رێکخراوی زانست و زانیاری سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وتی (موختار عەمبۆ) بەڕێوەبەری یۆنسکۆیە و برادەرمە، بەمە دەیسەلمێنین کە رژێمی عێراق نەك هەر شۆڤێنی و کۆنەپەرستە، نەك هەر دژی ئینسانی کوردە، بەڵکو دژی خوێندەواری و رۆشنبیری ومندالآنیشە.

لەدوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ش یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە هەوڵ و خەباتی پیشەییانە و دیموکراتییانەی خۆی بەردەوام بوو، تا ساڵی (١٩٩٢) کە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بوو بە جیاوازی بیروڕای سیاسی و حزبی و ئێستاش ئەم کاروانە بەردەوامە.

لەکۆتاییدا حەز دەکەم بە وتەیەکی شاعیری شۆڕشگێڕی ڤێتنامی دەربارەی رۆڵی مامۆستا، کۆتایی بە نووسینەکەم بهێنم کە دەڵێت: «مامۆستاش تێکۆشەرێکە لە سەنگەری یەکەمی خەباتدایە و خەمی میللەتەکەی بەکۆڵەوەیە».

**پێشمەرگەی دێرین**

**د. پێشڕەو ئیسماعیل**

**لەندەن.**

## * تالیب حەمە عەزیز ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا تالیب سێوسێنانی، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی سێوسێنانی ناوچەی قــەرەداغ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش، خێزانێکی

کوردپەروەر و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی سێوسێنان و ناوەندی لە قــەردەداغ تەواوکردووە، دواتر لە سلێمانی قۆناغی ئامادەیی تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٩ کاتێک لەقۆناغی ئامادەیی دەیخوێند، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، سەرەتا وەک ئەنجومەن و کادری ڕێکخستن و بواری کۆمەڵایەتی لە سنوری سێوسێنان کاری کردووە، زۆر بەدڵسۆزی و لەخۆبڕاوانە پەیامی شۆڕش و خەباتی بڵاوکردووەتەوە، لەهەمان کاتدا بەهۆی توانای نووسینی پەخشان و هۆنراوەوە، زۆر بابەتی ئەدەبی و شانۆیی پێشکەش بە هاووڵاتیان و هێزی پێشمەرگە کردووە.

دوای ئەوەی کە ڕژێم بڕیاری داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان دەدات، وەک کادرێکی تێکۆشەر و لەسەر داوای شۆڕش دەبێت بە مامۆستا لەم گوندەانەی سنوری قەرەداغ (سێوسێنان، ئەستێڵی سەروو، گۆشان)، لە هەمان کاتدا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەدا دەبن، لە خەبات و کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، لە کیمیا بارانی سێوسێناندا شەش لە قوتابیەکانی بەر ئەو کیمیایی بارانەی گوندی سێوسێنان دەکەون و شەهید دەبن، کە ئەمەش ناوەکانیانە (زمناکۆ مەهدی هادی، هیدایەت مەهدی هادی، بێستون مەهدی هادی، پەیمان عوبێد، هێمن حەسەن ئەحمەد، هەردی حەسەن ئەحمەد ).

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن و چالاکیی ڕێکخراوەیی، ماوەیەک نوێنەری کەسوکاری تــەواوی ئەنفالکراوەکانی قــەرەداغ بووە و ئاماری ئەنفالکراوەکانی کردووە، دواتر دەگەڕێتەوە گوندەکەیان و بەفەرمی لەلایەن حکومەتی

هەرێمەوە دەبێت بە مامۆستای قوتابخانەی سێوسێنان.

لە ئێستادا خانەنشینە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان لەگەڵ خاتوو ئەسمەر فەهمی خێزان پێکدەهێنێت، بەرهەمی ئەو خێزانە شەش منداڵە، کە دیارترینیان ڕاگەیاندنکار (ژوان تالیب)ە، بەداخەوە ئەسمەرخانی خێزانی لەم ساڵانەی دوایدا، بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات.

ئەمەش نموونەیەک لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی:

ئەنفال ...

پێوانە/

چ ئامێرێ یان پێوەرێ،
بزانرێ بەرزی باڵای ..!
یان کام دادوەر،
لەدادگای شاری لاهای
تێبگا ئازار و سکاڵای ؟

کێشانە/

بە چ ئامێر، یاخود سەنگێ
پێم بڵێ قورسایی چەنە ..؟
زۆر پرسیارێ بێ وەڵام بوو ..!
لەناکاوا شێتێ وتی:
وەک کۆمەڵ کوژیەکەی ئەرمەنە ..


****

لە وەسفی بەهاری قەرەداغدا دەڵێت:

مانگی نێرگز و گوڵە بەیبوونە

سەرتاپای باڵای زەردیاوا شینە
سیمای هەمەڕەنگ، فەرشی کاشانە
هەشتاو چوار گوڵی دێرین و جوانە
چیای سەگەرمە .. زنجیرەی شاخی
زەردەو تەکێکان، بەرزە دەماخی

*** جەمال نەسرەدین ڕەسوڵ**



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٣ لە خێزانێکی جووتیار و زەحەتکێشی گوندی گومەتەی ناوچەی قەرەداغ، چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، دەچێتە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان و لە ساڵی خوێندنی (١٩٨١-١٩٨٢) ئەو قۆناغەش تەواودەکات و دەبێت بە مامۆستا و لە گوندی بەڵخەی قەرەداغ دادەمەزرێت، دوای بانگکردنەوەی بۆ سەربازی، ریزەکانی سوپای عێراق بەجێدەهێڵێت و دەگەڕیتەوە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ بەدەم بانگەوازی شۆڕشەوە دەچێت بۆ کردنەوەی قوتابخانە داخراوەکان، بەوشێوەیە پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی بەڵخەی قەرەداغ و پاشان لە قوتابخانەی گوندی مەسۆیی هەر لەو سنوورەدا درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی ناوچەکەیان.

لە ئێستادا مامۆستای فەرمییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

## * جەمال مەحمود حەمە ساڵح ئەمین



ماموستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا جەمال، لە ١٩٦٦/٩/١ لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، بەڵام بەهۆی داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمەوە، دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی شەمەی بناری شارەزوور، کە تیپی ٥٥ی قەرەداغ سەرپەرشتی دەکرد، تا دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام بوو لە کاری مامۆستایی، لەپاڵ کاری مامۆستایشدا وەک هێزی پشتیوانی هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووە.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستای شۆڕش ئەو تێکۆشەرەیە کە بە قەڵەم و بە چەک خەبات دەکات و هاوشانی پێشمەرگە بێ سڵکردنەوە خزمەتی گەلەکەی کردووە.

خێزاندارەو خاوەنی شەش منداڵە، لە ئێستادا سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیەتی.

## * جەمال محەمەد ڕەحیم كەریم



مامۆستای شۆڕش و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا جەمال، لە ١٩٦٦/٧/١ گوندە جوان و قەشەنگەكەی خاوێی ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێكی تێكۆشەر و كوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەكەی خۆیان تەواوكردووە، خوێندنی ناوەندی لە بەكرەجۆ و پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی لە شاری سلێمانی، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ تەواوكردووە، بەهۆی ئەوەی دوو برای (كەمال خاوێی و شەهید جەلال خاوێی) لە سەرەتای هەشتاكانەوە پێشمەرگە بوون لە ڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستاندا، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی كردووە بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە، لە ڕێكخراوی سلێمانی كەرتی خوێندكاران، ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە كەرتی ڕێكخستنی بازیان، پاشان دەكرێت بە لێپرسراوی شانەی ڕێكخستنی شەهید (ڕەزا خاوێی) لەدوای داخستنی قوتابخانەكانی ناوچە ئازادكراوەكان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە، وەك مامۆستایەكی شۆڕش لە گوندی خاوێ لەگەڵ چەند مامۆستای هاوڕێیدا دەستیكرد بە وانە وتنەوە، لەپاڵ كاری وانە وتنەوەدا لە قوتابخانەكەیاندا چەندین چالاكی هونەری شۆڕشگێڕییان ئەنجامداوە، لە كاری شانۆیی و پێشانگای وێنەیی، لە ئەنجامدانی كارە هونەریەكانیاندا شەهید حەمەڕەش هاوكارێكی باشیان بووە، تەنانەت لە نمایشی شانۆگەرییەكدا بەناوی (چاوەڕوانی) فەرهاد سەنگاوی كە ئامادەی بینینی شانۆگەرییەكە دەبێت سەعاتەكەی دەستی خۆی پێشكەش بەو كوڕە شەهیدە دەكات، كە ڕۆڵی سەرەكی لە شانۆگەریەكەدا هەبوو، لەكاتی شاڵاوەكانی ئەنفالدا، لەگەڵ ئەو هێزەی كەمال خاوێیی سەرپەرشتی دەكرد، لە پشتی خاوێ و دیوی سەنگاوەوە، بەشداری بەرپەرچدانەوەی هێزەكانی ڕژێمی كردووە.

لەدوای شاڵاوەكانی ئەنفال، ماوەیەك بەنهینی لەقەرەداغ دەمێنێتەوە، پاشان بەنهێنی لە بەكرەجۆوە دێتەوە ناو شاری سلێمانی، بەڵام لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیر

دەکرێت، پاشان بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ۱۹۹۱ بەشدارییەکی چالاکانەی دەبێت لە ڕزگارکردنی سلێمانی و کەرکوک دا، پەیوەندی بە بەتالیۆنی حەوتەوە دەکات و لەسەروبەندی کۆڕەوەکەدا بەشداریی شەڕی ئەزمڕ دەکات.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە.


## * جەزا عەزیز سەعید عەزیز

ماموٚستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ۱۹٦۲ لە گوندی دێلێژەی ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، توانیوێتی خوێندنی ئامادەیی پیشەسازی بەشی ئەلکترۆنیک تەواوبکات، خێزانەکەیان لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە لە ساڵی ۱۹٦۹ ڕوودەکاتە شاری کەرکوک، بەڵام ساڵی ۱۹۷۷ لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە لە کەرکەک دەردەکرێن، بەناچاری ڕوودەکەنە شاری چەمچەماڵ و بەنەهامەتی درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدەن. ساڵی ۱۹۸۲ پەیوەندنی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ۱۹۸۵ لە زێدی خۆی لە گوندی دێلێژە دەبێت بە ماموٚستای شۆڕش، لە سنووری تیپی ۵۷ی سەگرمە، لە کاری ماموٚستایی بەردەوام دەبێت، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان.

دوای ڕاپەڕین، بـەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستن لە کۆمیتە و مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دواتر لەسەر داوای مەکتەب ڕێکخستن، دەکرێت بە لێپرساوی بەدالەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی، بەهۆی هەڵوێستی کوردانەیانەوە خێزانەکەیان ڕووبەڕووی زۆر نەهامەتی و دەردی سەری بووەتەوە لەلایەن ڕژێمەوە.

لە ئێستادا فەرمانبەری میرییە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * جەزا ڕەزا مەحمود



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی دەرەویانی خواروو/ ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندیی لە قەرەداغ تەواودەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن ، دەچێتە شاری سلێمانی و ئامادەیی پیشەسازی تەواودەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە ناوچەی قەرەداغ و درێژە بەژیانی ئاسایی خۆی دەدات، لەهەمان کاتدا هاوکار و یاریدەدەری هێزی پێشمەرگە دەبێت، ساڵی ١٩٨٤ بەشداری خولی مامۆستایانی شۆڕش دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی دەرەویانی سەروو/ دەرەویانی خواروو، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفالی دوو بۆ سنوورەکەیان و خاپورکردنی گوندەکانیان.ساڵی ١٩٩٦ بە فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە مامۆستا دادەمەزرێت.

لە ئێستادا بەردەوامە لە خزمەتی مامۆستایی لە قوتابخانەی (قەندیل)ی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * جەلال حەمە ساڵح حەمە ئەمین



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا جەلالی حاجی ساڵح، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کانی هەمزەی بناری بەرانان/ سەر بەناحیەی تانجەرۆ، لە خێزانێکی جووتیار و ماندوونەناس چاوی بەژیان هەڵهێناوە، قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواودەکات، قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی لە عەربەت و سلێمانی (١٩٨٢- ١٩٨٣) تەواودەکات.

ساڵی ١٩٨١ لەڕێگەی شەهید سەعید سێتەلانی وشەهید دکتۆر چیاوە، پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، پاشان دەکرێت بە ئەنجومەنی گوندەکەی خۆیان بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری پێشمەرگە و گوندەکەیان، ساڵی ١٩٨٥ هەر بە تفەنگی خۆیەوە دەبێت بە پێشمرگەی هێزی پشتگیری لە کەرتی ٥ی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، کە شەهید عەبدوڵڵا ڕەباتی فەرماندەی کەرتەکە بوو، بەشداریی چالاکی پێشمەرگەی سنوورەکەی کردووە.

لەگەڵ بەردەوامی و بەشداریی لە چالاکی پێشمەرگایەتیدا، لە ساڵی ١٩٨٥ تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال، دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندەکانی زەلەڕەش و کانی هەنجیر، لە کاری مامۆستایی و هێزی پشتیوانی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت.

ساڵی ١٩٩٦ بەفەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی (شیرین) لە ئۆردوگای نەسر، دواتر دەگوازرێتەوە بە هەڵەبجەی تازە و بەکرێت بە بەڕیوەبەری قوتابخانە و تا ئەمڕۆ بەردەوامە لە کارەکەیدا، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * جەوهەر ئەحمەد ساڵح عەبدوڕەحمان



ناسراو بە مامۆستا جەوهەری عیلاقات، لە ١٩٦٤/١١/٨ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە ئامێزی خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، تەمەنی یەک ساڵان بوو، باوکی بە وەزیفە دەگوازرێتەوە بۆ شاری دیوانیە، بەوشێوەیە هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاوارەی باشووری عێراق دەبن، دوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ گەڕاونەتەوە شاری سلێمانی، قۆناغەکانی خوێندن تا وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵ تەواودەکات، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی بوون بە پێشمەرگەی باوکیەوە، ژیانی دەربەدەری شاخ و ئاوارەیی هەڵدەبژێرن.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر ڕوودەکاتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، سەرەتا دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی دوکانی قەرەداغ، بەهۆی دڵسۆزی و بە توانایی خۆیەوە دەکرێت بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قوتابخانەکانی قەرەداغ.

سەرەڕای کاری مامۆستایی ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکان دەبێت و بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی لە سنورەکەی خۆیدا کردووە، بەم شێوەیە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، دواتر ڕوودەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە عیلاقاتی یەکێتی لە وڵاتی ئێران دەستبەکار دەبێت تا ڕۆژانی ڕاپەڕین.

چەند ساڵێک دوای ڕاپەڕین بواری بۆ دەڕەخسێت و درێژە بەخوایندن دەدات، دەتوانێت بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسیەکان بەدەستبهێنێت، بەداخەوە لە ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ بە هۆی نەخۆشیەوە دلە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت، هاوسەر و هەردوو منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێدەهێڵێت.

### * جیهاد ئەحمەد قادر ئەحمەد

ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٩ لە شاری حلە لەدایک بووە، بەهۆی ئەوەی باوکی چالاکی سیاسی هەبووە، هەر زوو لە زێدی خۆیان لە شاری کەرکوک دەردەکرێن و ڕەوانەی شاری حلە دەکرێن، خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧١ دەگەڕێنەوە سلێمانی و درێژە بەخوێندن دەدات تا تەواوکردنی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨١ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری سورداش، لە گوندی شۆرناخ نیشتەجێ دەبێت، ساڵی ١٩٨٣ وەک هێزی بەرگری خۆی ناونووس دەکات، بەشداری چالاکی پێشمەرگانە دەبێت لە سنووری سورداش و چەمی ڕێزان، دواتر لەڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی شۆڕناخ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا بەکاری تایبەتییەوە سەرقاڵە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * حەمە ئەمین محەممەد مارف



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نـوێ، ناسراو بە دکتۆر ئەمین، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی ماندوو نەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە،قۆناغەکانی خویندنی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و توانیوێتی بڕوانامەی دبلۆم لە تەندروستیدا بەدەستبهێنێت. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە کەرتی ٤ی ڕێکخستنی تانجەرۆ، سەرۆکی شانەکەیان (حەمە ڕەزای مام برایم) بووە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی ١ی تیپی ٥٧ی سەگرمە، لە پێشمەرگایەتیدا وەک کادری پزیشکی کاریکردووە، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی سنوورەکەی کردووە، لە گرتنی ناحیەی سەنگاو و گرتنی شارۆچکەی

قەرەداغ و ئازادکردنی زنجیرە چیای دارەڕەش و چەند نەبەردیەکی تردا بەشداربووە.

ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش، دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی تەنگی سەری ناوچەی قەرەداغ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیانی ناوچەکە دەهێنێت.

دوای ڕاپەڕین بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخراوەیی و کاری حیزبی لە دەستەی هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * حسێن عەلی تۆفیق



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە شەماڵی مریەم بەگ، ساڵی ١٩٦٢ لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەری شاری سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە، پاش تەواوکردنی خوێندن، پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکات لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە، هەر لەو سنوورە لە گوندی دیلێژە دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ گوندەکانی مریەم بەگ و هەڵەدەرە و چەولک و فیکەدەرە، بەشداری کردنەوەی خولی تایبەت بە فێرکردنی چۆنێتی وانەوتنەوە کردووە، بۆ ئەو بەرێزانەی کە دەرچووی خانەی مامۆستایان نەبوون.

بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی، تا دەسپێکی شاڵاوی ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداغ، دواتر لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی بەغداد دەکرێت، دوو ساڵ لە زیندا دەمێنێتەوە تا بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت.

لەدوای راپەڕین وەک ئەندام کۆمیتە لە کۆمیتەی چوار کاریکردووە، ساڵی ١٩٩٦ دەچێتە هەندەران، تا ئەم بەروارە لە هەندەران دەژی، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

## حسێن بەهادین ڕەسوڵ



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ۱۹٦۳ لە خانەوادەیەکی جووتیار و زەحمەتکێشی گوندی گومەتەی ناوچەی قەرەداغ هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی سێوسێنان و ناوەندی لە شارۆچکەی دەربەندیخان تەواوکردووە، ساڵی ۱۹۸۳ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی تەواودەکات.

ساڵی ۱۹۸٤ دەگەڕێتەوە ناوچەی قەرەداغ و پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مەسۆیی، لە کاری مامۆستاییدا بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی دووی ئەنفال بۆ ناوچەی قەرەداغ، دوای ئەنفال دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی، بەڵام لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت، دواتر بە لێبووردنی گشتی ئازاد دەکرێت.

بەداخەوە ئەم مامۆستا دڵسۆزە بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات و هاوسەر و هەرسێ منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

## ❊ حسێن محەمەد ئەمین ئەحمەد



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ۱۹٦۲ لە گوندی دەلوجەی ناوچەی قەرەداغ هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی شێخ مستەفا و ناوەندی لە قەرەداغ تەواوکردووە، پاشان خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی لە ساڵی ۱۹۸۱ تەواودەکات.

لە ۱۹۷۹/۱۱/۱٥ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە پۆلی شەهید فەرهاد لە ڕێکخراوی سلێمانی، دواتر لە پۆلی ڕێکخستنی قەرەداغ/ کەرتی ڕێکخستنی دەربەندیخان، لە سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ درێژە بەچالاکی ڕێکخراوەیی دەدات، ساڵی ۱۹۸۳ لە سێوسێنان، بەشداری کۆنفرانسی ناوچەیی کۆمەڵەی کردووە، دواتر لە ساڵی

١٩٨٥ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دەلوجە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوی دووی ئەنفال بۆسەر ناوچەی قەرەداغ و خاپورکردنی تەواوی گوندەکانی ناوچەکە.

لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی کردووە بەو مەفرەزەیەی چیای فەقیرە کە مەلا ئەحمەدی دسکەرە سەرپەرشتی دەکرد، بەشداری چالاکانەی لەڕاپەڕیندا هەبووە، دوای ڕاپەڕین وەک کارگێڕی کەرت لە کۆمیتەی قەرەداغ درێژەی بە خەبات داوە، دواتر دەکرێت بە ئەندام کۆمیتەی قەرەداغ، پلەکانی ڕێکخراوەیی دەبڕێت و پلەی بۆ ئەندام مەڵبەند و کارگێڕ مەڵبەند بەرزدەکرێتەوە، ساڵی ٢٠١٦ دەکرێت بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی، بەشداری لە زۆر خولی جۆربەجۆردا کردووە، بەشداری شەڕی دژ بە ڕێکخراوی ترۆرستی داعش لە سنووری قەرەتەپە کردووە.

لە ئێستادا وەک جێگری مەڵبەندی ١ی سلێمانی بەردەوامە لەکاری ڕێکخراوایی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * حەسەن خدر رسو



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە پشدەر لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، خێزانەکەیان ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت، ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێنەوە کورستان و دەخرێتە بەر خوێندن، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٩ لە دۆڵە کۆکە پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکات، لەپاڵ خەباتی پێشمەرگایەتیدا پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستا شۆڕشەوە دەکات، لە قوتابخانەی گوندەکانی بێدەڵان و دۆڵە کۆکە وانەی وتووەتەوە و درێژەی بە خەبات داوە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام بووە تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، دوای ئەنفال لە ناوچەکانی بێدەڵان، دۆڵەتوو، زێوەکە و سۆسنە ماوەتەوە، بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

لە ئێستادا پاسەوانی سنوورە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * خەسرەو کاکی حەمەساڵح عەبدوڕەحمان



مامۆستای شۆڕشی نـوێ، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی باڕۆیی ناحیەی بازیان، لە خێزانێکی جووتیاری کۆڵنەدەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گەندەکەی خۆیان تەواو دەکات، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی، پاشان لە پەیمانگای تەکنەلۆجیای نەجەف وەردەگیرێت، بەڵام نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لەگەڵ بڕیاردانی شۆڕش بە کردنەوەی قوتابخانەکان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا (کەریم حەمەد فەتاح، یاسین سەعید ئەحمەد) بەدەم بانگەوازەکەوە دەچن و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی باڕۆیی بازیان، تا شالاّوەکانی ئەنفال درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، لەکاتی هێرش و پەلامارەکانی ڕژێمدا سەرەڕای کاری مامۆستایی وەک هێزی پشتیوانی هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد، لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: ئەو توێژە شۆڕشگێڕە بوون کە بەدەستێک تفەنگ و بەدەستەکەی تر قەڵەمیان هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا ڕژێمی بەعسی فاشی دەرگای قوتابخانەکانی داخست، مامۆستایانی شۆڕش بەرپەرچی ئەو سیاسەتە نەگریسەیان دایەوە و نەیانهێشت قوتابیانی گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لە خوێندن دابڕێن.

لەئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارەو خاوەنی شەش منداڵە.

*** ڕەشید ئیبراهیم کەریم محەمەد**



مامۆستاو ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ڕەشید قۆچەلی، ساڵی ١٩٥٦ لە ناحیەی قادرکەرەمی پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی کۆڵنەدەرو کوردپەروەر لەدایک بووە، بەهۆی هەژاری و هەلومەرجی تایبەتی کەرکوکەوە، چەندجارێک خانوویان ڕووخاوە، بەماڵەوە چوونەتە لادێ و گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک، بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی حەرەس قەومیەکانەوە، خانووەکەیان دەڕوخێت و ڕوودەکەنە گوندی مامشەی قەرە حەسەن، دوای چەند ڕۆژێک هێزێکی حەرەس قەومی بە قیادەی عەقید خەلیل پەلاماری ئەو گوندەش دەدات و تالآنی دەکات. برایەکی لە ساڵی ١٩٦٣ لە پەلاماری حەرەس قەومیەکاندا بەهۆی ترس و برسیەتییەوە گیانی لەدەست داوە، لەبەرئەوەی بەمنداڵی دەرفەتی چوونە قوتابخانەی بۆ نەڕەخساوە، لە تەمەنێکی گەورەتردا چووتە قوتابخانەی ئێواران و توانیوێتی تا قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، لە هەمان کاتدا بەرۆژ بۆ هاوکاری بژێوی خێزانەکەی لەگەڵ باوکی و برایەکیدا کرێکاریان کردووە.

توانای نووسینی بە کوردی و عەرەبی هەبووە، کە دەربڕی هەست وسۆزی پەنگ خواردووی ناخی بووە:

**دونیـــا ڕووناکـــە ڕووناکی من هـەردەم تاریکـــە**
**ئەدی بۆچ دەرناکەوێ مانگی من لەم شەوە تاریکە**

***

حبیبتی ارسل الیک دموعی و انت نائمه
کی تتساقط علی خدیک ،
و تخبرک بما فعلت الایام ...

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

کوردستانەوە لە کەرتی جەباری، ساڵی دواتر لە گوندی قوچەلی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ لەسەرداوای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایان، دەبێت بە بەڕێوەبەرو مامۆستای گوندی قۆچەلی.

لە ژیانیدا چەرمەسەری و نەهامەتی زۆری بەسەردا هاتووە، لە بارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕشی نوێ لە ڕۆژگارێکی سەخت و نا هەمواردا دامەزرا، وەستانەوە بوو لە ڕووی ئەو ئابڵوقە توندەی کە ڕژێم خستبوویە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، مامۆستایانی شۆڕش تا ڕادەیەکی باش ئاستی خوێندن و پـەروەردەو کوردایەتییان بەرزکردەوە. سەرەرای کاری مامۆستایی چەند چالاکییەکیشی لە گوندەکەدا ئەنجام داوە، وەک:

- فراوانکردنی ئاوی خواردنەوەی گوندەکە.
- دروستکردنی تیپی وەرزشی و ئەنجامدانی چەندین یاریی ناوخۆیی.
- پاککردنەوەی ناو گوندەکە بە بەردەوامی لەگەڵ قوتابیەکاندا.
- سەرتاشین بەبێ بەرامبەر بۆ قوتابیان و کوڕانی ناو گوندەکە.

لە دوای ڕاپەڕین بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن و چالاکی سیاسی، بەڵام نیگەرانە لەو کەمتەرخەمیەی کە یەکێتیی و حکومەتی هەرێم، بەرامبەری کەمتەرخەم بوون.

لە ئێستادا نیشتەجێی شاری سلێمانییە، خانەنشینی پێشمەرگەیە بە پلەی ڕەئیس عورەفا.

## * ساڵح مەحمود حەسەن مەحمود



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی قامیشی قەزای ماوەت، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرتایی لە قامیش و ناوەندیی لە ماوەت تەواودەکات، ساڵی ١٩٨٣ خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواودەکات. لە ئابی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شانەی ڕێکخستنی کارێزە، کە سەربە کەرتی ڕێکخستنی دوکان بوو، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی دوکان، بەڵام دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی گاپیلۆن، تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی، دواتر لە کەرتی دوکان و تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون دەبێتەوە بە پێشمەرگە، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، لە ڕاپەڕیندا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکاتەوە لەتیپی ١٧ی بەتالیۆنی ٧ی سلێمانی، لە خەباتی پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت تا مانگی ١١ی ١٩٩٢، دوای ئەو بەرواره دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی و لە حکومەتی هەرێم بە پیشەی مامۆستا دادەمەزرێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی خێوەتەی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * سوعاد نەجمەدین عەلی عەبدوڕەحمان



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٧٠ لە شارۆچکەی قەرەداغ لە خێزانیکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ باوکی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەهۆی پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ زیندانی دەکرێت، هەر لەو ماوەیەدا خانووەکەیان دەڕوخێنن و فەرمانی گرتنیان بۆ دەردەچێت، بڕیار دەدەن بەخێزانی بچنە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ لە گوندی زەید عومەر دەمێننەوە، لە گوندی زەید عومەر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش، لەهەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستن و هاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە.

لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان، دوای ڕاپەڕین بەتاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستی تەواودەکات، ساڵی ١٩٩٣ دەکرێت بە بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە قەرەداغ.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی سۆرانی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * سەعدیە عەبدوڵڵا خورشید عومەر




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ٢٣/ ٥/ ١٩٦٨ لە گەڕەکی ئەڵماسی شاری گڕو کڵپە، شاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس، بەسەرکەوتوویی بڕیوە.

ساڵی ١٩٨٤ لەقەرەداغ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە، دوای داخستنی قوتابخانەکان لە سنوری ناوچە ئازادکراوەکان، پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دۆڵانی سەرو، هەفتانە قوتابییەکانیان دەبردە ناو سروشتە ڕازاوەکەی قەرەداغ و سەیرانیان پێدەکردن، تا قوتابخانە و خوێندنیان لا خۆشەویت بێت، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دەهێنێت و تەواوی قوتابخانە و گوندەکانی ناوچەکە خاپور دەکات.

لە ئێستادا فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بانکی باخان، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * سەدیق قادر محەمەد ساڵح



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا سەدیق، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی دەلوجەی ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی شێخ مستەفا و قەرەداغ تەواودەکات، خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواودەکات. ساڵی ١٩٨١ لە ڕێگەی مەلا ئەحمەدی دەلوجەوە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لەناو شاری سلێمانی لە پۆلی شەهید فەرهاد/ کەرتی شەهید

بەختیار، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر سەرکەوتووانە جێبەجێ کردووە.

دوای تەواوکردنی خوێندن، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ،لەکەرتی رێکخستنی قەرەداغ درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات، دوای داخستنی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە، پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دەلوجە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.


### * سەمەد محەمەد تەقی نوری

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی گومەتەی ناوچەی قـەرەداغ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندونەناس هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، دوای داخستنی قوتابخانەی گوندەکان لە لایەن ڕژێمی عێراقییەوە، پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکانی مەسۆیی و گومەتە، بەشداری کردنەوەی خولی ئامادەکردنی مامۆستایانی کردووە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە دەرچووی ئامادەیی بوون.

لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوی ئەنفالی دوو بۆ سەر ناوچەکەیان و کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان. لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا چەند قوتابیەکی قوتابخانەکەی لەگەڵ دایک و باوکیان بەردەکەون و ئەنفال دەکرێن.

لە ئێستادا مامۆستایە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * سەلاح حسێن ئەحمەد شاسوار



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە سەلاح سەنگاوی، لە ١٩٦٤/٣/٢٠ لە ناحیە بێ نازەکەی سەنگاو، لە ئامێزی خێزانێکی نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە سەنگاو تەواوکردووە، ناوەندیی لە چەمچەماڵ و ئامادەیی لە سلێمانی،

ساڵی ١٩٨٠ لە سەنگاو پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە خوێندن و کاری ڕێکخستن بەردەوام دەبێت، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری مەڵبەندی یەک/ تیپی ٥١ی گەرمیان، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کەلانی سەنگاو، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شالاوەکانی ئەنفال هەموو سیماکانی ژیان دەپێچێتەوە.

لە ئێستادا سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیەتی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستای شۆڕش لوتکەی هەڵوێست و خەبات بوو بۆ پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی شۆڤێنزمیبەعسی عەرەبی، کە هەوڵی کوژاندنەوەی چرای زانستی بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

### * عەبدوڵڵا کەریم خدر مستەفا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا عەبدوڵڵای کارێزە، لە ١٩٦٥/١/١ لە گوندی کارێزەی شارباژێڕ، لە خێزانێکی ڕەنجدەرو تێکۆشەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی کارێزە تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە شاری سلێمانی، ساڵی خوێندنی ١٩٨٢-١٩٨٣ خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی باڵخ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە، هەرئەو ساڵە دەست بە وانە وتنەوە دەکات لەقوتابخانەی گوندی باڵخ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ئەنفالی یەک، کە ناوچەکەیان بەر شالاوی ئەنفال دەکەوێت و قوتابخانەو گوندەکەشیان خاپور دەکرێت. لەبەر ئەوەی گوندەکەیان لە دەسەلاتی ڕژێمەوە نزیک بوو، بەردەوام تۆپبارانیان لەسەر بووە، پرۆسەی خوێندن زۆر زەحمە بووە، بەلام لەلایەن هێزی پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکەوە هاوکاری دەکران.، ئەوەش هاندەرێکی گەورەبوو بۆ بەردەوامیدانبە پرۆسەی خوێندن.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە.

## * عومەر ڕەزا محەممەد



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی کوردپەروەر و شوڕشگێڕ هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، پاشان پەیمانگای تەکنیکی بەشی بیناسازی لە شاری موسڵ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانەوە کردووە لە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە، کارەکانی ڕێکخستنی سەرکەوتووانە جێبەجێ کردووە.

ساڵی ١٩٨٣ دوای تەواوکردنی خوێندن، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە قەرەداغ لە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە دەبیت بە پێشمەرگە، دواتر لە ڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی جافەران لەناوچەی قەرەداغ، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفالی دوو هەموو سیماکانی ژیان لە ناوچەکەدا دەسڕێتەوە،دوای ڕاپەڕین وەک فەرمانبەر لەپەروەردەی سلێمانی دەستبەکار دەبێت بەداخەوە نەخۆشی دەرفەتی ژیانی نەدا و کۆچی دوایی کردووە.

## * عەلی محەمەد عەلی قاسم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٥٤ لە شاری خانەقین لە خێزانێکی کوردپەر و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە ، زوڵم و ستەمی ڕژێم لەناوچەی خانەقین زیاتر هاندەری دەبێت بۆ بەگژدا چوونەوە و چوونە کۆڕی خەباتەوە، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە و بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٨٣ لەکەلار پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر دەچیتە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، دوای داخستنی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، وەک مامۆستایەکی بە هەڵوێست لەگەڵ چەند مامۆستایەک کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشیان کارا کردەوە و ژمارەیەک مامۆستایان لە خوێندەوارانی ناو هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان ئامادەکرد بۆ درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن.

لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەردەوام دەبێت لەگەڵ مامۆستایان ( مامۆستا محەمەد، محەمەد مەلا حەسەن، فازیل ڕەشید). دواتر بەشداریی لە دامەزراندنی لێژنەی سەرپەرشتیاری قوتابخانەکانی سنوری مەڵبەندی یەک دەکات، بارەگاکەیان لە گوندی بەلەکجاڕ دەبێت. لێژنەکە لەم مامۆستایانە پێکدێت:

| | |
|---|---|
| ١- مامۆستا محەمەد مەلا حسێن | سەرۆک |
| ٢- مامۆستا عەلی محەمەد عەلی قاسم | ئەندام |
| ٣- مامۆستا فقزیل ڕەشید | ئەندام |

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## فەرهاد ساڵح ئەحمەد محەمەد




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا فەرهاد، لە ١٩٦٣/٦/١ لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی کورد پەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ پەیمانگای لە شاری کەرکوک تەواو کـردووە، ساڵی ٢٠١٨ بواری بۆ دەڕەخسێت لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لە بەشی پلانسازی شار وەردەگیرێت، ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ بە سەرکەوتوویی تەواوی دەکات.

ساڵی ١٩٨٢ پاش تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا، لە گوندی شوکێی شارباژێڕ لە ڕێگەی حەمەعەلی بەرزنجییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، ساڵی ١٩٨٥ پاش شکستی ڕێکەوتنەکەی نێوان حکومەتی عێراقی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حکومەتی عێراقی دام و دەزگا فەرمیەکان دەکێشێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیی و قوتابخانەکان دادەخات، وەک کەسێکی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر پەیوەندی بەو خولەی ئامادەکردنی مامۆستایانەوە دەکات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ژمارەیەک کادرو پێشمەرگەی خاوەن بڕوانامەی کردەوە، بەمەبەستی بەردەوامیدان بە پرۆسەی خوێندن لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کاری مامۆستایی لە گوندی گێڵدەرەی ناحیەی بەرزنجە بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال. لەگەڵ کاری مامۆستاییدا هاوکاری هێزی پێشمەرگە و ئەنجومەنی گوندی کردووە، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەشدا بەشدارییەکی چالاکانەی لە ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەبووە..

لە ئێستادا ئەندازیارە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە.

### * کەریم محەمەد فەتاح ئەمین



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە کەریم باڕۆیی، لە ١٩٦١/١/١ لە گوندی باڕۆیی بچووک ناحیەی بازیان/سلێمانی لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی داریکەلی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، پاشان لە کەرکوک پەیمانگای تەکنیکی لە سالی خوێندنی ١٩٨٢-١٩٨٣ تەواودەکات.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ٢ی تیپی ٥٧ی سەگرمە، لەدوای تەواوکردنی خوێندن، دەچێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و هاوکاری پێشمەرگەکانی ئەو سنورە دەکات.

لەسەر بڕیاری لێژنەی ٢ی یەکێتی مامۆستایانی شۆڕش لە سنوری مەڵبەندی یەک دەکرێت بە مامۆستا لە گوندی باڕۆیی لەگەڵ مامۆستایان (خەسرەو کاک و یاسین سەعید)، تا شالاوی دووی ئەنفال درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، دواتر لەلایەن ڕژێمەوە دەگیرێت، بەڵام بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت.

بنەماڵەکەیان خاوەنی نزیکەی ٢٠ شەهیدە، لە ناویاندا (مامە قالەی باڕۆیی) برای کە پێشتر پێشمەرگە بوو لە کەرتی ٢ی تیپی ٥٧ی سەگرمە). بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دەکات لە سلێمانی و بازیان و کەرکەک، درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەدات تاساڵی ١٩٩٤ لە سنوری هێزی شارەزوور.


لە ئێستادا فەرمانبەرە لە شارەوانی بازیان بە ناونیشانی - بەڕێوەبەری هونەریی پێشکەوتوو- خێزانداره و خاوەنی هەشت منداڵە.

### * کەمال حەمە مەحمود قادر

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تەکیە و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر تەواو دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ لە ڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی تەکیەو پاشان دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی گوندی کۆشک، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوی دووی ئەنفال بۆسەر ناوچەکەیان، لە کاتی کیمیابارانی گوندی تەکیە بەردەکەوێت و چاوێکی لەدەست دەدات و توشی نەخۆشی درێژخایەن دەبێت.

لە ئێستادا مامۆستای حکومەتی هەرێمە لە قوتابخانەی گوندی سەماوات، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * سیروان محەمەد ڕەشید عوسمان



مامۆستاو پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە مامۆستا سیروان، لە ١٩٥٤/٧/١ لە خێزانێکی تێکۆشەرو کوردپەروەری خانەقین هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی کردووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، کە ڕێکخراوێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بوون لە ئۆردوگای (ئەنزەل)ی قەسری شیرین، پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول گەڕاونەتەوە، بەڵام حکومەتی عێراقیبە خێزانەوە گواستوونیەتیەوە بۆ شاری سەماوە، تا ساڵی ١٩٧٦ لە قەزای (ڕومێسە )ی شاری سەماوە ماونەتەوە، پاشان ڕژێم ڕێگەی داوە بە گەڕاندنەوەیان و لە شاری دەربەندیخان نێشتەجێ بوون.


خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە خانەقین تەواوکردووە و ئامادەیی لە سلێمانی، دواتر پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ دەکرێت بە مامۆستا لە

قوتابخانەی بەمۆی سەرەتایی لە دەربەندیخان، ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێی شەهید (دلێر جاف ) ەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی ٥٣ی شیروانە، پاش داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمەوە، لەسەر داوای شۆڕش وەک مامۆستا لە خولی ئامادەکردنی مامۆستایانی شۆڕش بەشداری دەکات، دواتر لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاورێیدا لە گوندی قەڵاتەبزان دەبێت بەمامۆستای شۆڕش، لەم کارەیدا بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: ئەو تێکۆشەرانە بوون کە بەرەنگاری بڕیارەکانی ڕژێم بوونەوەو نەیانهێشت قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان دابخرێت.

لە ئێستادا مامۆستای خانەنشینەو لە سلێمانی دادەنیشێت، خێزاندارەو خاوەنی چوار منداڵە.

### * سەلاح محەممەد مەجید فەرەج



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە سەیوان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی خاوێی ناوچەی قـەرەداغ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خاوێ تەواوکردووە، قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ بۆ ماوەی نۆ مانگ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی دەکرێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بەیەکێتی مامۆستایانەوە و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی هۆمەرامان لە قەرەداغ، کەسەر بە سنوری ٥٧ی سەگرمەبوو. مامۆستا موئمین یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی کە لەگەڵیدا هاوکاربووە، لەوبارەوە دەڵێت: مامۆستا موئمین سەرەڕای کاری مامۆستایی شارەزاییەکی باشی لە چاککردنەوەی هەموو چەکێک و دووربیندا هەبوو، هەر بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە هەموو تیپەکانەوە سەردانیان دەکردین، بەداخەوە مامۆستا موئمین ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی

ناوخۆدا شەهید دەبێت.

مامۆستا سەلاح وەک پێشمەرگە، بەشداری لە ئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ و گرتنی بورجەکەی دارەڕەش دەکات.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی، خێزاندارەو خاوەنی حەوت منداڵە.

### * کامەران عەلی مەجید محێدین



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە کامەرانی عەلی مەجۆل، لە ١٩٥٨/٩/١ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی کاک (بەکر عەبدولڕەحمان) کە ناسراوە بە بەکری زەراعە، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ لە شەقامی کاوەی شاری سلێمانی لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت و تا ١٩٧٧ لە زینداندا دەمێنێتەوە، پاش ئازادکردنی ڕوودەکاتە ناوچەی قەرەداغ، لە قەرەداغ شەهید ئارام دەبینێت، پاش ماوەیەک، شەهید ئارام ڕایدەسپێرێت بۆ پەیداکردنی چەک و پێڵاو و پێداویستی تر، پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەتوانێت لە شارەزوور لە گوندی گردەنازێ کە خزم و کەسوکاری ماڵی باپیری دەبێت پێداویستییەکان پەیدابکات و لە ماڵی باپیری لە سلێمانی دەیانشارێتەوە، پاشان سەردانی شەهید ئارام دەکاتەوە و ئاگاداری دەکات لە ئامادەبوونی هەموو ئەو شتانەی داوای کردبوو، لەگەڵ شەهید ئارام هەماهەنگی دەکەن لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی کەرەستەکان بۆ ناوچەی قەرەداغ، دوای جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مەزنە، شەهید ئارام داوای لێدەکات سەردانی هەندەران بکات بۆ کاری پێویست، ئەو کارەش لەسەر خەرجی خۆی جێبەجێ دەکات و نامەی شەهید ئارام دەگەیەنێتە ئەڵمانیا بۆ (کەمال حاجی ڕەشید) برای شەهید (جەباری حاجی ڕەشید)و هەر لە ئەڵمانیا بەڕێز سەلاح ڕەشیدیش دەبینێت.

دوای ئەوەی شەهید ئارام شەهید دەکرێت، لە کەرتی ٥ی ڕێکخستنی شەهید ئارام درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سەرکردایەتی لە کەرتی یەکی هەرێمی پارێزگاری، ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای سەرکردایەتی دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش، لە کاری مامۆستایی لەقوتابخانەی گوندی قازانقایەی قەرەداغ بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال. لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت:

مامۆستای شۆڕش لەسەردەمێکدا دروستبوو، کە ڕژێم ئیدارەکانی خۆی لە ناوچە ئازادکراوەکان کشاندەوە، ڕژێم بەوکارەی بۆشاییەکی گەورەی دروستکرد، دەیویست نەخوێندەواری لە کوردستاندا بڵاوبکاتەوە، بەڵام هەر دەستبەجێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاری درێژەدان بە خوێندنی داو، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و خوێندەواری خاوەن بڕوانامەی ناو هێزی پێشمەرگەی خستە خزمەتی یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە، ئەو بۆشاییە پڕکرایەوە کە ڕژێم دروستی کردبوو، لەگەڵ وتنەوەی وانەکاندا چالاکی هونەری و وەرزشی بۆ قوتابیەکان ڕێکدەخرا.

لە ئێستادا سکرتێری کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێیە و خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## * کامیران مەحمود عەبدولقادر شەوقی



مامۆستاو هونەرمەند، ناسراو بە مامۆستا شەوقی، ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و نیشتمان پـەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر تەواودەکات. ساڵی ١٩٧٧ دەکرێت بە مامۆستا لەگوندی (یاخسەمەر ) ناوچەی جافایەتی، هەرلەوگوندەوە پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەو شۆڕشی نوێ دروست دەکات، دیمەنی سروشت و منداڵ و خەڵکی ڕەش و ڕووتی ناوچەکە هانی دەدات، دەست بداتە کامیراکەی شانی و ئەو سروشت و ژیانە سادەیە لە ڕێگەی فۆتۆوە

تۆماربكات، پاش بلاو بوونەوەی وێنەکان لە ڕێگەی فۆتۆ جوانەوە (فۆتۆ جوان لە شەقامی سابونکەران بوو) ئەم کارە پیاوانی ڕژێم تورە دەکات و هەڵدەکوتنە سەر فۆتۆ جوان، بۆ ماوەی دوو ساڵ دوکانەکەی دادەخەن و خاوەنی فۆتۆ جوان(ئەحمەد دەنگ گەورە)ش، چەند ساڵێک زیندانی دەکرێت.

لەماوەی سێ ساڵ مانەوەی لە دۆڵی جافایەتی، زۆرجار پێشمەرگەی بریندار بۆ حەوانەوە و تیمارکردن لای ئەم دەمانەوە و هاوکاری دەکردن، ماموستایەکی چالاک و دڵسۆزبوو، هاوکاری خوێندکارەکانی دەکرد بۆ فێربوونی زمان و خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە.

ساڵی خوێندنی (١٩٨٥-١٩٨٦) دەبێت بە ماموستای شۆڕش لە گوندی کانی گۆمەی نزیک سلێمانی، هەر ئەوساڵە گوندەکە لەلایەن ڕژێمەوە خاپور دەکرێت.

ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن ڕژێمەوە بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێت، پاش ئازادبوونی ڕوودەکاتە ولاتی ئێران، لەوێوە بەمەبەست خوێندن ڕوودەکاتە سوید، ساڵی ٢٠٠١ پەیمانگای سینەمایی مۆسکۆ بە پلەی ئیمتیاز تەواو دەکات. لە ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ چەند فلیمێکی دۆکیمێنتری بۆ تەلەفزیۆنەکانی گەلی کوردستان و کوردسات و کەناڵی الحریة ئامادە کردووە.

ماوەیەک ماموستای سینەما و هونەر بوو، خێزاندارەو خاوەنی یەک منداڵە.

### * کامەران تالّب محەمەد فەقێ



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناسراو بە مامۆستا کامەران، ساڵی ١٩٦٦ لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەرو کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە،

ساڵی ١٩٨٢ لە قەرەحەسن پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکـات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە کەرتی ٤ی جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمە، بەڵام لەسەر داوای شۆڕش دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مۆردانەی ناوچەی جەباری، لەبەر بێ جێگەیی لە سەرەتاوە، قوتابخانەکەیان دەبەنە مزگەوتی گوندەکەوە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ڕووخاندنی گوندەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

لە ئێستادا ئەفسەرە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

### * کامیل عەلی ئەمین مارف



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراوە بە وەستا کامیل، ساڵی١٩٦٤ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی هەژارو زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری خێزانەکەیەوە هەر لە منداڵیەوە سەرەڕای خوێندن، شانی داوەتە بەر کارکردنیش، قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی ساڵێک بە کارمەندی نەخۆشخانەی شیرەکە دادەمەزریت.

ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

کوردستانەوە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە کەرتی ١ی تیپی ٥٧ی سەگرمە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ لەسەر داوای شەهید سەربەست و ئەنوەر دۆڵانی دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی سوێراوای ناوچەی قەرەداغ.

بەهۆی نزیکی گوندەکەیان لە سنوری ڕژێمەوە، ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، دوای ساڵێک مامۆستایی دەگەڕێتەوە ناو هێزی پێشمەرگە و دەبێت بە ئامر مەفرەزەی بەرگری گوندەکەیان، ساڵی ١٩٨٨ دوای شالاوەکانی ئەنفال دەگەڕیتەوە ناوشار، بەڵام بۆ ماوەیەک لەلایەن ڕژێمەوە زیندانی دەکرێت.

لە ڕاپەڕیندا بەشدارییەکی چالاکانەی دەبێت لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە تا ئازادکردنی شاری کەرکوک، لە ڕاپەڕینەکەدا خالیدی برای شەهید دەکرێت.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیەو ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە.

### * کەریم حسێن نوری کەریم



مامۆستاو پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە مامۆستا کەریم، لە ١٠/٢٣/ ١٩٦٣ لە گوندی باڵخ لە ناحیەی گاپیلۆنی قەزای ماوەت، لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی باڵخ تەواوکردووە، ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواودەکات، لەبەر ئەوەی لە یەکەمەکانی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی دەبێت، لە پەیمانگای (اعداد المدربيين التقنيين) لە بەغدا وەردەگیرێت، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی شەهید دلێر، بەهۆی چالاکی سیاسیی و ڕێکخستنەوە ناتوانێت پەیمانگا تەواوبکات، لە گەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بایکۆتی خوێندن دەکات و دەگەڕێتەوە سلێمانی، دواتر دەچێتە ناوچەی مەڵبەندی دوو و لە ڕێگەی حەمە سیاسییەوە پەیوەندی بە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونەوەدەکات، هەرلەوێ چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی لەگەڵ دەنگی گەلی کوردستان ئەنجام دەدات، پاشان دەچێت بۆ ناوچەی سەرکردایەتی لە خڕی ناوزەنگ لە بەشی ئیدارە دەمێنێتەوە، بەشداریی شەڕی پشتیوانی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات.


ساڵی ١٩٨٤ دەگەڕێتەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان دەست بەکار دەبێت، دواتر لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا (ئەحمەد ئیسماعیل-ئەحمەد سەرسپی، محەمەد ئیبراهیم سەعید، محەمەد عەبدوڵلا یەحیا- کە دواتر شەهید دەبێت، عومەر کەریم عەلی قادر، جەبار عومەر سابیر، بورهان ئەحمەد عەبدوڵڵا) دەکرێن بە مامۆستا لە گوندی باڵخ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شالاوەکانی ئەنفال، پاشان بە ئاگاداری شۆڕش بەلێبوردنی گشتی دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی و ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ پەیمانگا تەواودەکات.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا، جارێکیتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکاتەوە لە کۆمیتەی شارباژێڕ لە بنکەی ماوەت تا ساڵی ١٩٩٣ دواتر هەر بە پێشمەرگایەتی دەچێتە قەلاچوالان لای دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد، ساڵی ١٩٩٥ دەچێتە لەشکری سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٤ بەشداری خولی ئەفسەران دەکات لە سەراو، ساڵی ٢٠٠٥ وەک ئەفسەر لە فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەست بەکار دەبێت، تا ئەمڕۆ بەردەوامە لە هێزی پێشمەرگەدا. بەشداری شەڕەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشی کردووە لە ناوچەکانی مریەم بەگ و مەلا عەبدوڵڵا و حەویجە و پردێ.

خاوەنی دوو مەدالیای ڕێزلێنان و چەندین سوپاسنامەیە، ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و ئەندامی داکۆکیکاری ڕێکخستنە دێرینەکەنە، ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە.

لە ئێستادا لێپرساوی زانیاری فەوجی ١ی سکرتاریەتە بەپلەی ڕائید، خێزاندارەو خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عادل جەواد عومەر مەحمود



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا عادلی شەدەڵە، لە ١٩٦٤/٥/١٥ لە گوندی شەدەڵەی ناحیەی سورداش- قەزای دوكان، لە خێزانێكی كۆڵنەدەر و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، بەهۆی سوتانی گوندەكەیان لە شەستەكاندا لەلایەن ڕژێمەوە،ماڵیان دەگوازنەوە بۆ بەكرەجۆ، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە بەكرەجۆ تەواوكردووە، لە قۆناغی ناوەندیدا، لە ئاهەنگەكانی قوتابخانە و نەورۆزدا وەک (عەریف حەفل) بەشدار دەبێت، ساڵی ١٩٨٠ كە هێشتا قۆتابی قۆناغی ناوەندی بووە، پەیوەندی دەكات بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە، لە جێبەجێكردنی ئەركەكەنی ڕێكخستندا سەركەوتوو بووە، ساڵی ١٩٨٣ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی تەواودەكات، هەمان ساڵ لە گوندی شیلەخانی ناوچەی سورداش، وەک وانەبێژ دەبێت بە مامۆستا، لە كاتی خوێندن و مامۆستایدا ڕۆڵێكی بەرچاوی دەبێت لە بەڕێوەبردنی ئاهەنگەكانی نەورۆز و ڤیستیڤاڵی قۆتابخانەدا.

ساڵی ١٩٨٤ ڕوودەكاتە ناوچە ئازادكراوەكان و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی شەدەڵە، لە ١٩٨٥/٢/١٥ كە داستانی دابان هەلاج لە شەدەڵەوە دەستپێدەكات، قوتابخانەكەیان دادەخرێت و بیناكەی بەكاردەهێنن بۆ چارەسەری بریندار، هەر دوای ئەوە لە مێرگەپان چایخانەیەک دەكاتەوە هەم بۆ بژێوی خۆی و هەم بۆ پشودان و هاوكاری پێشمەرگە، لە كاتی مامۆستاییدا وەک هێزی بەرگری هاوكاری پێشمەرگەی كردووە، لە هەمان كاتدا بەهەڵبژاردن دەكرێت بە ئەنجومەنی گوندی شەدەڵە و ئەركی كۆمەڵایەتی گوندەكەش ڕادەپەڕێنێت، لەپاڵ ئەمانەشدا چالاكی هونەری و ئەدەبی هەبووە.

لە سەردانێكی مامۆستا عەبدوڕەحمان محەمەددا كە سكرتێری یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان بوو، كاک (عەباسی ڤیدیۆ) كاتی وانە وتنەوەی بە ڤیدیۆ تۆماردەكات، دەگێڕێتەوە هەر لەو سەروبەندەدا شەوێک كاک (عەباسی ڤیدیۆ) لای دەمێنێتەوە و ڤیدیۆی ئەو

چالاکییەی پیشاندەدات کە شەوی پێشووتر هێزێکی پێشمەرگە ئەنجامی دابوو، بەڵام کاک عەباس پارچەی بەرکەوتبوو و برینداری دەبێت، بەڵام دان بەخۆیدا دەگرێت و باسی برین و ئازارەکەی بۆ ئەم ناکات.

بەهۆی بۆردمانی بـەردەوامـەوە، قوتابخانەکە دەگوێزنەوە بۆ شوێنێک کە پێی دەوترێت(بەری نسێ)، لەوێ مامۆستا دلێر و مامۆستا عوسمان سورداشی وەک مامۆستای شۆڕش هاوکاریان دەبێت، مامۆستا دلێر لەکاتی بەرگری لە گوندی هۆمەرقەوم شەهید دەبێت.

لە ڕاپەڕیندا بەشداریی چالاکی هەبووە، دواتر پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە دەکاتەوە و دواتر لە ڕانیە لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات دەبێت بە مامۆستا، لەلایەن یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە دەکرێت بە نوێنەری مامۆستایانی (پشدەر و بتوێن)، ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی کۆنگرەی مامۆستایان دەبێت، دوای کۆنگرە دەبێتە بەرپرسی کەرتی قەزای دوکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

دوای کارەساتی ٣١ی ئاب، لە بەشی ڕاگەیاندنی سکرتاریەت کاردەکات، لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) دەبێت.

لە ئێستادا جێگری یەکەمی سکرتێری کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ و ئەندامی دەستەی داکۆکیکاری ڕێکخستنە دێرینەکانە.

مامۆستایە لە قوتابخانەی نەهری بنەڕەتی، خێزاندارەو خاوەنی سێ منداڵە.

### * عەبدولڕەحمان مەحمود ڕەشید



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی هەڵەدنی ناحیەی سورداش، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردنی داوە، ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێگەی (فەرهادە قەڵەو)وەوە لە هەڵەدن پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شانەکانی غەریب هەڵەدنی و بێستون سابوراوایی، لەبەر ئەوەی ئارەزووی باشی هەبووە بۆ خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیری ئەوکاتەی کۆمەڵەوە و وەک ئەندامێک لەگەڵ (مامۆستا مەدحی مەندەلاوی ومامۆستا ڕەمزی و سعدون فەیلی و هەڤاڵ کوێستانی بەکری خۆشنووس) کاری کردووە، وەک ئەکتەریش لە هەندێ زنجیرە تەمسیلیدا کاری کردووە.

لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە دیاریدەکرێت وەک مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی چالاو، تا کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی. بۆ ماوەی دوو مانگ بەشداریی شەڕی قەیوان ماوەتی کردووە، لەگەڵ شەریف قوربانی.

لەکاتی مامۆستایی لە گوندی چالاو، تێکەڵاوی باشی لەگەڵ (شەهید ئازاد هەورامی، مامۆستا خەسرەو خاڵ، سیامەند شاسواری)، کە ئەوان لە دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە کاریان دەکرد.

لە ڕاپەڕیندا، لە شانە چەکدارەکاندا خۆی ڕێکدەخاتەوەو بەشداردەبێت لە ئازادکردنی بازیان و شاری کەرکوک. ساڵی ١٩٩٧ بەیەکجاری کوردستان بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە هەندەران.

لە ئێستادا لە هەندەرانە و لە هۆڵەندا دەژی، ئامادەیە و خۆشحاڵە بگەڕێتەوە کوردستان و وەک مامۆستایەک لە کوردستان بەردەوام بێت.

*** عومەر مەحمود حسێن باپیر**




ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە هیوا، ساڵی ١٩٦٦ لە شاری قەڵادزێ/ پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تـەواوکـردووە، توانیوێتی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستبهێنێت.

ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی هەڵۆنەی مەرگە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دەکرێت بە ئەندام پۆل لە پۆلی ڕێکخستنی قەڵادزێ، کارەکانی ڕێکخستن زۆر سەرکەوتووانە جێبەجێدەکات و ژمارەیەکی بەرچاو ئەندام لە ڕێکخستندا کۆدەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٣ لەڕێگەی مامۆستا (عەبدوڕەحمان محەمەد ئیسماعیل)ەوە، کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەکتەبی سکرتاریەتی مامۆستایان بوو، پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە دەکات، ئەرکی پەیداکردنی کتێب و دەفتەر و پێداویستییەکانی قوتابخانەکانی شۆڕشی دەکەوێتە ئەستۆ، کە توانی هاوکارییەکی باشی قوتابخانەکانی شۆڕش و یەکێتیی مامۆستایان بکات، لە هەمان کاتدا وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندەکانی هەڵۆنە و سۆفیان دەستبەکار دەبێت.

لە ئێستادا سەرپەرشتیاری بنەڕەتی کوردییە لە پەروەردەی ڕانیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * عوسمان محەمەد ڕەسوڵ فەتاح



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی سورداش/ قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە سورداش و ناوەندیی لە قەزای دوکان تەواودەکات، دواتر دەچێتە سلێمانی و ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨١ لە قۆناغی خوێندندا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی شەدەڵە، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی گوندی سردی گەورە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ دەگاتە ناوچەکەیان و هەموو سیماکانی ژیان دەسڕێتەوە.

خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عەبدوڵڵا ڕەشید خدر

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناسراو بە مامۆستا عەبدوڵڵا گەلاڵی، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی گەلاڵەی ماوەت، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گەلاڵەو قەڵادزە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە و بووە بە مامۆستا.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە تا خاپورکردنی گوندەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە، وەک مامۆستای شۆڕش لە گوندی گاپیلۆن دەست بەکار بووە، لە هەمان کاتدا ئەندامی ڕێکخستنی شانەی سەرەکی کارێزە بووە.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەی سیوەیلی بنەڕەتیە لە گەڕەکی کوردساتی شاری سلێمانی.

### * عوسمان حەمە عەلی مەحمود مەنسور



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە میرات، لە ١٩٦٥/١/١ لە گوندی بەڵخەی سەروو – ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بەڵخە تەواوکردووە، ناوەندی لە دەربەندیخان و ئامادەیی کشتوکاڵ لە هەڵەبجەی شەهید تەواو کردووە.

لە خۆپیشاندانی ١٩٨٠ دەستبەسەر کراوە، دواتر بە کەفالەت ئازاد دەکرێت، لە مانگی ئایاری ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، دواتر واز لە کۆمەڵە دەهێنێت و پەیوەندی بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی شۆڕشگێڕان لە سێوسێنان و دەکرێت بە لێپرسراوی پۆل.

ساڵی ١٩٨٤ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی تایبەتی مەڵبەند، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندەکەی خۆیان (گوندی بەڵخە)، لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی گوندەکەش بووە، لە مەڵبەند بەشداریی خولی تەندروستی کردووە، بە چەک و تەقەمەنی خۆی بەشداریی چەند شەڕێکی سنورەکەی خۆیانی کردووە، تا شاڵاوی ئەنفالەکان بەردەوام بووە لە خەبات و کاری مامۆستایی.

لە ساڵی ١٩٨٨ (عومەر حەمە عەلی) برای کە پێشمەرگەی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو شەهید دەکرێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (سۆران)ی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * عوسمان حەمە سالْح عەبدولکەریم



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی بەڵخەی سەرووی ناوچە قەرەداغ، لە خێزانێکی جووتیاری زەحمەتکێش و کوردپەروەر دێتە دنیاوە، قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندی لە دەربەندیخان تەواو دەکات، پاشان بەمەبەستی درێــژەدان بە خوێندن پەیوەندی بە خانەی مامۆستایانی سلێمانیەوە دەکات، بەڵام بەهۆی ئەندام نەبوونی لە ڕیزەکانی بەعسدا وەرناگیرێت، ساڵی دواتر دەچێتە ئامادەیی بازرگانی و لە ١٩٨٥ تەواوی دەکات.

ساڵی ١٩٨٥ لە ڕێگەی (عوسمان حەمە عەلی) هاوڕێیەوە پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە، هەر لەم ساڵەدا پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دواتر دەبێت بە هێزی پشتگیری لە کەرتی ٣ی تیپی ١٧ی زمناکۆ، لە خەبات و کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی ناوچەکەیان، بەرکەوتەی چەکی کیمیاوییە. لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ماوەیەک لەگەڵ تیپی ١٧ی زمناکۆ، لە شاخی زەردە بەرەنگاریی هێرشی سوپای داگیرکەر دەبنەوە.

ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە قەلاچوالان دەبێت بە پێشمەرگە، لە لیوای تایبەت لە بەشی دژە ئاسمانی، پاشان دەگەڕێتەوە سەر پیشەی مامۆستایی.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی(وڵوبە)ی سەرەتایی، خێزاندارە.

## * عوسمان جومعە مەحمود ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە ئاری پەروەر، ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەرو کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە گوندی (میل ناسر) کە ناوچەیەکی ئازادکراوی سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان دەبێت، دواتر پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بەمامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (میل ناسر)، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان. لەگەڵ کاری مامۆستاییدا هاوکاری ئەنجومەنی گوند و چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتیەکانی گوندەکە دەکات.

مامۆستا توانایەکی باشی خۆشنووسی هەبوو، ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراق بووە، بەشداریی چەندین پێشانگای خۆشنووسی کردووە، لە بواری نووسین و ئەدەبیشدا توانایەکی باشی هەیە.

دوای ڕاپەڕین پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لای شەهید سەید بابە لە لیوای (١٤) ، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ لیوای ٢ی تایبەتی کەرکوک، کە شەهید سەید جەوهەر ئامر لیوای دەبێت، ساڵی ١٩٩٩ لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال، وەک مامۆستای دژە تەنک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستبەکاردەبێت، بەشداریی خولی ٤ی فەرماندەیی دەکات و پەیمانگای کادران لە قەڵاچوالان تەواودەکات و دەکرێت بە ئەفسەری هۆشیاری نیشتمانی (ڕابەر سیاسی).

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕشی نوێ ئەوکەسە بە ئەمەک و دڵسۆزانە بوون، کە نەیانهێشت چرای زانست لە گوندەکانی کوردستاندا بکوژێتەوە، لە کاتێکدا ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکانی داخست.

لە ئێستادا ئەفسەرە بە پلەی ڕائید لە هێزەکانی پشتیوانی دوو، جێگری کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێی لقی سلێمانییە، خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵە.

## * عایشە عەبدولکەریم محەمەد ئەمین



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ئاشتی، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی،لە گەڕەکی باخی شێخ لەتیف، لە خێزانێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر دێتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، لەم ژیانە پڕ لە کێشەو ململانێدا، زۆرن ئەوانەی ژیان زۆر بەسەختی بەڕێدەکەن، زۆرن پاروەنانی ڕۆژانەیان تا ناو گۆڕیش بەگران دەست دەکەوێت، ئەوانەش زۆرن کە ڕۆژگار ئەشکەنجە و ئازاری دووری ئازیزانیان چێشتووە، مامۆستا عایشە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە هەموو ئەو مەینەتیانەی چەشتووە.

دوای تەواوکردنی خوێندن، وەک فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی دادەمەزرێت، پاش کردنەوەی خولی مامۆستایان، بەشداری لە خولەکەدا دەکات و دەبێت بە مامۆستا و لە گوندی زڕگوێز وەک مامۆستای فەرمی دەستبەکار دەبێت.

بەهۆی بەشداریی مامۆستا ئازادی هاوسەری لە کاری ڕێکخستن و شۆڕشدا، بە بەڵگەنامەیەکی ساختە جیابوونەوەی خۆی ڕادەگەیەنێت، بۆ ئەوەی دووربێت لە گرتن لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٠-١٩٨١ لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ قۆتابخانەی (تەکیە)ی سەرەتایی لە قەرەداغ، هاوسەرەکەشی هەر لەو گوندەدەبێت و بەهۆی بینینی خولی پزیشکییەوە، بە چارەسەری نەخۆش و برینداری پێشمەرگەو گوندنشینان دەبێت، ئەمیش بە هەموو شێوەیەک و بەنهێنی دەرزی و دەرمانی لە سلێمانییەوە پێدەگەیەنێت.

لەساڵی خوێندنی (١٩٨٤-١٩٨٥)ەوە تا شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ مامۆستا ئازادی هاوسەری وەک مامۆستای شۆڕش لە گوندی (داری زاین) کاری مامۆستایی دەکەن.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، هاوسەرەکەی وەک پێشمەرگەی پارتیزان لە سنوری قەراداغ بۆ ماوەی چەند مانگێک دەمێنێتەوە، خۆیشی لەگەڵ منداڵەکانیدا بە چەرمەسەری و ناڕەحەتییەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ناوشاری سلێمانی، تا دوای ڕاپەڕین ژیانێکی زۆر

سەخت و نا هەموار دەگوزەرێنن.

لە ٢٠١٠/١/١٤ مامۆستا ئازادی هاوسەری بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات. ناخۆشی و چەرمەسەری ژیان بۆ مامۆستا عایشە جێدەمێنێت.

ئەم مامۆستا ماندووەی خەباتی پـەروەردە و کوردایەتی، لە ئێستادا مامۆستای خانەنشینە و ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێیە.

## * عەلی ئەحمەد حەمە ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، لەخێزانیکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خویندنی سەرەتایی لە سەنگاو و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە و بووە بەخاوەنی بڕوانامەی دبلۆم، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن بە نهێنی و چالاکی جێبەجێ دەکات، بەشداریی کۆنفرانسی کۆمەڵەی کردووە لە گوندی خەتێی ناوچەی بالیسان، لە سەنگاو و چەمچەماڵ و ئەمنی سلێمانی لەلایەن ڕژێمە چەند جارێک گیراوەو دەستبەسەر کراوە،

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٥١ی گەرمیان، بەشداریی هەموو چالاکییەکانی پێشمەرگەی لە ناوچەکەدا کردووە، لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و لە قوتابخانەی گوندی کچان وەک مامۆستای شۆڕش دەستبەکار دەبێت، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، تا شاڵاوەکانی ئەنفال گوندەکەیان و تەواوی ناوچەکە خاپور دەکات، لەگەڵ هێزی پشتگیری و پێشمەرگە، بەشداری ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق دەکات لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا. سەرەڕای کاری مامۆستایی و خەباتی پێشمەرگایەتی وەک کادرێکی پزیشکیش هاوکاری زۆر بریندار دەکات.

ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بۆ ماوەی ساڵێک دەگیرێت، دوای ڕاپەڕین

بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستن، بەبێ داپڕان لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ئەمڕۆ لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەمێنێتەوە، برازای شەهیدی سەرکردە(حەسەن خاوێی) ـە.

لە ئێستادا ئەندامی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسیەکان و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە، لە هەمان کاتدا ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە، مامۆستایە لە قوتابخانەی قەدەم خێری بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## * عەلی حەسەن عەبدوڵلا خدر

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا عەلی، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی دەرگەزێنی ناحیەی بازیان/ سلێمانی، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، تا قۆناغی شەشەمی زانستی خوێندووە، بەڵام بەهۆکاری ئەمنی نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی خاڵدان لە ناحیەی بازیان، لەکاری مومۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان.

دوای ڕاپەڕین دەبێت بە پێشمەرگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ دەچێتە ناو سوپای نوێی عێراق و دواپلەی نەقیب دەبێت، بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانێت لە کارەکەی بەردەوام بێت، بەناچاری واز لە پلە و کارەکەشی دەهێنێت. عوسمانی براشی کە ناسراوبوو بەکامەران، ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕی قەیوان – ماوەت شەهید دەبێت.

بەداخەوە ئەم مامۆستا تێکۆشەرە نەخۆشی دەرفەتی ئەوەی پێنادا بەردەوام بێت لە خزمەت کردن، هەر بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە کۆچی دوایی دەکات، دوای خۆی هاوسەر و چوار منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێدێڵێت.

### * عەبدوڵڵا گوڵ محەمەد محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی سۆڵەی دەربەند، لە ناوچەی قەرداغ لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، دوای تەواوکردنی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی، وەک مامۆستا لە گوندی زەرزی ناوچەی سورداش دادەمەزرێت، بەهۆی بانگکردنی بۆ سەربازی واز لەکارەکەی دەهێنێت و دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە. لە پایزی ١٩٨٣ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی زەرزی هەمان ئەو قوتابخانەی کە پێشتر بە فەرمی تێیدا مامۆستابوو، دواتر پاش داخستنی قوتابخانەی گوندەکان لەلایەن ڕژێمەوە، بەشداری کۆبوونەوە و ڕێکخستنەوەکانی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سۆڵەی دەربەند،لەکاتی مامۆستایدا زۆر کاری هونەری و شانۆ بۆ قوتابیان و پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە ڕێکدەخەن، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٨٨، بەڵام بەهۆی ناجۆری هەلومەرجی خێزانەکەیان، بە ئاگاداری شۆڕش ناچار دەبێت بە شێوەی قاچاخ بگەڕێتەوە ناو شاری سلێمانی.

لە ئێستادا بەکاری تایبەتییەوە سەرقاڵە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا قادر

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٣ لە ناوچەی شارباژێڕی سلێمانی، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی گەلاڵەی ماوەت تەواوکردووە، ناوەندیی و دواناوەندیی لە شاری سلێمانی تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٦ لە شاری بەغداد بەشداری خولێکی شەش مانگی ئامادەکردنی مامۆستا دەکات، پاش تەواکردنی خولەکە لەلایەن میرییەوە دەکرێت بە مامۆستا.

لە ئازاری ١٩٨٤ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی ولاخلوو لە ناوچەی شارباژێڕ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی شالاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دەهێنێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی ڕێبەری بنەڕەتی لەناو شاری سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عەتا محەممەد مەحمود فەرەج

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٨ لە خێزانێکی زەحمەتکێشی گوندی کۆڕەی گەورە/ ناحیەی وارماوە هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواودەکات، پاشان قۆناغی ناوەندیی و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی تەواودەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە سنووری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، بەشداری خۆپیشاندانەکانی ناو شاری سلێمانی کردووە، پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کۆڕەی گەورە، لەهەمان کاتدا بەشداری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەکات لە سنوری ناوچەکەی خۆیدا، لە سنووری گەرمیان بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی کردووە. تا ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، پاشان دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی.

لە ئێستادا مامۆستایە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * عەبدوڵڵا فەتاح ڕەسوڵ فەتاح




مامۆستای شۆڕشی نوێ ، ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی جاسەنەی ناحیەی سورداش/ قەزای دوکان، لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە جاسەنە و ناوەندیی لە قەزای دوکان تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دێتە سلێمانی و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان تەواودەکات.

ساڵی ١٩٨٥ لە جاسەنە پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، ماوەی ساڵێک دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی

گوندی جاسەنە، دواتر دەبێت بە پێشمەرگە لە ناوچەی ٢١ی دوکان، بەردەوامی بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەدات تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ سەربازی لای ڕژێم، دواتر ڕیزەکانی سوپای عێراقی بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە و لە ناوچەی پیرەمەگرون و پەیوەندی بە پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە دەکات.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی سارای بنەڕەتی، خێزانداره و خاوەنی چوار منداڵە.

## * عیسا نوری مەحمود



ناسراو بە شێخ عیسای خاوێ، مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی خاوێی ناوچە قـەرەداغ، لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، گەرچی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوک و دایکی لەدەست دەدات، بەڵام دەتوانێت زۆر بە سەرکەوتوویی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواوبکات، لە هەمان کاتدا هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردنیش دەدات، ساڵی ١٩٧٨ لە چوارباخ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی بازیان، ساڵی ١٩٨٥ لە سەر بڕیاری شۆڕش دەبێت بە مامۆستا لە گوندی خاوێ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان.

لەکاتی مامۆستایی لە گوندی خاوێ چالاکی شانۆیی و هونەری ڕۆشنبیری زۆریان پێشکەش بە گوند نشینان و پێشمەرگە کردووە، هەر لەو ماوەیەدا نامیلکەیەک بەناوی (کەم ژیان و کەڵ ژیان) لە سەر ژیان و خەباتی هەردوو شەهید (حەسەن خاوێی و سیروان تاڵەبانی) دەنووسێت، هەر ئەم نامیلکەیە دەکات بە شانۆگەرییەک و پێشکەشی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قەرەداخی دەکات، بە هیوای نەمری و درێژەدان بە ڕێبازی خەباتیان.

لە ئەنفالی دووی قەرەداخ، لە گوندی سێوسێنان بەر چەکی کیمیاوی دەکەوێت و بریندار دەبێت، دوای ڕاپەڕین لەکاری ڕێکخستن بەردەوام دەبێت، بەڵام بەهۆی کاریگەری برینەکەیەوە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی چوار چرا بە خاک دەسپێردرێ، دوای مەرگی خۆی هاوسەر و هەر چوار منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێدەهێڵێت.

### * عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد قادر



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە شوانی، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی ئیسکانی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ ڕیزەکانی سوپای عێراق بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (ناسرومسر) لە بناری چیای خاڵخالان، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات و تەواوی گوندە ئاوەدانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان خاپور دەکات، بەو شێوە تراجیدیە کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دێت.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * عەدنان حەمە عەزیز حەمە سەعید حەمە شەریف



ڕێكخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا عەدنان هەورامی، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی گوڵپی ناوچەی هەورامان/ پارێزگای هەڵەبجە، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە گوڵپ و خورماڵ و هەڵەبجە و سلێمانی تەواوكردووە، ئەمەش بۆخۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە، كە بەهۆی سیاسەتە فاشیەكانی ڕژێمەوە خێزانەكەیان بەردەوام بەر شاڵاوی ڕاگواستن و كۆچكردن كەوتوون، ساڵی ١٩٧٧ لە گوندەكەی خۆیان (گوڵپ) پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات، دوای ئەوەی گوندەكەیان بەر شاڵاوی ڕاگواستن دەكەوێت، لە شارۆچكەی خورماڵ درێژە بەكاری ڕێكخستن دەدات، ساڵی ١٩٨١ بە هۆێ شەڕی عێراق-ئێرانەوە ئاوارەی سلێمانی دەبن و پەیوەندی بە ڕێكخراوی سلێمانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات.

دوای تەواوكردنی خوێندن، ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە ناوچە ئازادكراوەكانی سنوری شارەزوور و قەرەداغ، دواتر لەڕێگەی كۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەكرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ئاوەكەڵە، بەهۆی تێكچونی بارودۆخی ناوچەكە ساڵی ١٩٨٧ ئاوەكەڵە بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ هێزەكانی پێشمەرگە دەچێت بۆ سنوری هەڵەبجە و دەستدەكات بەكاری ڕێكخستن، لەگەڵ كیمیابارانی هەڵەبجەدا و بەركەوتینیان بەو چەكە ئاوارەی ئێران دەبن و لە وڵاتی ئێران چارەسەر وەردەگرن، دواتر لە ئۆردوگای (كانی دینار)ی ناوچەی مەریوان دەمێنێتەوە و بەشداریی چالاكی پێشمەرگە لە گوێزێ و سادر و چەكوچ دەكات.

دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حكومەتی هەرێم درێژە بە خوێندن دەدات و دەتوانێت بڕوانامەی بەكالوریۆس لە كۆلێژی یاساو ڕامیاری/ بەشی ڕامیاری بەدەستبهێنێت.

لە ئێستادا ئەفسەری ئاسایشە بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

### * کەریم حەسەن سەعید حەسەن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ئەندامی ڕێکخستن و پێشمەرگەی دێرین، لە ١٩٦٠/١١/١ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر بابانیەکان، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، هەر لە سلێمانی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە جێبەجێ دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری مەڵبەنی یەک، ماوەی دوو ساڵ لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا سەرەڕای کاری پێشمەرگایەتی بەهۆی خەت خۆشیەکەیەوە کاری هونەری چەند پۆستەرێک بۆ پێشمەرگە شەهیدەکان دروستدەکات، پاشان لە ڕێگەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی گورگەدەر لە ناوچەی شارباژێر، سەرەڕای کاری مامۆستایی بەشداری چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی گوندنشینەکان دەکات، دوای چۆڵکردنی گوندەکانی شارباژێر، دەچێتە سەرگەڵوو و لە نەخۆشخانەی سەرگەڵوو کاردەکات، دواتر ئەنفال ناچاری دەکات ڕووبکاتە گوندەکانی سەر سنوور.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (سروشتی) بنەڕەتی لە کانی کوردە/ سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * غەفور محەمەد سەعید مەعروف



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکردووە، پاشان هەر لە سلێمانی ئامادەیی پیشەسازی تەواودەکات، ساڵی 1981 پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، دوای تەواوکردنی خوێندن، لەلایەن ڕژێمەوە بانگ دەکرێت بۆ سەربازی، بەڵام سەربازی کردن بۆ ڕژێم ڕەد دەکاتەوە و ڕوو دەکاتە ناوچە ئازادکراوەکان، لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە، لەوێوە پەیوەندی دەکات بە مامۆستایانی شۆڕشەوە ولەگەڵ مامۆستا (هیوا ئەحمەد نەسروڵڵا) دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سەرزەل، لەکاری مامۆستایی و هاوکاری پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکە بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیمایەکی ژیان دێنێت و گوندەکەیان خاپوور دەکرێت.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * فاتیح نەجمەدین ڕەسوڵ

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی گومەتەی ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی جووتیاری زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە لیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆیان کە ئەوکاتە ناوچەیەکی ئازادکراوبوو لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، تیپی ٥٥ی قەرەداغ سەرپەرشتی ناوچەکەی دەکرد.

دوای داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقەوە، پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، وەک سەرپەرشتیار و دواتر وەک مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکانی مەسۆیی و گومەتە دەستبەکار دەبێت، دواتر دەکرێت بە ئەندامی

لێژنەی سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبیت تا شالآوی دووی ئەنفال، کە ناوچەکە لە دوکەڵی کیمیاودا نغرۆ دەکات، سەرەڕای شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆری هاوولآتی، تەواوی گوندەکانی ناوچەکەش خاپووردەکرێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی شادمانی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * فاتح ئەبوبەکر سەدیق

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی کانی هەنجیری ناحیەی سورداش/ قەزای دوکان لە خێزانێکی رەنجدەرو کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە قەمچوغە تەواوکردووە و ناوەندی لە قەزای دوکان، دواتر خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی تەواودەکات. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکات لە توژەڵە و نۆکان، هەر لەوێ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی شێنێ، لە گوندی بالیسان بەشداری کۆنفرانسی مامۆستایان دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆیان و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی قەمچوغە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالآوەکانی ئەنفال، دوای ئەنفال لە کەرتی ٦ی ناوچەی شلێر و ناوخوان دەبێت بە پێشمەرگە، ماوەیەکیش پێشمەرگایەتی دەکات.

لە ئێستادا بەردەوامە لە کاری مامۆستایی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

**❊ فوئاد فایەق فەرەج خانە**

ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی (نەوتی)ی ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی ماندونەناس و شۆڕشگێڕ چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی نەوتی و ئاوایی شێخ مستەفا تەواوکردووە، ناوەندیی و ئامادەیی و پەیمانگای تەکنیکی لە سلێمانی تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٩ لەکاتێکدا خوێندکاربووە لە سلێمانی لە ڕێگەی مەلا ئەحمەدی دەلوجەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازدکراوەکانی سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ و درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی نەوتی، لە هەمان کاتدا وەک پێشمەرگەیەک بەشداری زۆربەی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە دەکات لە سنوورەکەدا، لە کاری مامۆستایی و پێشمەرگایەتی بـەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، لە ئەنفالەکاندا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە درێژە بەخەبات دەدات.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

**❊ فازیل حەمە ڕەئووف ئەحمەد نەجیب**



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گومەتەی ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش، خێزانێکی کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە سێوسێنان و ناوەندیی لە دەربەریخان تەواوکردووە، پاشان دەچێتە شاری سلێمانی و خانەی مامۆستایان تەواودەکات، لە پایزی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەک، سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، دواتر لەسەر داوای مەڵبەند لەگەڵ مامۆستایان (جەمال نەسرەدین و مەجید جەعفەر) دەکرێن بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی بەڵخەی قەرەداغ.

لە كاری ماموٚستایی بەردەوام دەبن تا شاڵاوەكانی ئەنفال دەستپێدەكات و قوتابخانە و گوند و هەموو ڕوخسارەكانی ژیان خاپووردەبێت.

لە ئێستادا بەردەوامە لە كاری ماموٚستایی، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

## * قارەمان عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین شەریف



ماموٚستای شوٚڕشی نوێ و پێشمەرگە و ڕێكخستنی دێرین، لە ١٩٦٥/٤/٢٠ لە گەڕەكی كانی ئاسكانی شاری سلێمانی، لە خێزانێكی كوردپەروەر و خەباتگێڕ چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قوٚناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی ماموٚستایان تەواو دەكات، هەر لە قوٚناغەكانی خوێندن و لە ساڵی ١٩٧٩ لە سورداش ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێكخستنەكانی كوٚمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان دروستدەكات، ساڵی ١٩٨٤ دوای تەواوكردنی خوێندن، وەک هێزی پشتیوانی لە سنوری مەڵبەندی دوو، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات، بەشداری زوٚر چالاكی پێشمەرگانە لەسنوری مەڵبەندی دوودا دەكات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە كوٚمەڵەی ماموٚستایانی شوٚڕشی نوێوە دەكات و دەكرێت بە ماموٚستا لە قوتابخانەی گوندی (هوٚمەر قەوم) لە سنوری سورداش، لە هەمان كاتدا خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوٚ پێشمەرگەكانی سنوری سورداش دەكاتەوە، لە كاری ماموٚستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەكانی ئەنفال كوٚتایی بە هەموو سیماكانی ژیان دەهێنێت لە كوردستاندا، بەشداریی چەندین چالاكی پێشمەرگانەی كردووە، بەهوٚی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لەلایەن ڕژێمەوە بریندار دەبێت.

لە ئێستادا ماموٚستایە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

*** لەتیف محەمەد دەروێش حسێن**

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە دکتۆر لەتیف لە ١٩٦٢/٦/١ لەگەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و پەیمانگای تەندروستیی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و بە دڵسۆزی ئەنجام دەدات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە،ماوەیەک پێشمەرگە دەبێت، بەهۆی شەهیدبوونی نەجاتی برایی و باری نەخوازراوی خێزانەکەیان، ماوەیەک لە گوندی سوێراوا دادەنیشێت، دواتر لە ڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سوێراوای ناوچەی قەرەداغ.

لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوی دوو بۆسەر ناوچەکەیان، دواتر بەشێوەی نهێنی دەگەڕێتەوە ناو شاری سلێمانی، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، ئەندامی ڕێکخستنە دێرینەکان و ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * مەریوان حەمە ساڵح حەمە ڕەش کاکە مەند



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا عوسمان، لە ١٩٦١/٦/٢٦ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواودەکات، پەیمانگای کارگێڕی و ژمێریاری لە بەغداد تەواوکردووە، ماوەیەک وەک فەرمانبەر لە شاری تکریت دادەمەزرێت.

ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری تیپی ٢٣ی سورداش، پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوەدەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی زەرزی لە ناوچەی سورداش،تەنها بەوەشەوە ناوەستێ بەشداری دەکات لە بوژاندنەوەی قوتابخانەکانی گوندەکانی (قۆچبلاخ، گەورەدێ، کەڵەشێرە، شورناخ) کە هەموویان لە سنوری چالاکی تیپی ٢٣ی سورداشدا بوون، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال، لە ئەنفالدا حەوت لە قوتابیەکانی ئەنفال دەکرێن.

لە بارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایی لە شۆڕشدا واتە بوژانەوە، هەستانەوە، نوێبوونەوە، مامۆستایان لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و نالەباردا وەک سەربازێکی ون، ماندوونەناسانە درێژەیان بە کارو خەباتدا.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بانقی باخان لە سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

### * محەمەد حەمە ڕەشید مەحمود



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە بەرواری ١٩٦٦/١٢/١٩ لە گوندی سێوسێنانی ناوچەی قــەرەداغ، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش ، کوردپەروەر و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان لە سێوسێنان و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، پاشان خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨١ لە سێوسێنان، لە ڕێگەی حاجی ئومێدەوە (ئومێد سەعید گەوهەر) کە کادری ڕێکخستن بوو، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، کە ئەوکات سەر بە هەرێمی ٥ی قـەرەداغ بوو، دوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان، پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی چەمی سمۆر، لەپاڵ کاری مامۆستایدا بەشداری چالاکی پێشمەرگە دەکات لە سنورەکەی خۆیاندا، بەتایبەتی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کەرتی دوو، لەوانەش ڕزگارکردنی چیای گڵەزەردە و ئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ و شەڕی چیای زەردە، لەگەڵ دکتۆر فایەق و دکتۆر ناسیح، هاوکاری چارەسەری بریندارەکانی کردووە. لە مامۆستایی و چالاکی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، بەتایبەتی ئەنفالی دوو کە گوندەکانی سنوری قەرەداغی بەتەواوی خاپورکرد و گوندی سێوسێنانیش بە کیمیاوی خنکێنرا.

دوای ڕاپەڕین پەیوەندی دەکاتەوە بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە و تا ئێستا بەردەوامە لەو ڕێکخراوەدا.

لە ئێستادا کارمەندی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * محەمەد عەلی محەمەد ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی دوکانی ناوچەی قـەرەداغ لە خێزانێکی ماندوونەناس و کـوردپـەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی نەخۆشەوانی (اعدادية التمريض) لە سلێمانی تەواودەکات. ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێگەی (مەریوان مستەفا)وە پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە (ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە پۆلی ٢ی قەرەداغ، ساڵی ١٩٨٣ هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەنجومەنی گوندی دوکان، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی مەزن بوو، لە هەمان کاتدا وەک کادرێکی تەندروستی دەستبەکار دەبێت، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ.

ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای شۆڕش دەکرێت بە مامۆستا لە گوندی دوکان، لەگەڵ کاری مامۆستاییدا وەک پێشمەرگەیەک بەشداری چالاکییەکانی کردووە لە گرتنی بورجەکەی دارەڕەش و ئازادکردنی ناحیەی قەرەداغ و شەڕی جادەی سیروان - هەڵەبجە.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا (ئەسعەد حەسەن ناوخاس، فاروق محەمەد ڕەشید، جەلال ناسر فەرەج، جەمال ناسر فەرەج، حەسەن محەمەدئەمین محەمود، شێرزاد ئەحمەد ڕۆستەم، حەسەن عەلی عەزیز، دیاری و زاهیر کە هەردووکیان خەڵکی گوندی باوەخۆشێن بوون) لە نزیک گوندی دسکەرە دەکەونە بۆسەی ڕژێمەوە، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر، پاش مانگێک بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕش هەموویان بە پیشە مامۆستا نەبوون، دەرچووی ئامادەیی و پیشەسازی و بازرگانی و زانکۆشی تێدابوو، مامۆستای شۆڕشی نوێ وەک توێژێکی تینوی خەبات، بۆ خستنەوەگەڕی پرۆسەی خوێندن لە ناوچە ئازادکراوەکاندا تێکۆشاون، لە پێناو پوچەڵکردنەوەی پیلانە گڵاوەکانی ڕژێمی بەعس.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * محەمەد عەلی مەحمود مارف



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە چیا، لە ١٩٦١/٥/١ لە ناحیەی عەربەت لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارۆچکەی عەربەت تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی، ساڵی خوێندنی ١٩٨١- ١٩٨٢ خانەی مامۆستایان تەواودەکات.

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێگەی هاوڕێیەکی بەناوی (کەریم عەبدوڵڵا ڕەشید) پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر لە خۆبوردوانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە یەکیتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، پاش داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لە قوتابخانەی گوندی پوشێن درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا کاتی ئەنفالەکان و خاپورکردنی گوندەکەیان. بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی.

لە بارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕش تەنها مامۆستا نەبوون، بەڵکو لە هەندێ کاتدا پزیشک و پێشمەرگەبوون یان لەکاتی پێویستدا وەک پێشمەرگە چەکیان هەڵدەگرت و بەشداریی بەرگری و چالاکی پێشمەرگانەیان دەکرد.

لە ئێستادا جێگری لقی سلێمانی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * محەمەد ساڵح مەحمود زۆراب



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا محەمەدی قامیش، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی قامیشی قەزای ماوەت، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەكەی خۆیان و ناوەندی لە ماوەت تەواوكردووە، پاشان لە سلێمانی خانەی مامۆستایان تەواودەكات، دوای تەواوكردنی خوێندن دەكرێت بە سەرباز، بەڵام ڕیزەكانی سوپای عێراقی بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ئۆردوگای زۆرەملێی كارێزە، ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا پۆلی ڕێكخستنی كارێزە دروستدەكەن، كە سەربە كەرتی ڕێكخستنی ئاسنگەران بوو، كاك جەبار فەرمان كەرتەكەی بەڕێوەدەبرد، لە سنوری تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە دۆڵی جافایەتی.

دواتر كارێزە بەجێدەهێڵێت و بۆ ماوەیەك لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون دەبێت بە پێشمەرگە، بەڵام لەسەر داوای یەكێتی نیشتمانی دەكرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندەكانی ولاغلوو و گاپیلۆن، لە كاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێكی شاڵاوەكانی ئەنفال.

دوای ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩٢ لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێم بە مامۆستا لە گوندی قامیش دادەمەزرێت.

لە ئێستادا بەردەوامە لەكاری مامۆستایی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * مەولود حەمە ڕەشید محەمەد



پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، لە هەمان کاتدا مامۆستای شۆڕشی نوێ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەری گوندی سرۆچکی شارباژێڕ هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە تا بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لە کشتوکاڵدا، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر سەرکەوتووانە بەئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن، دواتر لە مانگی ١٩٨٥/٤ تا ١٩٨٧/٥/١٠ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی شوکێ، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەبێتەوە بە پێشمەرگە لە بەشی کۆمەڵایەتی تیپی ٥٥ی قەرەداغ.

بەهۆی بەردەوامی لەخەبات و شۆڕشدا، ساڵی ١٩٨٧ خێزانەکەیان (دایک و باوک و خوشکەکان) لەلایەن ڕژێمەوە دەستبەسەر دەکرێن و دەست بەسەر ماڵەکەشیاندا دەگیرێت.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: «ڕژێم قوتابخانەی گوندە ئازادکراوەکانی داخست، منداڵان بێ بەشکران لە خوێندن، مامۆستایانی شۆڕشی نوێ کە بە چراکانی شاخ ناودەبران، دەرگای قوتابخانەکانیان کردەوە و بەردەوامییان بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن دا».

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * مەجید جەعفەر محەمەد عەلی



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گومەتەی ناوچەی قـەرەداغ، لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سێوسێنان و ناوەندی لە دەربەندیخان تەواوکردووە، دواتر خانەی مامۆستایان لە سلێمانی تەواودەکات، پاش تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی ساڵێک وەک وانەبێژ لە قوتابخانەی گوندی سێوێنان دەکرێت بە مامۆستا، دوای بانگکردنی بۆ سەربازی، دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لە سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، کە قوتابخانەکانی سنورەکە لەلایەن ڕژێمەوە دادەخرێت، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوڕێیدا (فازیل حەمە ڕەئوف ئەحمەد، جەمال نەسرەدین ڕەسوڵ، حەسەن باقر ئیسماعیل، عەبدوڵڵا غەریب ڕەسوڵ)، قوتابخانەی گوندی بەڵخە دەکەنەوە و بەهاوکاری مامۆستایانی شۆڕش درێژە بە پرۆسەی خوێندن و پـەروەردە دەدەن، لەهەمان کاتدا خولێکی ڕاهێنان بۆ دەرچووانی بەشەکانی تر (پیشەسازی، کشتوکاڵی و بازرگانی) دەکەنەوە بۆ پڕکردنەوەی میلاکی مامۆستایان، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوی ئەنفالی دوو کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دەهێنێت. لە کیمیابارانکردنی ناوچەکەدا بریندارەبێت، تا ئێستاش کاریگەری کیمیاوی لەسەرە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بە شێوەیەکی نهێنی دەگەڕێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، بەڵام لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگیرێت و ڕەوانەی کەرکوک دەکرێت، دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی دەرسیمی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * نەجاح جەمیل حامید



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٧ لە قەزای قەرەداغ لە خێزانیکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خویندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ لە قەرەداغ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە دەکات، دواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لای فوئادی حاجی قادر، لە ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی سەرکۆی قەرەداغ دەستبەکار دەبێت، لە کاری مامۆستایی و پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت تا دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، دواتر بە ئاگاداری مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی و شێخ ئەحمەدی بەرزنجی دەگەڕێتەوە ناوشار، بەڵام لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە لە ١٩٩٠/١٠/٢ دەستگیردەکرێت، لەبەرواری ١٩٩١/٤/٢٠ بە بڕیارێک ئازاددەکرێت. لە مانگی ئایاری ١٩٩١ لە بەتالیۆنی شارەزوور دەبێتەوە بە پێشمەرگە، لە پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٩٧ دەکرێت بە فەرمانبەر لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، لەکاری ڕێکخستن بەردەوامە.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزانداره و خاوەنی چوار منداڵە.

### * نەزیرە فەریق فەرەج میرزا



ڕێكخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٣ لە خێزانێكی شۆڕشگێڕ و كوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوكردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ شەهید سەربەست، كە فەرماندەی كەرتی ١ی تیپی ٥٧ی سەگرمە دەبێت ژیانی هاوسەری پێكدەهێنێت، دوای داخستنی قوتابخانەكانی ناوچە ئازادكراوەكان لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە، لەلایەن كۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەكرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دۆڵانی سەرووی ناوچەی قەرەداغ، لە كاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوی ئەنفالی دوو تەواوی ناوچەی قەرەداغ ڕادەماڵێ و هەموو سیماكانی ژیان دەسڕێتەوە.

لە ئێستادا لە هەندەران درێژە بە ژیان دەدات و خاوەنی سێ منداڵە.

### * نەرمین حسێن ڕەمەزان حەسەن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە چیا، لە ١٩٦٦/١/١ لە شاری سلێمانی لە خێزانێكی تێكۆشەر و كوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خویندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوكردووە، دوای ڕاپەڕین درێژەی بە خوێندن داوە و بڕوانامەی ماستەری لە بەڕیوەبردن بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە لە كەرتی ڕێكخستنی پێنجوێن، ئەندامێكی چالاكی ڕێكخستنەكان بووە، هانی خەڵكی داوە بۆ خۆپیشاندان و بەشداریكردن لە ڕێكخستنەكاندا، بەردەوام پێداویستی پزیشكی و كۆمەكی بۆ هێزەكانی پێشمەرگە پەیداكردووە و پێی گەیاندوون، بەشداری لە فڕاندنی ئەندازیاری كۆری كردووە كە ئۆتۆمبێلێكیشیان پێبووە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە وەک مامۆستای شۆڕش ماوەیەک لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە قوتابخانەی گوندەکانی زورکان و گەلاڵە مامۆستایی کردووە.

بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە سلێمانی، خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵە.

### * هادی محەمەد عەبدولڕەحمان عەزیز

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی سورداش – قەزای دوکان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. خوێندنی سەرەتایی لە سورداش و ناوەندی لە دوکان تەواوکردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە خانەی مامۆستایانی سلێمانی، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پاش تەواوکردنی خانەی مامۆستایان، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی دوو، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەمامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی شەدەڵە.

لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان.

*** هۆگر محەمەد ئەمین**




مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا هۆگر، ساڵی ١٩٦٥ لەگوندی سێوسێنانی ناوچەی قـەرەداغ لە خێزانێكی تێكۆشەر و كوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواودەكات. لەگەڵ بڕینی قۆناغەكانی خوێندندا، هەوڵی خۆ ڕۆشنبیركردنیش دەدات، بەشداریی خۆپیشاندانەكانی هەشتاكانی شاری سلێمانی كردووە، لە ڕۆژی قەدەغەی هاتوچۆكەی سەر شاری سلێمانی لە ١٩٨٥ /١٠/١٧ بۆ ماوەی شەش مانگ لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگیرێت و توشی لێپێچینەوە و ئەشكەنجە دەبێت، پاش ئازادكردنی ڕوو دەكاتە ناوچە ئازادەكان و پەیوەندی بەیەكێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەكات لە قەرەداغ، پاشان دەكرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مچەكوێری سەر بە قەزای دەربەندیخان، هەر لەو گوندەدا بنكەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ گوندنشینەكان دەكاتەوە و پەیوەندییەكی تەواو لەگەڵ خەڵكەكەدا دروست دەكات و پەناگەیەك بەشێوەی پیتی L بە هاوكاری دانیشتوانی گوندەكە بۆ خوێندكارەكانی دروست دەكات، بە مەبەستی خۆپارێزی لە بۆردومان و تۆپ بارانی دوژمن.

لە كاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەكانی ئەنفال و خاپوركردنی گوندەكانی كوردستان.

لە ئێستادا مامۆستایە، خێزانداره و خاوەنی دوو منداڵە.

## * هیوا ئەحمەد نەسروڵلا محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا هیوا، ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان بۆ درێژەدان بەخوێندن چووەتە پەیمانگای تەکنیکی، لەگەڵ خویندنەکەیدا هاوینان بۆ هاوکاری خێزانەکەی لە چێشتخانەکان شاگردی کردووە، ساڵی ١٩٨٢ هەر لە پەیمانگا لە ڕێگەی هاوڕێیەکیەوە (شەهید ڕزگاری مەڵبەند) پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پاش تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی قەرەداغ لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە، دواتر بەشداری خولی مامۆستایان دەکات، کە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕش بۆ مامۆستایانی سنورەکەی کردبووەوە لە گوندی سێوسینان.

دوای تەواوکردنی خولەکە لەگەڵ مامۆستا غەفوری هاوڕێیدا دەبن بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سەرزەل، لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دروستدەکەن، لەهەمان کاتدا وەک هێزی پشتیوانی بەشداری ئەرکی پێشمەرگایەتی دەکەن، بەردەوام دەبێت لەکاری مامۆستایی تا شاڵاوی ئەنفال ناوچەکەیان دەگرێتەوە و گوندەکەیان خاپور دەکرێت.

ساڵی ١٩٨٩ لەناو شاری سلێمانی لەلایەن مەفرەزەیەکی جەیشی شەعبیەوە دەگیرێت و پاش سێ مانگ لە ئەشکەنجەدان، بەلێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت.

### بەسەرهاتێک: (نەنە پیرۆز ئازایە) ..

لەکاتی مانەوەم لە سەرزەل دایکمم لەگەڵ بوو، ڕۆژێک چەند کۆپتەرێکی ڕژێم بۆردمانی گوندەکەمانی دەکرد، لەو کاتەدا دایکم خەریکی چێشت لێنان بوو، لەبەرئەوەی گوێی گران بوو، هەرچەند بانگمان دەکرد خۆی بشارێتەوە بەڵام گوێی لێ نەبوو، عەبدوڵڵای مام

قادر کە دانیشتوویی گوندەکەبوو وتی «بەخوا نەنە پیرۆز ئازایە» نەیزانیبوو کە گوێی گرانە.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت «مامۆستای شۆڕش ئەو مرۆڤە لەخۆبوردووەیە کە هەموو ژیانی لاوێتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان، ئەو چرایە کە ڕوناکی بۆ چواردەورەکەی دەبێت، کەسێکە ماندوو لە ژیان، چاوەڕێی هیمەت و هەوڵی تێکۆشەرە ماندوونەناسەکانە بۆ پاراستنی ژیان و پاداشتی تێکۆشەرە ماندووبوونی، کە کاتی خۆی چاوەڕێی پاداشت نەبوو.

لە ئێستادا بەردەوامە لە کاری مامۆستایی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * هەمزە محەمەد ئەمین مەجید



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی جافەرانی ناوچەی قەرەداغ، لە خێزانێکی جووتیاری زەحمەتکێش و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە جافەران و ناوەندی لەقەرەداغ تەواوکردووە، پاشان لە سلێمانی ئامادەیی کشتوکاڵ تەواودەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە قەرەداغ و تێکەڵ بە شۆڕش و کاری سیاسی دەبێت، دواتر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی جافەران، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوی ئەنفالی دوو کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دەهێنێت لە ناوچەکەدا.

لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکەیان، دووجار بەر چەکی کیمیاوی دەکەوێت و بریندار دەبێت، باوکی بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و لە سەردەمی شۆڕشدا برایەک و خوشکێکی بە ناوەکانی (کەمال محەمەد ئەمین و ناسکە محەمەد ئەمین) شەهید دەکرێن.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەرەداغ، خێزاندارە و خاوەنی نۆ منداڵە.


*** واحید عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا**

ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٦ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێشی گوندی هەڵەدنی ناحیەی سورداش/ قەزای دوکان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە هەڵەدن و ناوەندی لە سەرگەڵوو و ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری تیپی ٣٤ی ئاسۆس، دوای داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە، پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و لەگەڵ مامۆستا (محەمەد حاجی کەریم) ی هاوڕێیدا، دەبن بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی (دۆڵەبی)ی ناحیەی بنگرد. لەپاڵ مامۆستاییدا دەبێت بە هێزی پشتگیری لە گوندی هەڵەدن، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لەگەڵ و باوکیدا بە چەکی کیمیاوی بریندارەدەبن، دواتر لەگەڵ بەشێک لە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەدەکەن بۆ وڵاتی ئێران.

دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان و لە گوندی هەڵەدن وەک مامۆستای خۆبەخش بۆماوەی چوار ساڵ بەردەوام دەبێت، دواتر لە حکومەتی هەرێم بە پیشەی مامۆستایی دادەمەزرێت.

تا ئێستا بەردەوامە لەکاری مامۆستایی.

## * یاسین حسێن عەبدوڵڵا قادر



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، لە ١٩٦٠/٢/٢ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ لە سلێمانی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر لەخۆبوردووانە جێبەجێدەکات،

دوای ئەوەی رژێم تەواوی یەکە کارگێڕیەکانی خۆی لە ناوچە ئازادکراوەکان کشاندەوە، وەک کەسێکی دڵسۆز بە نیشتمان و نەتەوەکەم، پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد و داوام لێکردن کە وەک مامۆستایەکی شۆڕش قبوڵم بکەن بۆ بەشداریکردن لە کردنەوەی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان، بە خۆشحاڵیەوە داواکەیان قبوڵ کردم و وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی تەنگی سەر دەستبەکار بووم، لەم ڕووەوە هاوڕێم (ڕزگار بەکر) زۆر هاوکارم بوو. بەشداری خولی وانە وتنەوەم کرد کە لە گوندی تەکیە وانەکانمان دەخوێند، لەو ماوەدا مامۆستا بەهادین نوری وانەی ئابوری زیادکرد و خۆی ئەو وانەی پێدەوتینەوە، هەر لەلەیەن ئەویشەوە خواردنی بەیانیان و نیوەڕوانمان بۆ ئامادە دەکرا، کە نزیکەی (٨٠) مامۆستا دەبووین و لە مزگەوتەکەدا وانەکانمان دەخوێند.

بەداخەوە شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو هیواو ئاوەتەکانمانی لە گۆڕناو قوتابخانە و گوند ومزگەوتەکانیشی خاپورکرد، لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەک گەنج و پیر و ژن و منداڵی ڕاپێچی مەرگ و گۆڕی بەکۆمەڵ کرد.

لە ئێستادا مامۆستایە لەقەزای قەرەداغ، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * یاسین عەلی قادر ئەحمەد



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٧ لە شارۆچکەی بەرزنجە/ قـەزای سەید سادق لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرتایی و ناوەندی لە بەرزنجە تەواوکردووە، پاشان لە شاری سلێمانی خانەی مامۆستایانی تەواودەکات. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە شانەی سەرەکی ژمارە (٢)ی پۆلی بەرزنجە، کە بەڕێز (حەکیم هندی) سەرپەرشتی دەکرد، درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لەتیپی ٣١ی سلێمانی، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی سنورەکە دەکات. دواتر لەلایەن کاک بەکری حاجی سەفەرەوە داوای لێدەکرێت پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە بکات. لەسەرگەڵوو پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە. لەگەڵ کاری پێشمەرگایەتیدا، هاوکارو هاوخەمێکی تەواوی مامۆستایان و ڕێکخراوەکە دەبێت. دوای گواستنەوەی بۆ سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ دەکرێت بە لێپرسراوی بارەگای تیپ و فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٤ی هەمان تیپ.

لەدوای ڕاپەڕین بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی، لە ئێستادا لە یەکەی سەرپەرشتکردنی پـەروەردەی ڕۆژهـەلاَت وەک یاریدەدەری سەرپەرشتیاری یەکەم کاردەکات، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

### * یاسین سەعید ئەحمەد سلێمان



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی باڕۆیی ناحیەی بازیان، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش، خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. خوێندنی سەرەتایی لە باڕۆیی و ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦ دوای تەواوکردنی خوێندن پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٢ی بازیان لە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە، دواتر پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی باڕۆیی، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات و تەواوی ناوچەکە لەژیان دادەماڵێت و تەواوی گوندەکان خاپور دەکات.

لەڕاپەڕیندا چالاکی بەرچاوی دەبێت، دوای ڕاپەڕین چەند ساڵێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کاردەکات، دواتر و لە ساڵی ١٩٩٥ بە فەرمانبەر لە پەروەردە دەستبەکاردەبێت لە قوتابخانەی ڕەوشتی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.



مامۆستا عائیشە لە گوندی دارزاین ساڵی ١٩٨٣ سەردەمی شۆڕش




مامۆستایان و خوێندکارانی گوندی خاوێ



**یادکردنەوەی شەهیدانی شۆڕش لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانی شۆڕش - عیسا نوری محەمەد مەحمود - گوندی خاوێ**



**مامۆستا عائیشە لەکاتی ئەرکی مامۆستایی لە گوندی دارزاین ساڵی ١٩٨٢ - شۆڕش**


١٢٠ - [illegible] بەلێی ماموّستایانی کوردستان - [illegible]
لشت هێزی پێشمەرگەی [illegible]ستان و هەڵگری بەرزی
کوردستانی تێکوشەر؛ [illegible] شۆڕشگێڕانەی گەلەکەم.
ئێران / هەڵگری نووسراو ماموّستا
طالب حەمە عزیز ئەندامێکی چالاکی
[illegible] لە ٥ ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٨٨
ماموّستای شۆڕش بووە لە [illegible]
تیپی ٥٥ی قەرەداغ لە [illegible]

ئەندامی [illegible] ناوچەی
کاروباری [illegible]
ڕاسپاردەی [illegible]
کوردستان [illegible]
١٩٩١-١٠

**بەڵگەنامەی طالب حەمە عەزیز - ئەندامی چالاکی (ی. م. ک)**




**خوێندنگەو خوێندکارانی گوندی جولانەی عەربەت**



خوێندكارانی گوندی وڵاغلوو لەگەڵ مامۆستا محەمەدساڵح مەحمود



خوێندكارانی گوندی خاوێ - سلێمانی



شانۆیی چاوەڕوانی باوک - شۆڕش



سەیرانی قوتابیانی قوتابخانەی بەڵخەی قەرەداغ - قوتابخانەی شۆڕش
١٦ - ٤ - ١٩٨٦ - مامۆستا مەجید جەعفەر




سەیرانە بەهاری ساڵی ١٩٨٥ - خوێندکارانی گوندی باڵخ - مامۆستایانی شۆڕش - ل. شەهید محەمەد عەبدوڵڵا ، م. محەمەد ئیبراهیم ، م. ئەحمەد اسماعیل ، م. کەریم حسین نوری




خوێندکاران و مامۆستایانی قوتابخانەی زەرزی تێکەڵاو




مامۆستا قارەمان و سەبیحەخانی هاوسەری



مامۆستا فەرهاد - عومەر حاجی حسێن - گێڵەدەر



سمکۆ - مستەفا - شەهید بەکری خطاط



مامۆستا بورهان ساڵح - گوندی گێڵەدەر




مامۆستا كامەران عەلی مەچۆل لە پۆلدا



**مامۆستا کامەران عەلی مەچۆل و چەند مامۆستاو کارمەندو خوێندکارێکی قوتابخانەی قازان قایە دوای نمایش کردنی شانۆگەرییەک**

## دووەم:

# مامۆستایانی شۆڕشی نوێ – لقی کەرکوک

## * ئاوات ئەمین ئیبراهیم فەتاح



مامۆستای شۆڕش و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئاوات، لە ١٩٦٢/٢/٥ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە پۆلی ڕیکخستنی دوز، زۆر چالاکانە و لەخۆ بوردووانە کارەکانی ڕیکخستن جێبەجی دەکات، بەهۆی ئاشکرابوونی بەنهێنی شار بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنوری تیپی ٥٧ی کەرتی ٤ی جەباری پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی قۆچەلی قادرکەرەم، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان، لەپاڵ کاری مامۆستایدا پەناگە بۆ قوتابیەکان دروستدەکات، لەهەمان کاتدا وەک پێشمەرگە بەشداری چالاکی کردووە، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ ماوەیەک لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بەنهێنی لە ناوچەکە دەمێنێتەوە، پاشان لە شەوێکدا دزە دەکاتە کەرکوک و بە دایک و خانەوادەکەی شاد دەبێتەوە، هەر بەنهێنی لەماڵی خۆیان دەمێنێتەوە تا بەلێبوردنی گشتی دەگەڕیتەوە بۆ سەربازی لای ڕژێم.

لەکاتی مامۆستاییدا هاوکاری خەڵکی گوندی کردووە لە کاری کشتوکاڵی و دابینکردنی دەرزی و دەرمان و دروستکردنی حەشارگە بۆ قوتابیەکان. لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی قۆناغی مامۆستایی شۆڕشدا، مامۆستا (عەبدین)ی هاوڕێی زەماوندی دەکرد و ژنی دەگواستەوە، لە ڕۆژی شاییەکەیدا کە بوکیان لە چەمچەماڵەوە بۆ دەهێنا بۆ گوندی جانی، هەر ئەو ڕۆژە و پێش گەیشتنی بوک، ڕژێم تۆپبارانی گوندی جانی دەکات و مامۆستا (عەبدین)

شەهید دەبێت.

لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریی چالاکانەی دەبێت لە ئازادکردنی کەرکوکدا، دواتر دەگەڕێتەوە سەرپیشەی مامۆستایی لە سنوری چەمچەماڵ، دوای ئازادکردنی عێراق دەگەڕێتەوە کەرکوک و لە ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٨ لە ئۆفیسی مادەی ١٤٠ لەپارێزگای کەرکوک دەست بەکار دەبێت.

لەئێستادا سەرۆکی لقی کەرکوکی مامۆستایانی شۆڕشی نوێیە، خانە نشینە، خێزاندارەو خاوەنی پێنج منداڵە.

### * ئازاد مەجید محەمەد ئیسماعیل



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئـازاد، لە ٧٦٩١/٧/٢ لە گەڕەکی بەرتەکیەی شارە خۆشەویستەکەی کەرکوک چاوی بەژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، لە ساڵی ٦٧٩١دا بەهۆی (عەلی مەجید)ی برایەوە، کە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوو، زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەیان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراقیەوە دەستبەسەردەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکانی بەسرە دکرێن، ساڵی ٧٧٩١ (عەلی مەجیدی) برای لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی هاوڕێیدا دەکەونە کەمینی دوژمنەوە و شەهید دەکرێن، هەر ئەو ساڵە (مەجید محەمەد)ی باوکیشی لەبەسرە شەهید دەبێت، بەداخەوە تەرمی هیچیان ناگاتەوە دەست خێزانەکەیان، هەردووکیان گۆڕیان نادیاردەبێت، لە ساڵی ٨٨٩١ دایک و خوشکەکەی بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێن، لەو ماوەیەدا کە ئەوان گیرابوون، لەگەڵ برایەکیدا لەماڵی خوشکێکی دەبێت، دوای گەڕانەوەی دایک و خوشکەکەی دیسانەوە ماڵێکی نوێ دروستدەکەنەوە. ئەم تێکەڵیەیان لەگەڵ شۆڕش و سیاسەتدا هەر زوو دەیخاتە سەر ڕێچکەی کوردایەتی، ساڵی ٢٨٩١ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە کەرتی شەهید ئەنوەر حەسەن لە کەرکوک.

ساڵی ٥٨٩١ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە سنوری تیپی ٥٢ی خاڵخالان، لە هەمان تیپ (عەزیز مەجید)ی برای پێشمەرگە دەبێت، بۆیە دوا لەم دەکەن کە پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە بکات و وەک مامۆستایەکی شۆڕش درێژە بە خەبات بدات، دواتر دەبێت بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی (بۆڵقامیش)، کە ئەوکات مامۆستا (فایەق حامد عارف)، بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ڕزگاری مامۆستایانی شۆڕش بوو، بەڵام بە هۆی شاڵاو و بۆردمانی بەردەوامی هێزەکانی ڕژێمی عێراقی، دانیشتوانی گوندی بۆڵقامیش ناچار بە چۆڵکردنی گوندەکەیان بوون و قوتابخانەکەش داخرا، دواتر

لە قوتابخانەی گوندی (گەڵناغاج) درێژەی بە کاری مامۆستایی دەدات، بەم شێوەیە لەگەڵ مامۆستا (هێمن) بەردەوام دەبن لە وانە وتنەوە وبەڕێوەبردنی قوتابخانەکەدا، تا شالاوەکانی ئەنفالی چوار لە ٨٨٩١/٥/٣ دەگاتە ناوچەکەیان، پاشان بۆ ماوەیەک پەیوەندی دەکاتەوە بە هێزەکانی پێشمەرگەوە، دواتر بەنهێنی خۆی دەگەیەنێتە ناو شاری سلێمانی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا دروستدەکاتەوە.

لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١)دا بەشداری لە ئازادکردنی شاری کەرکوکدا دەکات، دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، بـەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخراوەیی لە مەڵبەندی دووی کەرکوک، ماوەیەکیش دەبێت بە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاشتی لە کەرکوک، ساڵی ٤٠٠٢ لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی مێژوو درێژە بە خوێندن دەدات و دەتوانێت خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر تەواوبکات، دواتر دکتۆرای لە (مێژووی هاوچەرخی عێراق)دا بەدەستدەهێنێت.

لە ئێستادا لە گەڵ بەرپرسیارێتی کۆمیتەی زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکوک، مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی ئاداب بەشی مێژوو، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * ئازاد محەمەد ساڵح حسین سەلیم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە داودی، ساڵی ١٩٦٤ لە ناحیەی نەوجول – قەزای دوز لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە،قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات لە کەرتی ڕێکخستنی کفری سەر بە مەڵبەندی یەک، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لەکەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٨ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی گەرمک. لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * ئازاد قادر فەتاح محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئازاد، ساڵی ١٩٦٣ لە قەزای دووز– پارێزگای سەلاحەدین، لە خێزانێکی ماندوو نەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی بازیان. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەیەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دواتر دەکرێت بە مامۆستا لە گوندی ئاوباریک، لەگەڵ هاوکاریی کردنی دانیشتوانی گوندەکە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان.

لە ئێستادا کارمەندی کارەبایە، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

## * ئازاد تاهیر فەرەج کەریم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئازاد، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی حەسەن قباغی ناحیەی شوان – پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مەرزیخەی ژووروو تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی زێوەر لە ڕەحیماوای کەرکوک، ئامادەیی پیشەسازی لە کەرکوک تەواو دەکات، هەر لە قۆناغی ئامادەیی و لە ١٩٨٣/٣/٢١ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ.

ساڵی ١٩٨٤–١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی (شەهید ئارام) لە گوندی حەسەن قباغ ، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٨٨، کاتی دەستپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان.

دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٨ لە سەر میلاکی پەروەردەی ئاکرێ وەک مامۆستا دادەمەزرێت، لە ساڵی ١٩٩٩ بەشداریی خولی شیاندنی مامۆستایان، لە پەیمانگای

پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر دەکات، ساڵی ٢٠١٣ لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ پەروەردەی کەرکوک.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (شوان)ی سەرەتایی لە ناحیەی شوان، خێزاندارە و خاوەنی دە منداڵە.

### * ئیسماعیل حسێن ڕۆستەم محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی کارێزی ناحیەی جەبارە – قەزای کفری لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٨١ لە گوندی بەلەگە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، چالاکانە لەکاری ڕێکخستن بەردەوام دەبێت، دواتر کە قوتابخانەی گوندەکان لە لایەن ڕژێمەوە دادەخرێت، پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بەلەگە و پاشان بۆ درێژەدان بەکاری مامۆستایی دەچێتە گوندی ئۆمەربل، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەی (زانا)ی سەرەتاییە لە گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکوک، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## * باقی تەها قادر تەها



مامۆستای شۆڕشی نـوێ، ناسراو بە مامۆستا باقی، لە ١٩٨٤/١/١٥ لە خێزانێکی ڕەنجدەر و کوردپەروەر لە گوندی مەرزیخەی ژووروی ناحیەی شـوان – پارێزگای کەرکوک هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنخدەرانی کوردستانەوە کردووە بەنازناوی هەژار، لە شانەی شەهید حەمە تاهیر قەمبەری لە شاری کەرکوک، چالاکانە بەشداریی کار و چالاکیەکانی ڕێکخستنی کردووە، هەر بەهۆی چالاکی سیاسیەوە نەیتوانی دوای قۆناغی ئامادەیی زیاتر درێژە بەخویندن بدات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و لە گوندەکەی خۆیان (گوندی مەرزیخەی ژوورو) دەبێت بە مامۆستا، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لەڕاپەڕینەکەدا بەشداردەبێت لە ئازادکردنی کەرکوک، پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕێکخستنەکانەوە لە کۆمیتەی ٢ی بنە سڵاوە، دواتر دەگەڕێتەوە کەرکوک و دەبێت بە ئەندام لە کۆمیتەی ٣ی ساحەی تەیران، لە کاری ڕێکخستنی حیزبیدا ئەندامێکی چالاک و کۆڵنەدەرە.

لە ئێستادا یاریدەدەری بەڕیوەبەرە لە قوتابخانەی نەسرەوتن لە کەرکوک.

## * بایز عەزیز لەتیف بەبوش



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا بایز، ساڵی ١٩٦٤ لە خێزانێکی زەحمەتکێشی گوندی خاڵۆ بازیانی ناحیەی قەرە حەسەن – پارێزگای کەرکوک هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە خاڵۆبازیانی و ناوەندی لە کەرکوک تەواوکردووە، پاشان ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٩ لە بەکرەجۆ لە کەرتی ٢ی بازیان، پەیوەندی بە

ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستن دەبێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، کەرتی ٤ی جەباری، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی خاڵۆ بازیانی، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە خوێندن و گوندەکان دەهێنێت.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، ئەنجومەنی گوندی خاڵۆ بازیانییە و بەکاری کشتوکاڵیەوە خەریکە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * بورهان ئەحمەد محەمەد سەلیم

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٥٨ لە شاری کەرکوک، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، توانیوێتی بروانامەی دبلۆم لەبواری کشتوکاڵدا

بەدەستبهێنێت، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، کارەکانی ڕێکخستنی چالاکانە بەئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دواتر لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە گوندی دەلۆی ناوچەی شوان، پاشان دەگوزرێتەوە بۆ قوتابخانەی گوندی سەرچناری ناوچەی شێخ بزەینی، درێژەی بەکاری مامۆستایی داوە تا ساڵی ١٩٨٨ و دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

دوای ڕاپەڕین زیاتر بەکاری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە خەریک بووە، چەند بەرهەمێکی چاپکراوی لە هۆنراوە و ڕۆمان و وەرگێڕان هەیە وەک:

١-کۆچی هەورەکان، کۆمەڵە شیعر ساڵی ٢٠٠٠.

٢- ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم، شیعر ساڵی ٢٠٠٢.


٣-هەرەشەکانی ژنێک، شیعر ساڵی ٢٠٠٦.

٤-بازاڕی ناوخۆیی، ڕۆمان – وەرگێڕان- ساڵی ٢٠١١. کۆمەڵێک بەرهەمی تریش.

ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠٠٧ جێگری بنکەی گەلاوێژ بووە لە کەرکوک، لە ٢٠١٠ – ٢٠١٢ سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەران بووە.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستای شۆڕش زەرورەتێکی سەردەمی شاخ بوو، بەتایبەتی کە ناوچەیەکی فراوانی ئازادکراو لەبندەستی شۆڕشدا بوو، بەهاوکاری خەڵکی گوندەکان و بە پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرۆسەکە زۆر بەباشی بەڕێوە دەچوو.


### * بێستون عەزیز کەریم مەعروف



مامۆستا و پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی نوێ، لە بەرواری ٢٠/٨/ ١٩٦٣ لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک لە قوتابخانەی (ابو ایوب الانصاری) تەواوکردووە، بەهۆی کارکردن و ناهەمواری ژیانی خێزانەکەیانەوە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواوبکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٣ی هەمەوەند، لەتیپی ٥٧ی سەگرمە، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر دەبێت، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لە سنورەکەی خۆیاندا، ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٨ لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی ئەحمەد لەوەن. لەهەمان کاتدا وەک هێزی پشتگیری هاوکاری چالاکی پێشمەرگەی کردووە.

خانە نشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

### * جەوهەر ڕەشید شەریف سلێمان




مامۆستای شۆڕشی نوێ، لە ١/٣/١٩٦٦ لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، دواتر پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات لە ناوچەی

قادرکەرەم، دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی چنگی، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە لە کەرکوک دەستگیر دەکرێت، پاش ئازادبوونی ڕادەگوێزرێنەوە بۆ شارۆچکەی چەمچەماڵ. لە دوای پرۆسەی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکەک و دەبێت بە کارمەندی ئاسایش.

لە ئێستادا کارمەندی ئاسایشە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * جیهاد محەمەد ڕەشید فارس



مامۆستا و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناسراو بە داودی، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی کۆماریی شارۆچکەی دووز لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە،

خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە دووز تـەواوکـردووە، ئامادەیی پیشەسازی لە شاری بەغداد تەواو دەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن پەیوەندی بە زانکۆی تەکنەلۆجی بەغداوە دەکات و بڕوانامەی دبلۆم بەدەست دەهێنێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی زیندانەی ژووروو لە ناوچەی داودە (دەڤەری داوێ)

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## * حەسەن محەممەد ئەمین بەهرام عەبدوڵڵا



مامۆستای شـۆڕش و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوای شـاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەر و خـاوەن قوربانی هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، پاشان لە بەغدا پەیمانگا تەواو دەکات و دەبێت بە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم. نەهامەتیەکانی ئەم خێزانە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستپێدەکات، کاتێک حەرەس قەومیەکان لە شاری کەرکوک دەستیان بە کوشتن و بڕین کرد، باوکی لە گرتووخانەی (موسەیب) زیندان دەبێت، لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی تێکۆشەر بوون، پاش تەواو کردنی خوێندن،ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٢ی کەرکوک، لە کاتێکدا چوار برای لە تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان پێشمەرگە بوون، شەهید دکتۆر حەمیدی برای لە داستانی کلکە سماق لە ١٩٨٧/١/١٠ شەهید دەکرێت، شەهید بوونی ئەم برایەی دەبێتە سەرەتای کارەساتێکی دڵتەزێن بۆ خێزانەکەیان، چونکە هاوسەر و کچی دکتۆر حەمید گیان لەدەست دەدەن.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستا لە گوندی مەرزیخەی ژووروو ( قوتابخانەی شەهید شاهۆ)، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکەیان،

دوای ڕاپەڕین دەکرێت بە ڕابەر سیاسی هێزی تایبەتی مەکتەبی سیاسی لە شاری هەولێر، لەهەمان کاتدا پەیمانگای کادران (خولی شەشەم) تەواودەکات، لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر داوای کاک کۆسرەت، دەچێتە پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و دەکرێت بە لێپرسراوی داگرتن و بارکردنی پاڵاوگەکە.

لەبارەی مامۆستای شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستای شۆڕش ئەو مرۆڤە دڵسۆز و بە هەڵوێستانە بوون، لە ڕۆژگارێکی سەخت و نا هەمواردا، لەژێر ڕەحمەتی تۆپ و فڕۆکەی دوژمندا، درێژەیان بە پرۆسەی خوێندندا و بەرپرسیارێتی ئەو قۆناغەیان گرتە ئەستۆ.

لە ئێستادا سەرپەرشتیاری یەکەی سوتەمەنی چەمچەماڵە و خێزانداره.

## * حسێن شکور عەلی عەبدولکەریم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە ئەبو عەلی ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کەرکوکەوە دەکات، لە کۆمیتەی بازیان، بەهۆی ئاشکرا بوونی ناتوانێت درێژە بەخوێندن بدات، ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی دووز خورماتوو لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، لە گوندی کوڵەکانی کە زێدی خۆیان بوو نیشتەجێ دەبێت، دواتر پەیوەندی دەکات بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی کوڵەکانی، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال. لەکاتی مامۆستاییدا وەک هێزی پشتگیری بەشداریی چەند چالاکییەکی پێشمەرگایەتی دەکات، بەتایبەتی چالاکی تۆڵەی مامە ڕیشە و هاوڕێکانی.

لەدوای ڕاپەڕین ماوەیەک وەک پەیامنێری وەرزشیی ڕادیۆی دەنگی مەڵبەندی چەمچەماڵ، پێشتر بۆ ماوەیەک وەک مامۆستای خۆبەخش کاری کردووە، لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، داینەمۆی شۆڕشی ئەوکاتەو چەسپاندنی هزری نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری بوون لەناو ڕۆڵەکانی کوردا.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە وەزارەتی ئەوقاف، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * حسێن حەمە شەریف ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بەفریاد، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە گوندی شیوەسور (ئۆمەرمەندان) لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی شیوەسور، تا شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕوخاندنی گوندەکان لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت.

دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکاتەوە و لە کۆتایدا دەکرێت بە ئەندام کۆمیتە.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * خالید عەبدوڵڵا عەبدولقادر غەفور



مامۆستای شۆڕش و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٩٦٢/٧/٢٠ لە شاری کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا خوێندنی زانکۆ و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی داواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی باسەڕە کە تیپی ٥٧ی سەگرمە سەرپەرشتی دەکرد، لە دوای داخستنی قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمەوە، پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دێ ڕەشە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تادەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی تەواوی ناوچەکە. لە ئێستادا فەرمانبەرە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

*** دڵشاد عەلی محەمەد سەعید**



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا دڵشاد، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، لە خوێندندا توانیویێتی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستبهێنێت،لە قۆناغی خوێندندا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن، دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، سەرەتا وەک مامۆستای خۆبەخش لە گوندی قەیتول دەستبەکار دەبێت، دواتر کە قوتابخانەکە لەلایەن ڕژێمەوە دادەخرێت، پەیوەندی دەکات بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە و جارێکیتر قوتابخانەکە لەگەڵ مامۆستایان (نوری سەمەد، فەوزی لەتیف، ئەحمەد ڕەشید وسەمەد جەبار) دەکەنەوە و تا شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبن لە کاری مامۆستایی.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * ڕەحمان محەممەد ڕەحمان قادر



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ڕەحمان، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی مامشەی ناحیەی قەرە حەسەن – پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەرهاتووەتە دنیاوە، لە خوێندندا توانیوێتی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستبهێنێت، ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی پوزڵ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات لە سنوری کەرتی ٤ی جەباری کە تیپی ٥٧ی سەگرمە سەرپەرشتی دەکرد. دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی وەسمان لەکە، تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی.

لە ئێستادا مامۆستای خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

*** سەردار حسێن ڕەفیق عەلی**



مامۆستا و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی شێخ جیری ناحیەی قەرەهەنجیری شاری کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، لە مارتی ١٩٧٩ لە سنوری ناوچەی جەباری پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێدەکات، لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٥ وەک پێشمەرگە و کادری ڕێکخستن لە ناو جەماوەر و لە سنورەکەدا کاری کردووە، ساڵی ١٩٨٣ بەشداری کۆنفرانسی ناوچەیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کوردووە، لە سەر بڕیاری کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە گوندی شێخ جیری، بەردەوامی بەکاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * شەماڵ ئیسماعیل سەعید حەسەن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری گڕو کڵپە، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٩-١٩٨٠ ئامادەیی کشتوکاڵی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی شەهید دلاوەر.

ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ هاوسەرەکەی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنووری تیپی ٩٣ی کۆیە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ (شیرین ئەحمەد سەعید) لەلایەن شۆڕشەوە دەکرێن بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی کلێسەی دەشتی کۆیە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبن تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، دواتر لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە درێژە بە خەبات دەدات تا ساڵی ١٩٨٩.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * عەبدولسەمەد محەمەد ئەمین قادر




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا سەمەد، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆمیتەی ئاگر، زۆر لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، لە ساڵی (١٩٨١)ەوە وەک کادرو پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستنی بازیانی ئەوکاتە کاری کردووە بەتایبەتی لە پۆلی ڕێکخستنی باسەڕە. لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی قەیتول، لەگەڵ وانە وتنەوەدا چالاکی هونەری و شانۆگەرییان پێشکەش بە قوتابیان و

دانیشتوانی گوند و هێزی پێشمەرگەی سنورەکایان کردووە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو گوندەکان خاپور دەکات و سیمای ژیان لە ناوچە ئازادکراوەکان بەهۆی ئەو شاڵاوی سەربازییەوە دەسڕێتەوە.

لە ڕاپەڕیندا، پەیوەندی بە هێزی بروسکەوە دەکات، دواتر لە ڕێکخستنەکاندا تا ئێستا درێژە بەخەباتی ڕێکخراوەیی دەدات. ساڵی ١٩٩٢ یەکێک بووە لە مانگرەکانی هەولێر.

لە ئێستادا ئەندام مەڵبەندە لە کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * عەبدولڕەزاق یونس جەوهەر




مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ڕەزا، ساڵی ١٩٦٨ لە ناحیەی نەوجولی قەزای دووزخورماتوو لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە نەوجول تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی وارانی، دواتر لە ناوچەی داودە لە سنوری کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال. لە خێزانەکەیاندا خاوەنی دوو شەهیدە بەناوکانی؛

١- یونس جەوهەر فەتاح.

٢- حسێن یونس جەوهەر.

خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عەبدولخالق سەدیق ڕەشید ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا عەبدولخالق، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی کۆماری شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە موسڵ، بەڵام بەهۆی بەعسی نەبوونیەوە وەرناگیرێت. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ، ساڵی ١٩٨٢ لە خۆپیشاندانەکانی کەرکوکدا دەستگیر دەکرێت، دوای سزاو ئەشکەنجەیەکی زۆر چوار پەنجەی قاچی دەبڕێتەوە و کەم ئەندام دەبێت.

ساڵی ١٩٨٤ وەک کادری محەلی لە سنوری شوان کاری کردووە، دواتر دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی حەسەن قەباغ لە ناوچەی شوان، بەردەوام دەبێت لەکاری مامۆستایی تا شاڵاوەکانی ئەنفال، لەو ماوەیەدا وەک هێزی پشتگیری بەشداری چالاکی پێشمەرگانە دەکات لە سنوری چالاکی تیپی ٢١ی کەرکوک. لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداری ئازادکردنی شاری کەرکوکی کردووە. دوای ڕاپەڕین وەک ئەندام کۆمیتە، لە کۆمیتەی ئاوارەکانی کەرکوک کاری کردووە.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی شاری کەرکوک، خێزانداره و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد شاسوار زەنگەنە

مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠ لە شارەکەی بابە گوڕگوڕ - شاری کەرکوک، لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٧٩ ئامادەیی کشتوکاڵی کەرکوکی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ کەرتی ڕێکخستنی بازیان – پۆلی باسەڕە، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٣ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، کەرتی ٣ی هەمەوەند، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات لە گەرمیان، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی ژاڵەی مەملەحە لەگەڵ مامۆستا دڵشاد محەمەد شێخانی کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لە ناوچەی قادرکەرەم ئەنفال کرا.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەکرێت بە لێپرسراوی قاتع لە کۆمیتەی گۆخلان، کە کاری هاوکاریکردنی ئاوارەکان بوو.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، لە ئێستادا کادری مەڵبەندی دووە بەشی ئاوارەکان و خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.


### * عەلادین نوری عەبدوڵڵا عەلی



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لە ١٩٦١/١١/١١ لە گەڕەكی كۆماری قەزای دووزخورماتوو لە خێزانێكی شۆڕشگێڕ و كوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كـردووە، كارەكانی ڕێكخستنی زۆر چالاكانە جێبەجێ كـردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لە كەرتی ٤ی بەمۆ – تیپی ٥١ی گەرمیان، ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای یەكێتیی مامۆستایانی شۆڕش، دەكرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی زەنگنەی حاجی حسێن، لە مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێكی شاڵاوەكانی ئەنفال و خاپوركردنی گوندەكان.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، بەردەوامە لە كاری ڕێكخستن، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

### * عوسمان عومەر خدر ڕەحمان



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا عوسمان، لە ١٩٦٥/٥/١ لە گوندی مەرزیخەی ناحیەی شوان لە پارێزگای كەركوك، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی وێژەیی لە قوتابخانەی (عەبدولمەلیك بن مەروان) لە كەركوك تەواو دەكات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی كردووە بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە، پاش تەواكردنی خوێندن ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە ناوچە ئازادكراوەكانی سنوری تیپی ١٢ی كەركوك، لە ناوچەی شوان، سەرەتا دەچێتە گوندی كانی ڕەش، كە زێدی خۆیان بوو ، بەڵام بەهۆی نزیكی گوندەكەیان لە دەسەڵاتی ڕژێم و تۆپبارانكردنی بەردەوام، گوندی

كانی ڕەش بەجێدەهێڵێت و دەچێتە گوندی مەرزیخەی سەروو، لە گوندی مەرزیخەی سەروو لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا (عومەر حسێن مستەفا، حەسەن محەمەد ئەمین بارام، باقی تەها قادر) وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی مەرزیخەی سەروو دەستبەكار دەبن، لەكاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێكی شاڵاوەكانی ئەنفال و خاپوركردنی گوندەكەیان.

لە ئێستادا مامۆستایە لە ناحیەی شوان، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * عوسمان حسێن ساڵح ئیبراهیم



ڕێكخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا عوسمان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی تەپە سەوزی ناحیەی قەرە حەسەن، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەكانی خوێندنی تا ئامادەیی پیشەسازی تەواوكردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە، بەشداری چالاكانەی لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەكانی ساڵی ١٩٨٢ كەركوكدا هەبووە، ساڵی ١٩٨٣ شاری كەركوک بەجێدەهێڵێت و ڕوودەكاتە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەكێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەكات و لەسەرداوای ئەوان دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی تەپەسەوز، كە زێدی خۆیان بوو، لەكاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ڕوخاندنی گوندەكەیان لەلایەن ڕژێمی داگیركەرەوە، دواتر دەچنە گوندی قوچەلی لە ناوچەی جەباری تا دەسپێكی شاڵاوەكانی ئەنفال لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەكەدا بەشداریكردووە، دواتر گەڕاوەتەوە ڕیزەكانی ڕێكخستن، لەساڵی ١٩٩٥ دەكرێت بە ئەفسەری ئیداری لە لیوای قادركەرەم بە پلەی مولازمی یەک.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * عومەر حسێن مستەفا خورشید



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مەلا عومەر، لە ١٩٦٤/٤/٢ لە گوندی كانی ڕەشی ناحیەی شوان - پارێزگای كەركوك لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە گوندەكەیاندا، سەرەتا چووەتە حوجرە و وانەكانی ئاینیی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٤ لەڕێگەی مامۆستا یونس كە خەڵكی گوندەكەیان بووە، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی ئێلینجاخ وەردەگیرێت، پاش داخستنی قوتابخانەی گوندەكەیان، جارێكیتر ڕوودەكاتەوە حوجرە لە گوندی سێگرتكان، تا دەگاتە ئاستی (مستعد) و وانە بە هەندێ لە فەقێكان دەڵێتەوە.

ساڵی ١٩٧٦ جارێكیتر ڕوو لە قوتابخانە دەكاتەوە، لە قوتابخانەی مەرزیخەی سەروو قۆناغی سەرەتایی تەواودەكات، قۆناغی ناوەندی لە ناحیەی شوان و ئامادەیی بەشی وێژەیی لە شاری كەركوك تەواودەكات.


ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی كانی ڕەش پەیوەندی دەكات بە ڕێزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە، پاش ئەوەی لەلایەن ڕژێمەوە دەكرێت بە سەرباز، ریزەكانی سوپای ڕژێم جێدەهێڵێت و ڕوودەكاتە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. لەسەر داوای یەكێتی مامۆستایانی شۆڕش دەكرێت بە مامۆستا لە گوندی مەرزیخەی سەروو، لەكاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەكانی ئەنفال.

دوای شاڵاوەكانی ئەنفال لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە لە كەمینێكدا دەستگیر دەكرێت، پاشان بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەكرێت و خانەوادەكەیان لەلایەن ڕژێمەوە دەگوازرێتەوە بۆ كۆمەڵگەی كەورگۆسك لە پارێزگای هەولێر، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی كەورگۆسك، بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای كەورگۆسك هەڵدەبژێرێت، ساڵی ١٩٩٢ ماڵەكەی دەگوازێتەوە شارۆچكەی تەق تەق، هەر لەوێ لەگەڵ چەند هەڤاڵێكیدا كەرتی ڕێكخستنی خالخالان دروستدەكەن. بەشداری كاری ڕێكخستن و ئەنجومەنی سنورەكەی كردووە، تا لە

هەڵبژاردنێکدا دەکرێت بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شوان - شێخ بزێنی، ساڵی ١٩٨٨ لە خولی پەروەردەیی کۆیە، بە مامۆستا دادەمەزرێت.

لە ئێستادا مامۆستای قوتابخانەی (قانع)ی تێکەڵاوە لە تەق تەق، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * عەلی عوسمان حامد شەریف



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا عەلی ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی دالآوای شێخ ساڵح - ناحیەی ئاغجەلەر لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لە ئاغجەلەر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، ساڵی ١٩٨٦ لە ڕێگەی یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی دالآوای شێخ ساڵح، درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شالآوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی پێشمەرگەی لە سنورەکەی خۆیاندا کردووە.

خێزاندارە و خاوەنی نۆ منداڵە.

*** عەلی قادر خوداکەرەم قادر**



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە لوڕ، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە پۆلی باسەڕە، سەربە کەرتی ٣ی هەمەوەند، ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی قرخ، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

*** فایز عەبدولسەمەد مەحمود**



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مەلا فایز، لە ١٩٥٨/٥/٢ لە گوندی ڕێداری ناحیەی شوان – پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس لە کۆلێجی ئەندازیاری تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٧ لە سلێمانی پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، سالی ١٩٨٠ لە وەزارەتی نیشتەجێبوونی عێراق لە بەڕێوەبەرایەتی باڵەخانەکانی هەولێر دامەزراوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی دەکات بە مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە سماقولی، وەک مامۆستای خۆبەخش تا ساڵی ١٩٨٥ لە قوتابخانەی سماقولی سەرچاوە وانەبێژی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٧ وەک مامۆستای شۆڕش لە هەمان ناوچە درێژەی بەکاری مامۆستایی داوە.

ساڵی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٧ دەکرێت بە سەرۆکی شارەوانی شوان و ئەندامی ئەنجومەنی شوان،

ئەندامی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستانە، ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی عێراقە.

لە ئێستادا ئەندامی مەڵبەند و ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشە، خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * کەریم عەزیز ئەحمەد سالم




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا کەریم، لە ١٩٦١/١/٣٠ لە گەڕەکی ئیمام محەمەد لە قەزای کفری لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کفری تەواوکردووە پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن، دەچێتە کۆلێژی پەروەردەی ئیسلامی و بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات و دەبێت بە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پەروەردەی ئیسلامیدا.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە ڕێکخستنی کفری، ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی عەزیز قادر، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال و روخاندنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری بەعسەوە.

لەگەڵ کاری مامۆستاییدا وەک هێزی پشتگیری ناوچەکە بەشداری بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی ڕژێم لە ناوچەکەدا دەکات، لە بارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: کار و خزمەتێکی پیرۆزبوو بۆ ئەو ڕۆژگارە، کە شان بەشانی خەباتی چەکداری توانیمان ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە کە ڕژێمی بەعس ویستی بە داخستنی قوتابخانەکان، تۆوی نەخوێندەواری لە گوندەکانی کوردستاندا بچێنێت.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## * کامەران حسێن عەسکەر حەسەن



پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی نوێ ناسراو بە مامۆستا کامەران، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی کوردپەروەر و تێکۆشەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ بەهۆی شەهید محەمەد حسینی برایەوە کە لەژێر ئەشکەنجەی بەعسیەکاندا شەهید بوو، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، کە لەوکاتەدا مام ڕۆستەم سەرتیپ دەبێت، پاش ساڵێک پێشمەرگایەتی، لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ مامۆستا (تەها شێخ کەریم) دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ئەسکەندەر بەگی ناوچەی شێخ بزەینی، بە هاوکاری دانیشتوانی گوندەکە و تیپی ٢١ی کەرکوک، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدەن تا دەستپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان. لەکاتی مامۆستاییدا هەوڵی ئەوەیدا، کە بوارێک بۆ فێرکردنی گەوران لە قوتابخانەکەیاندا بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت.

لە ئێستادا کادری مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * کاکەئەمین خورشید حەسەن ئەمین



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا کاکەمین، لە ١٩٦٤/٢/١ لە گوندی مەرزیخەی سەروو لە خیزانێکی جووتیاری زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە ناحیەی شوان تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە کەرکوک، پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە

کردووە، ساڵی ١٩٨٤ لەسەر داوای کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مەرزیخەی سەروو، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٨٨ کە دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان.

ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٠ دەچێتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤ دەکرێت بە لێپرسراوی نووسینگەی پۆستەو گەیاندنی ناحیەی شوان و سەرپەرشتی مادەی ١٤٠ لە ناحیەی شوان، ماوەی سێ ساڵ کاری چاودێری کۆمەڵایەتی ناحیەی شوانی کردووە.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندنی ناحیەی شوانە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * ماشەڵڵا عوسمان سەعید



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ماشەڵلا، ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، بۆ بەردەوامی خوێندن و هاوکاری خێزانەکەی، لەکاتی پشووەکانی هاویندا کاری کردووە. هەر لە مێردمنداڵییەوە هەستی نەتەوایەتی تێیدا چەکەرەی کردووە، بەبێ ڕەزامەندی مامۆستاکانی لە قوتابخانە سرودی نەورۆزی دەوتەوە، لە سەرەتای حەفتاکاندا بەشداری ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کردووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە تا نسکۆی شۆڕش.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ٨ی کۆمیتەی پەنجا عەلی، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٤ی جەباری لە تیپی ٥٩ی حەمرین، دواتر پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی شێرەدەرەی جەباری، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی تا دەسپێکی شاڵاوەکانی

ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان، لەپاڵ کاری مامۆستایدا وەک هێزی پشتگیری هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە. کەسێکی ڕاستگۆ و حەقبێژبووە، تەنانەت بەرامبەر داگیرکەریش ئەو خەسڵەتەی نەگۆڕیوە حەقبێژانە قسەی خۆی کردووە و لە هیچ سزایەک نەسڵەمیوەتەوە.

لەئێستادا خانەنشینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خیزانداره و خاوەنی شەش منداڵە.

### * محەمەد کەریم محەمەد قادر



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە سەید محەمەد شێخانی، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی چاڵدوانەی ناحیەی قادرکەرەم – قەزای دووز، لە خێزانێکی ڕەنجدەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا بەدەستهێنانی دبلۆم لە زماندا تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، ساڵی ١٩٨٤ لە ڕێگەی یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی چاڵدوان، بەردەوامی دەدات بەکاری مامۆستایی تا شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕوخاندنی گوندەکان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە.

لە ئێستادا بەردەوامە لە کاری مامۆستایی، خێزانداره و خاوەنی سێ منداڵە.

### * مەحمود حەسەن وەسمی



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسرواو بە مامۆستا مەعروف، لە ١/٥/ ١٩٦٥ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک لە خێزانیکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکوک تـەواوکـردووە، ئەم مامۆستایە گەرچی لەنەتەوەی عەرەبە، بەڵام هەستی مرۆڤانەی وای لێدەکات دژی ڕەفتارە

ڕەگەزپەرستییەکانی ڕژێم بووەستێتەوە، هەر لەو سۆنگەوە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی چەمچەماڵ لەسنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە، پاشان دەچێتە تیپی ٥٩ی حەمرین، دواترلە ڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی حەمەی بارام، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی ناوچەکەیان.

ساڵی ١٩٨٨ شالاوەکانی ئەنفالدا، دەبێتەوە بە پێشمەرگە لە تیپی ٥٧ی سەگرمە لە کەرتی ٣ی باسەڕە، دواتر لە مەفرەزەی شەهید ئازاد هەورامی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات تا ١٩٨٩/٣/٢١.

ساڵی ٢٠٠٣ دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق، دەکرێت بە بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کەم ئەندامانی کەرکوک، تا ئەمڕۆ بەردەوامە لەو کارەیدا. خێزاندارە و خاوەنی پێنج مناڵە.

## * نەجات عومەر حەمید مستەفا

پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا نەجاتی قیرچە، ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی قادرکەرەم/ قەزای دوزی سەر بەشاری کەرکەک، لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر و ماندووی خەباتی کوردایەتی هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم بەسەرکەوتویی بڕیوە، ساڵی ١٩٨٢ لە ناوچەی زەنگنە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات. دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان و لە گوندی قیرچە نیشتەجێ دەبێت، پەیوەندیەکی باش لەگەڵ پێشمەرگە و رێکخستن و کدرەکانی ناوچەکەدا دروستدەکات، بە هەوڵی خۆی و بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی گوندەکە، قوتابخانەی گوندی قەیرچە دەکاتەوە، کە پێشتر قوتابخانەکە ڕوخێنرابوو و دەوامی تێدا نەدەکرا.

لە کۆنفراسی ناوچەیی یەکێتیی مامۆستایان لە گوندی (گۆڕی ئەسپ)، بۆ سنوری تیپەکانی ٥٣ی شیروانە، ٥٧ی سەگرمە، ٥١ی گەرمیان، ٥٩ی حەمرین بەشداری دەکات، لە ئەنجامی کۆنفرانسەکە ئەم مامۆستایانە وەک سەرپەرشتیار هەڵدەبژێردرێن:

١- مامۆستا خەلیل، لە گوندی پاش تەپەی ناوچەی داوێ دادەنیشت.

٢- مەلا ڕەحیم لە داوێ دادەنیشت، بۆ سنوری کفری دیاریکرا.

٣- مەلا حەسەن دوزی، لە ئاوباریک دادەنیشت بۆ سنوری بناری گل.

٤- مامۆستا وریا، لە گوندی قەیتول دادەنیشت بۆ ناوچەی جەباری.

٥- مامۆستا محەمەد، لە زینانە دادەنیشت بۆ ناوچەی ئاوەسپی.

٦- مامۆستا نەجات عومەر لە گوندی قیرچە دادەنیشت، بۆ سەرپەرشتی ناوچەکانی زەنگنە و جاف.

سەرەڕای کاری مامۆستایی بەشداری کاری ڕێکخستن و چالاکی پێشمەرگایەتی لە سنورەکەدا دەکات، لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای داگیرکەردا، لەو شاڵاوانەدا مامۆستا وریا شەهید دەبێت، تا بەرواری ١٩٨٨/٩/٢٧ لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان دەمێنێتەوە، دواتر بە ئاگاداری کاک ئازادی سەگرمە دەگەڕێتەوە ناوشار.

لە دوای ڕاپەڕین درێژە بە خەبات و چالاکی حیزبی دەدات، لە حکومەتی هەرێمیش چەند پۆستێک بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام دەگەیەنێت تا کاتی خانەنشینکردنی.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزانداره و خاوەنی دوو منداڵە.

## * نەجات حەسەن ئیسماعیل محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە هێمن، لە ١٩٦٣/٢/١٢ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی گوڵباخ، پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە کەرتی بازیان، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی دەکات بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی گوڵباخی خوارو، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا بەردەوامە لەکاری مامۆستایی، خێزانداره و خاوەنی سێ منداڵە.

## * نەوزاد محەمەد ساڵح عەبدولکەریم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە نەوزاد هەنارەیی، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی هەنارەی ناحیەی سەنگاو – چەمچەماڵ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبواری خوێندندا، توانیوێتی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستبهێنێت، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە سنوری کەرتی ڕێکخستنی کفری-دووز، پۆلی سەنگاو شانەی ٧، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٢ی تیپی ٥١ی گەرمیان، هەمان ساڵ لەسەر داوای مەڵبەندی یەک، بەشداری خولی ڕاهێنانی مامۆستایانی شۆڕش دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کربچنەی بناری سەنگاو.

سەرەڕای مامۆستایی، بەشداری لە چالاکی پێشمەرگانەدا کردووە، لە ئازادکردنی شارەکانی سەنگاو، قادرکەرەم، قەرەداغ و زۆر چالاکی تردا بەشدار بووە، لەکاری نووسینی شانۆیی و بەشداری لە کاری شانۆییدا بە توانا و لێهاتوو بووە. لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵیت؛ سمبولی ئازادی و چرای شاخ و گوندەکان بوون، ڕۆڵی مامۆستایانی شۆڕش لە تاودانی کۆڕی خەبات و ڕۆشنبیری و لە سەرخستنی شۆڕش لە بواری ڕێکخستن و هۆشیاری جەماوەری و تەندروستی کۆمەڵایەتی، گرنگ و کاریگەری تەواوی هەبوو، هاوکاری گوندنشینان بوون لە هەندێ کار و پیشەدا.

لە ڕاپەڕیندا، پەیوەندی دەکات بە شانە چەکدارەکانەوە و بەشداری ئازادکردنی شارەکانی سلێمانی و چەمچەماڵ و کەرکوک دەکات، بەو هۆیەوە دووجار بریندار دەکرێت.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەی (شادمان)ە لە خوێندنی کوردی کەرکوک، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.



خوێندکارانی گوندی حەسەن قەباغ - کەرکوک ١٩٨٦ - ئازاد طاهر فەرەج



خوێندکارانی گوندی قەڵناغاج - ١٩٨٨ - ئازاد مەجید محەمەد - کەرکوک



**مامۆستا ئازاد مەجید**



**مامۆستا ئازاد مەجید لەگەڵ خوێندکارەکانی لە گوندی بۆڵقامیش**

## سێیەم:

# مامۆستایانی شۆڕشی نوێ – لقی کۆیە

### * ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد تەیب



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ئەحمەدی مەلا ڕەسوڵ کانی کوردەیی، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کانی کوردەی بناری شاخی هەیبەت سوڵتان، لە خێزانێکی ئاینیی و نیشتمان پەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر ئەوەی باوکی مەلا بووە لە گوندەکان، بەهۆی کاری باوکیەوە خوێندنی سەرەتایی لە چەند گوندێک تەواودەکات، خوێندنی ناوەندی لە کۆیەوساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ ئامادەیی کشتوکاڵ لە (تەق تەق ) تەواو دەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و لە ڕێگەی مامۆستا جەمال چاوشین پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندەکانی سوێرەڵە و داوداوا، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات و گوندەکان خاپور دەکرێن.

لە ئێستادا بەردەوامە لە کاری مامۆستایی لە قوتابخانەی هامونی عەرەبی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * ئەحمەد عومەر حەسەن حەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەلا ئەحمەدی شێنێ، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی خەزنەی حاجی سادق لە دەشتی شەمامک (ناحیەی گوێر) هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی خەزنەی کوڕان تەواوکردووە، دواتر دەچێتە ئامادەیی پەیمانگای ئیسلامی لە هەولێر، بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات و پاشان لە زانکۆی بەغداد بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (قسم الدين) بەدەستدەهێنێت، لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی شەهید هاشم شەمامکی

پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە مەکتەبی عەسکەری لە گوندی زەڵێ، لە قوتابخانەی گوندی شێنی دەبێت بە مامۆستا، هەر لەوێوە نازناوی مەلا ئەحمەدی شینێ وەردەگرێت، دواتر پەیوەندی بە تیپی ١٩ی کۆڕەکەوە دەکات.

ساڵی ١٩٨٣ بەشداری کۆنفرانسی دووەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکات، لە کۆنفرانسی سێیەم بە ئەندامی یەدەگ وەردەگیرێت، ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆردوگای سەرا کە ئاوارەکانی هەڵەبجە و دۆڵی جافایەتی لێ بوو، دوو ساڵ مامۆستا دەبێت.

ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش و تا کاتی ڕاپەڕینەکە لە بارەگای ڕاگەیاندن دەمێنێتەوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار دەبێت، لە ١٩٩٢/١٠/٦ بەشداری کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی کردووە لە شاری هەولێر، ماوەی دە ساڵ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر و سلێمانی کاری کردووە، لە پاڵ کاری سیاسی گرنگی بە پەروەردە و خوێندن داوە و لێی دانەبڕاوە، ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. خاوەنی ژمارەیەک سوپاسنامە و پێزانینە لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان و پێشمەرگە دێرینەکانەوە، ماوەی چل ساڵی تەواو بێ داپڕان لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە خەباتدا بووە.

لە ئێستادا مامۆستای یاریدەدەرە لە زانکۆی کۆیە و بڕیاردەری بەشی پەروەردەی ئاینییە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

*** ئومێد فەتاح حەمەد ئەمین مستەفا**



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٩٨٥/١٢/٣١ لە گەڕەکی سەرباخی شاری کۆیە، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا تەواوکردنی ئامادەیی کشتوکاڵ خوێندووە، لە مانگی ئەیلولی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مالیمۆس، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی کۆیە و دواتر لە ڕاگەیاندنی مەڵبەنی ٤ی بادینان درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و لەگەڵ مامۆستایان (مامۆستا مەحموود، خەرمان قادر، دڵشاد بەکر) دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کانی کوردەی دەشتی کۆیە، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان.

لە دوای ڕاپەڕین لە کۆمیتە و مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیە درێژە بەکاری حیزبی دەدات، لە ئێستادا خانەنشینی مەدەنییە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * ئەکرەم یاسین عەلی محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا ئەکرەم، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی مەرزیخەی ناحیەی شوان/ شاری کەرکوک، لەخیزانێکی زەحمەتکێش و کورد پەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندن بەسەرکەتوویی تەواو دەکات، تا دەبێت بە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات لە سنوری شێخ بزێنی، دواتر دەکرێت بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی مەرزیخەی خـواروو، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات، شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ تێکدانی هەموو بنەماکانی ژیان، هەموو گوندەکانیس خاپور دەکات.

لە ئێستادا فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی شاری هەولێر، خێزانداره و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * ئەکرەم فەتاح حەمە ئەمین مستەفا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١٩٥٦/١٠/١ لە شاری کۆیە، لە خێزانێکی کورد پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە تا بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لە پزیشکیدا، ساڵی ١٩٨٢ لە دەشتی کۆیە پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٥ لە سێگردکان عیادەیەکی پزیشکی دەکاتەوە بۆ سنورەکە و هێزی پێشمەرگە، ماوەیەک هاوسەرەکەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ دابیندەکات، لەپاڵ کاری پزیشکیدا لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش، لە قوتابخانەی گوندی قازبەگیان، کە هەر خۆیان پێداویستی قوتابخانەکەیان دابیندەکرد، لە کاری پزیشکی و مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لەبارەی ئەو ڕۆژگارەوە دەڵێت: هەزار وشەو نووسین کردارێک ناهێنێت، ئێمە ئەو هەموو گەنج و لاوە بەشداری خەبات و پێشمەرگایەتیمان دەکرد و بەرەو شەهیدبوون دەچووین بۆ ئازادی و شکۆی نەتەوەکەمان بوو، نەک بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی.

لە ئێستادا خانە نشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * بارزان خورشید عەبدوڕەحمان ئەحمەد




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا زادە، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی پێبازۆکی شاری کۆیە لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەی خۆیان تەواو دەکات، بەردەوام دەبێت لە خوێندن تا ئامادەیی کشتوکاڵ تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی ڕیکخستنی تیپی ٩٣ی کۆیە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی پێبازۆک، کە زێدی خۆی بووە، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ڕوو لە وڵاتی ئێران دەکات، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە و خۆی تەسلیمی ڕژێم دەکاتەوە، لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ بۆ ماوەیەک دەستگیر دەکرێت و ڕووبەڕووی زیندان و ئەشکەنجەدان دەکرێتەوە، پاشان بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت،دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بەڕێکخستنەوە دەکاتەوە لە کۆمیتەی بنەسلاوە. لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مەشخەڵی ڕوناکی ناو شۆڕش و جەماوەر بوون، دڕکی بەرچاوی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بوون، ئاواتی مامۆستایان یەک ڕیزی گەل و هێزی پێشمەرگە و یەک ڕیزیی ناو یەکێتیی بوو.

لە ئێستادا مامۆستایە لە پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * تاهیر تۆفیق ڕەسوڵ عەولا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە مەلا تاهیر، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی (بانە گولآن)ی قەزای کۆیە لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش چاوی بە ژیان هەڵهێناوە خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکانی بەنەگولآن و پێبازۆک تەواو کردووە، پاشان درێژەی بە خوێندن داوە تا تەواوکردنی پەیمانگای ئیسلامی لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی نوێ پەیداکردووە، ئەویش بە هاوکاری کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی دەشتی کۆیە.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بانە گولآن دەستبەکار دەبێت، تا دەسپێکی شالآوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان.

دوای ڕاپەڕین لە ڕیزەکانی یەکێتیدا وەک پێشمەرگەو کادری ڕێکخستن بەردەوامی بە خەبات دەدات.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * تاهیر عەبدوڵڵا مەعروف ڕەسوڵ



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ١٩٦١/٧/٢١ لە گوندی پێباز‌ۆکی دەشتی کۆیە، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی ئامادەیی پیشەسازی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردووە لە دەشتی کۆیە لای مامۆستا باپیر بایز، کارەکانی ڕێکخستنی بە وریایی و لەخۆبووردنەوە جێبەجێ کردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٤ -١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی پیبازۆک، لە کاری مامۆستایی و پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال ڕوو لە ناوچەکەیان دەکات و تەواوی ناوچەکەیان خاپوردەکرێت.

بەداخەوە ئەم مامۆستا شۆڕشگێڕە، وەک سەدان و دەیان هەزار لە خەڵکی کوردستان لە بەرواری ١٩٨٨/١٠/٢٥ بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و بۆ هەتا هەتا لە هاوڕێ و خزم و پێباز و کوردستان دادەبڕێت.

### * جەمال ئەحمەد حسێن ئیسماعیل



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا جەمال، لە ساڵی ١٩٥٣ لە شارە ڕازاوەکـەی کۆیە هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ وەک فەرمانبەر لە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵیی پارێزگای هەولێر دادەمەزرێت، دواتر دەچێتە خولی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان و دەبێت بە مامۆستا، پاشان لە هەمان پەیمانگا بڕوانامەی دبلۆم بەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی ١٩٦٨ بەشداری کاری سیاسی کردووە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، باڵی

مەکتەبی سیاسی، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، تا نسکۆی شۆڕش. ساڵی ١٩٨٢ لە کۆیە پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کاتێک ڕژێم قوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان دادەخات، ئەم مامۆستایەی شۆڕش هەڵوێست وەردەگرێت و ناگەڕێتەوە، لەکاتێکدا مامۆستای قوتابخانەی گوندی کاولان دەبێت، ماڵ دەگوازێتەوە دەشتی کۆیە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، پاشان دەکرێت بە سەرپەرشتیاری لێژنەی ئازادی بۆ کردنەوەی قوتابخانەکانی دەشتی کۆیە، لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانن لە ٢٢ گوندی ناوچەکە قوتابخانە بکەنەوە، بۆ ئەم کارەشیان خەڵکی گوندەکان و لێپرسراوی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە (ڕەهبەری سەید برایم) و هێزی پێشمەرگە هاوکاری کردوون، سەرەڕای کاری مامۆستایی وەک کادرێکی جەماوەریش کاری کردووە.

دوای ڕاپەڕین بەشداری دامەزراندنی کۆمیتەکانی کردووە، لە هەمان کاتدا بە پلەی ئەفسەر بەشداری لە تەشکیلاتی فەوجی یەکی تەقتەق و فەوجی دووی دێگەڵە کردووە، لەسەر بیروڕای جیاواز لەگەڵ کاک کۆسرەت و شێخ جەعفەر ڕووبەڕووبووەتەوە، دواتر کاک کۆسرەت لە دڵسۆزی و نییەت سافیەکەی تێگەیشتووە خەڵاتی کردووە.

لەبارەی خۆیەوە دەڵێت:

**بەندەتان لەوەتەی خۆی ناسیوە**
**دڵسۆز وتێکۆشەرێکی شاخ و شار بووە**
**دژی خۆپەرستی و هەلپەرستی بووە**
**دژی خۆ هەڵواسین و خەتخەتانێ بووە**
**دژی تەکەتولات و خزم خزمانێ بووە**
**خۆ بەختکەری خاک و نیشتمان بووە**
**بۆ ڕێبازەکەی مام بە بیروباوەڕ بووە**

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * جواد محێدین قادر ڕەسوڵ



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا جواد، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی کاولانی دەشتی کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پـەروەر هاتووەتە دنیاوە، ئێستا گوندەکەیان سەر بە ناحیەی ئاشتییە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خەرابەی دەشتی کۆیە تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە سەرەتای گەنجیدا پەیوەندی بەیەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە، لە ژێر ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە شداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە ساڵی ١٩٧٤ تا کاتی  نسکۆی شۆڕش، ساڵی ١٩٧١ ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵەی مارکسی لینینی پەیدا دەکات، ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی شەهیدی فەرماندە (مامۆستا حەمید کەریم شانە) پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٥ وەک کادری کۆمەڵایەتی لەسنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە بەشداری خەبات و شۆڕش دەبێت.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کاولانی دەشتی کۆیە، درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، لە هەمان کاتدا، وەک هێزی پشتگیری هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووە لە سنورەکەی خۆیاندا، دوای ئەنفال لەگەڵ بەشێک لە هێزی پێشمەرگە بە خێزانەوە ئاودیوی وڵاتی ئێران دەبێت، ساڵی ١٩٨٩ سود لە لێبوردنی گشتی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە، ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن ئیستخباراتی عێراقییەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندان دەکرێت. لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا پەیوەندی بە شانە چەکدارەکانی بروسکەوە دەکات و لەو ڕێگەیەوە بەشداری ڕاپەڕین دەبێت.

دوای دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک بەڕێوەبەری کارگەی مافوری کۆیە دەستبەکار دەبێت، لەهەمان کاتدا دەتوانێت کۆلێژی یاسا لە زانکۆی کۆیە بخوێنێت. وەک زۆرێک لە مامۆستایانی شۆڕش و خەباتگێڕانی سەردەمی شاخ گلەیی

لە کەم تەرخەمی حکومەتی هەرێم هەیە، کە وەک پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە.
لە ئێستادا خانەنشینی مەدەنییە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * خالید حاجی مەغدید ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١٩٥٤/٩/٢٦ لە گەڕەکی فیدراڵی شاری کۆیە، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواوکردووە، دواتر لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر درێژە بە خوێندن دەدات، ساڵی ١٩٧٧ وەک مامۆستا لە سنوری ناحیەی خەلیفان دادەمەزرێت. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە گوندی خەتێ.

دوای داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان، لە گوندی (خەتێ)وە دەگەڕێتەوە بۆ دەشتی کۆیە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و لە ڕێگەی مامۆستا جەمال ئەحمەد حسێنەوە دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ئیلەڵڵا (الا الله) ، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی تا شاڵاوەکانی ئەنفال دستپێدەکات.
لە ئێستادا خانەنشینی مامۆستاییە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### * خەرمان قادر ئەحمەد محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ناسراو بە خەرمان خان، ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەكی ڕاپەڕینی شاری كۆیە لە خێزانێكی شۆڕشگێڕ و كوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خێزانی شەهید كەیفی كەریم هەینی بوو، خێزانەكەی خاوەنی سێ شەهیدە، ئەوانیش (شەهید كەیفی كەریم هەینی، شەهید سەیفەدین كەریم هەینی، سەلام قادر ئەحمەد). قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەیی تەواوكردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە.

بەهۆی ئەوەی هاوسەرەكەی پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی دەشتی كۆیە دەبێت، لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەكرێت و توشی ئەشكەنجە و ئازارێكی زۆر دەبێت، دوای ئازادكردنی ساڵی ١٩٨٢ بەناچاری شاری كۆیە جێدەهێڵێت و لەگەڵ هاوسەرەكەی چەكی پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێت و وەک برینپێچێک لە ڕێزەكانی پێشمەرگەدا دەستبەكار دەبێت.

دوای داخستنی قوتابخانەكان لەلایەن ڕژێمەوە، دەكرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی كانی كوردەی دەشتی كۆیە، درێژە بەكاری مامۆستایی دەدات تا شالاوەكانی ئەنفال، دواتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە پاشەكشە دەكەن بۆ سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر پاشان دەچن بۆ سنوری ئێران، بەهۆی ناهەمواری ژیان و گوزەرانیان، لە مانگی ١٢ی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە بۆشاری كۆیە.

لە ئێستادا وەک نووسەر (كاتب) لە قوتابخانەی حەمە ئاغای كۆیە كاردەكات، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * دڵشاد بەکر فەتحوڵڵا ئەمین



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٩٦٠/١/٢٨ لە شارە جوانەکەی کۆیە لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووتە خانەی مامۆستایان و تـەواوی دەکات، ساڵی ١٩٧٩ وەک مامۆستا دادەمەزرێت. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی دواتر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخالان، هەمان ساڵ پەیوەندی دەکات بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کانی کوردە، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان.

دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی ١٩٩٢ بەفەرمی دەگەڕێتەوە سەر پیشەی مامۆستایی.

لە ئێستادا بەڕیوەبەری قوتابخانەی (دڵدار)ی بنەڕەتییە لە کۆیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * دڵشاد عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا كاوێس



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێكخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی ئێلنجاغی گەورەی شاری كۆیە، لە خێزانێكی زەحمەتكێش و كوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری كۆیە تەواوكردووە، سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ لەڕێگەی مامۆستا كاوە ئەنوەرەوە پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات لە شاری كۆیە/ كەرتی شەهید ئاودێر/ شانەی كازیوە، پاش تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی پەیوەندی دەكات بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، داوتر لە گوندی ئێلنجاغی گەورە، قوتابخانەی گوندەكە دەكەنەوە كە پێشتر لەلایەن ڕژێمەوە داخرابوو، بەم شێوەیە، وەك مامۆستاو هەم وەك پێشمەرگە درێژە بەخەبات دەدات تا شاڵاوەكانی ئەنفال دەستپێدەكات و گوندەكانی كوردستان خاپور دەكرێن. لەكاتی مامۆستایدا، ناوی قوتابیانی گوندەكەیان لەگەڵ قوتابیانی گوندی كانی لەلە تۆماردەكەن كە لەلایەن ڕژێمەوە سەرپەرشتی دەكرا، بۆ ئەوەی خوێندنی قوتابیەكانیان بە فەرمی هەژمار بكرێت.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مرۆڤێكی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرە، پێشمەگەیەكی دڵسۆز و خاوەن هەڵوێستە، خەبات دەكات دژی ئەو دوژمنانەی كە دەیانەوێت كۆمەڵگەیەكی نەخوێندەوا و نا ڕۆشنبیر دروست بكەن.

دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانەوە دەكاتەوە و لە كۆمیتەی كۆیە لە چالاكییەكانی بەردەوام دەبێت، لەگەڵ چەند گەنجێكی هاوڕێی بەسەرپەرشتی مامۆستا كەیفی، بارەگای كۆمەڵەی خوێندكاران و لاوانی كوردستان لە كۆیە دەكەنەوە، دواتر ماوەیەك وەك پێشمەرگە لە كێڵگەی نەوتی شیوەشۆك دەستبەكاردەبێت، پاشان هەر لەو كێڵگەیە دەبێت بە فەرمانبەر.

ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ كۆلێژی یاسا تـەواودەكـات، لەهەمان كاتدا سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی فەرمانبەران دەكات.

لە ئێستادا فەرمانبەرە بە پلەی ڕاوێژكاری یاسایی، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵ.

### * ڕەنج حەمەد قادر حەسەن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١٩٦٧/٩/٢٠ لە گەڕەکی فیدراڵی شاری کۆیە، لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٥- ١٩٨٦ ئامادەیی پیشەسازی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات و ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بوو دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی خراپە تا شاڵاوەکانی ئەنفال لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت.

ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە ناوشار و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ناوشار دەکاتەوە، دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستن و چالاکی حیزبی، ساڵی ١٩٩٤ دەکرێت بە ئامر سریە لە فەوجی مەکتەبی سیاسی بە پلەی نەقیب، ساڵی ٢٠٠٢ دەبێت بە ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەپاڵ کاری حیزبیدا برەو بەتوانا زانستیەکەی دەدات و ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە تەواو دەکات. دواتر دەکرێت بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کۆیە،

لە ئێستادا ئەندام مەڵبەندی ١٤ی کۆیە یە لەبەشی ئامار، سەرپەرشتیاری کارگێڕیی لە یەکەی سەرپەرشتیاری ئامادەیی هەولێر، خێزانداره و خاوەنی چوار منداڵە.

## * سەلاح ڕەسول عەزیز ئیبراهیم



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی پێبازۆکی قەزای کۆیە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندونەناس هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی پێبازۆک تەواوکردووە، ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو دەکات، پاشان لە زانکۆی بەغدا بەشی شەریعە درێژە بە خوێندن دەدات، دواتر بەسەرکەوتوویی زانکۆ تەواو دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست دەهێنێت.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، پاش تەواو کردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی پێبازۆک، وەک زۆربەی مامۆستایانی شۆڕش بەدەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی، تا شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە قوتابخانە و خوێندن دێنێت. بەلام بەردەوام دەبێت لە کاری ڕێکخستن.

لە ١٩٨٩/١٢/٢٥ پاش ئاشکرابوونی لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت، لە ١٩٩١/١/١٠ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت. دوای ڕاپەڕین لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پیشەی مامۆستا لە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە دادەمەزرێت، لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا لە شوباتی ٢٠٠٠ وەک ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە هەڵدەبژێردرێت.

بەداخەوە ئەم مامۆستایەی شۆڕش بەهۆی گیرۆدەبوونی بە نەخۆشی دڵ، لە ٢٠١٣/٤/١ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و هاوسەر هەر حەوت منداڵەکەیی و هاوڕێ و هاوبیرانی بەجێدەهێڵێت، لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە شاری کۆیە بەخاک دەسپێردرێت.

### * سەلام عەبدولڕەحمان مستەفا ئەوڕەحمان



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا سەلام، لە ١٩٦٨/٢/٣ لە گوندی ئیلەڵلای ناحیە ئاشتی - قەزای کۆیە لە خێزانێکی جووتیار و کورد پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، پەیمانگای مامۆستایان لە شاری هەولێر تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە سنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە.

دوای تەواوکردنی خوێندن بە مەبەستی بوون بە پێشمەرگە، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، بەڵام لەسەر داوای مامۆستایانی شۆڕش، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی ئەلیاسە سور لە دەشتی کۆیە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، پاشان دەبیت بە پێشمەرگە لە تیپی ٩٩ی بتوێن، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە پاشەکشە دەکات تا سەر سنوری ئێران، پاش بینینی چەند خولێکی سەربازی، دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە، لەگەڵ هێزی پێشمرگە دەمێنێتەوە تا کاتی ڕاپەڕینەکە، بەشدارێکی کارای لە ڕاپەڕینەکەدا دەبێت، لەدوای ڕاپەڕین کۆلێجی سەربازی قەڵاچۆلان تەواو دەکات، بەشداری شەڕی جوندولئیسلام و پاراستنی حکومەتی هەرێمی و ئازادی عێراقی کردووە.

لە ئێستادا ئەفسەری ئاسایشە بە پلەی عەمید لە ئاسایشی کۆیە، لە هەمان کاتدا لە بەشی ئیدارەی ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی لقی کۆیە کار دەکات، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

### * سەلیم سەلام حەسەن خدر



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا سەلیم، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی شەوگێڕی دەشتی کۆیە، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان، گوندی شەوگێڕ تەواو دەکات، قۆناغی ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی پیشەسازی لە شاری هەولێر تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٩ لە کەرتی دەشتی کۆیە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لەدوای داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە، وەک مامۆستایەکی شۆڕش لە قوتابخانەی بانە گولانی کۆیە دەستبەکار دەبێت، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، بەداخەوە شاڵاوەکانی ئەنفال مامۆستا سەلیم وەک زۆر هاووڵاتی تری کوردستان ڕاپێچ دەکات و بۆ هەتا هەتا لە کوردستان و هاوسەر و کوڕە تاقانەکەی دایدەبڕێت.

### * سەباح ئیسماعیل عەزیز مەحمود



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٥٩ لەگەڕەکی ڕزگاری ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شارۆچکەی تەق تەق تەواو کردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن، دەچێتە شاری هەولێر و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان تەواو دەکات، دواتر وەک مامۆستا دادەمەزرێت لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، لە گوندەکانی کانی کوردە، موخەرەس، گۆمەشین، کە لەدەشتی کۆیەن.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر لەسەر داوای شۆڕش وەک مامۆستای شۆڕش لە

قوتابخانەی گوندی گۆمەشین، درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان. ڕۆژێک لەکاتی وانە وتنەوەدا چوار فڕۆکەی (پیلاتۆز)ی دوژمن دێتە سەر ناوچەکەیان و بۆردمانی گوندەکەیان دەکات، بەهۆی بۆردومانەکەوە سێ هاووڵاتی شەهید دەبن، ئەو بۆردومانە تەنها پەنجا مەترێک لە قوتابخانەکەیانەوە دووردەبێت. لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕشی نوێ لە کاتێکدا خزمەت و خەباتیان دەکرد کە زۆر سەخت و دژوار بوو، مامۆستایانی شۆڕش لەژێر زەبروزەنگی بۆردومان و تۆپ باراندا، هەموو توانای خۆیان پێشکەش بە شۆڕش کردبوو.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەیە لە ناحیەی تەق تەق، خێزاندارەو خاوەنی یەک منداڵە.

## * سەدیق ئەوڕەحمان ڕەسوڵ محەمەد




مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە شێخ سەدیق، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کاولانی دەشتی کۆیە لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خەرابە و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، دواتر دەچێتە بەغداو کۆلێجی (قانون سیاسە) لە زانکۆی بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەکات – باڵی مەکتەبی سیاسی – لە هەمان کاتدا دەبێت بە پێشمەرگە لە لقی دووی بەتالیۆنی (شیخ جەنگی تاڵەبانی)، بە شەو وەک پێشمەرگە واجبی دەگرت و بە ڕۆژیش قوتابی بووە، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لەسەر میلاکی وەزارەتی کشتوکاڵ وەک فەرمانبەری (مساح زراعی) دادەمەزرێت.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کاولان، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو گوندەکان خاپور دەکات و ئاسەواری ژیان ناهێڵێت، پاشان پەیوەندی بە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە دەکاتەوە لە دۆڵی بالیسان لە گوندی سارتک، دواتر لەگەڵ خێزانەکەیدا

ئاودیوی وڵاتی ئێران دەبێت، لە ئێران دەکرێت بە کادری دارایی یەکێتی، تا دوای ڕاپەڕین و تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام دەبێت لەکاری پێشمەرگایەتی، پاشان دەگەڕێتەوە سەر کاری فەرمانبەریە کۆنەکەی لە کشتوکاڵی کۆیە.

لە ١٩٩٩/٢/٧ دەکرێت بە بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی، لەم کارە نوێیە بەردەوام دەبێت تا لە تەموزی ٢٠١٠ خانەنشین دەکرێت.

### * شۆڕش عەزیز نەجیب ڕەسوڵ




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە شۆڕشی گوڵە باخ، ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی بەفری قەندی شارە ڕازاوەکەی کۆیە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە، پاشان لە درێژەی خوێندندا، خانەی مامۆستایان تـەواودەکـات، ساڵی ١٩٧٩ لە کۆیە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، دوای تەواوکردنی خویندن، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە لە کەرتی ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کێلە زەردانی دەشتی کۆیە، تا دەسپێکی شاڵاوەکان بەردەوام دەبێت لەکاری مامۆستایی، لە ڕاپەڕیندا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە لە کۆیە، بەشداری ئازادکردنی شارەکانی کۆیە و هەولێر دەکات، بەشدار دەبێت لە پاراستنی شاری کۆیە تا دامەزراندنی حکومەتی هەرێم.

ساڵی ١٩٩٢ دەبێت بە مامۆستا لە ئامادەیی بازرگانی کۆیە، دواتر دەبێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی دێگەڵە، ساڵی ١٩٩٥ دەگوێزرێتەوە بۆ هەولێر و دەبێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەهاباد تا کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، دواتر لە لە سلێمانی دەکرێت بە بەڕێوەبەری کارگێڕی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٠ دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە وەک سەرپەرشتیاری وەرزشی. لە ساڵی ٢٠١٣ وە وەک سەرپەرشتیاری

یەکەم لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە دەستبەکار دەبێت، تا ئەمڕۆ لەو پۆستەیدا ماوەتەوە، بەردەوام لە کاری ڕێکخستندا کاری کردووە، خێزاندارە و خاوەنی چوار مندالە.

## * عەبدولڕەحمان کەریم سۆفی محەمەد




مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە عەبدە، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە، لە خێزانێکی کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو دەکات، پاشان دەچێتە بەغداو کۆلێجی (ادارة و اقتصاد) تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٦ لە بەغداد پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کە ڕێکخستنەکانی ئەو کاتەی بەغداد و خوارووی عێراق (عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، ڕەسوڵ مامەند، تایەری عەلی والی بەگ و عەلی هەژار) بوون.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، دواتر لە لایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کانی بی، لە کاری مامۆستایی و پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت تا شالاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات.

بەداخەوە لە ١٠/٥/ ١٩٨٨ بەر شالاوی ئەنفال دەکەوێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

### * عەبدوڵڵا حەویز ئەسعەد عەبدوڵڵا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی سورە قەڵای دەشتی کۆیە، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، دەرچووی خولی پەروەردەی مامۆستایانی ساڵی خوێندنی (١٩٨٢ – ١٩٨٣)ە، ساڵی ١٩٨٢ لە کۆیە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی سورە قەڵا، وەک مامۆستا و پێشمەرگە(کادری کۆمەڵایەتی) بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال هەموو ژیان و گوندەکان خاپور دەکات.

بەداخەوە لە ١٩٨٨/٥/١٠ بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، دوای خۆی هاوسەر و هەر پێنج منداڵەکەی و هاوڕێ و کەس وکاری بۆ هەتا هەتا بەجێدەهێڵێت.

### * کاوە عەبدولواحید محەمەد ئەمین



مامۆستا و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە، لە خێزانیکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە دۆڵی خۆشناوەتی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، لەو ماوەیەدا لە ڕێی ڕێکخستنەوە زۆر هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، دواتر وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی سماقوڵی سەروچاوە وانە دەڵێتەوە، لە کاری مامۆستایی و هاوکاری پێشمەرگە بەردەوام دەبێت تا تێکدانی گوندەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

دوای ڕاپەڕین بەشداری لە ئازادکردنی شاری هەولێردا دەکات و بەردەوام دەبێت لە کارو چالاکی حیزبی و ڕێکخستن لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ کۆلێجی پەروەردەی ئێواران تەواو دەکات.

لە ئێستادا بەردەوامە لەکاری مامۆستایی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * قارەمان حەمەد عەبدوڵڵا خدر



مامۆستای شۆڕش و ڕێکخستنی دێرین، ناسراوە بە چیا، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی بۆگدی ناحیەی ئاشتی شاری کۆیە لەخێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بۆگد تەواو دەکات، پاشان خوێندنی ناوەندیی و دواناوەندیی لە شاری کۆیە تەواو دەکات، لەبەهاری ١٩٨٢ لە گوندی بۆگد پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کردستانەوە دەکات، لە کەرتی بنار، دواتر پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی بۆگد، لەهەمان کاتدا وەک هێزی پشتگیری هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکات، لەکاری مامۆستایی و پشتگیری بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال. ئەم مامۆستایە باوکی شەهید بووە، واتە کوڕە شەهیدە، لەو کاتەی لە قوتابخانەی بۆگد وانە دەڵێتەوە، دوو فڕۆکەی ڕژێم بومبارانی گوندەکەیان دەکات و ماڵەکەی بەردەکەوێت، بەڵام زیانی گیانیان نابێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی چنارۆکی بنەڕەتی کۆیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * لوقمان فەیزوڵڵا حەمە شەریف ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی فیدراڵی شاری کۆیە، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، باوکی (فەیزوڵڵا حەمە شەریف) لە شۆڕشی ئەیلولدا، سەرلق بووە لەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی، کە لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٠/١٢ لە شاخی کۆسرەت شەهید دەبێت، بەم هۆیەوە ئەم مامۆستایە هەر بە منداڵی باوکی لەدەست دەدات، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە و ئامادەیی پیشەیی لە هەولێر تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٤ دەکرێت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی ٢١ی یەکێتیی شۆڕشگێڕان.

لە ١٩٨٤/٨/٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە – ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕنی دەشتی کۆیە. دواتر لەسەر داوای یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕش دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی تیمارۆک، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، یەکێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران کە ڕێیان دەکەوێتە تیمارۆک داوای لێدەکات کە ڕێگەی پێبدات بچێتە پۆلەوە، ئەمیش بە خۆشحاڵیەوە ڕێگەی پێدەدات، پێشمەرگەکە پارچەیەک دەباشیر هەڵدەگرێ و لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێت؛

**مەڕوانە بۆرە پیاوە،**
**ئازایە بۆ بەرگری ..**
**هەر کە هەژار گڕی گرت،**
**ئای لەبەر کین و گڕی**

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە بەردەوام بوو لە کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی، ساڵی ٢٠٠٥ دەکرێت بە لێپرسراوی کۆمیتەی ٢ی ڕێکخستنی کۆیە، دواتر دەکرێت بە لێپرسراوی

بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی کۆیە، لە ٢٠١٣/٧/١٥ کە مەراسیمێک بۆ مامۆستای شۆڕش ڕێکدەخرێت، لەو یادەدا ئەم هۆنراوەیە بۆ مامۆستایانی شۆڕش دەخوێنێتەوە:

ئەی مامۆستام
ئەو ڕۆژەی خۆت دەئاڵاند لە باڵای ڕۆژا
کەوتیتە دوای ڕچەی شەوگار
ئەو ڕۆژەی گەل چەقیبووە لیتەو ئازار
هەرچی سوێراوی ڕێگا بوو تۆ تامت چێشت
ئەلف و بێی ئەو ڕۆژگارەت بۆ منداڵان بەتام بوو وەک خوێی چێشت
ئەی مامۆستام، بۆچی ئەوڕۆ دیارنیت و لە ئازادیدا وڵاتت جێهێشت
ئەی مامۆستام
تۆ ئەو جۆگەلە ئاوە بووی، بەرەوخوار ئەڕۆی لانادەی
ئەو ڕێبوارەی بەڕێگاوەی، هەر پیادەی

لە ساڵی ٢٠١٩ەوە، بە بڕیاری مەکتەب ڕێکخستن، دەکرێت بە لێپرسراوی بەشی ڕێکخستنی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە، تا ئەمڕۆ بەردەوامە لەو کارەیدا. خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * نادر قادر نەجم قادر



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرینی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ناسراو بە شوانی، ساڵ ١٩٥٥ لە گوندی ئۆمەرمەندانی ناحیەی شوان - پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە قوتابخانەی گوندەکەی خۆیان دەخرێتە بەر خوێندن، بەڵام ساڵی ١٩٦٣ قوتابخانەی گوندەکەیان دادەخرێت، ساڵی ١٩٦٥ دەچێتە شاری کەرکوک، هەر لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی ئەوکاتەوە دەکات، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات لە هێزی ڕزگاری.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول درێژە بەخوێندن دەدات و بەشی زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ لە زانکۆی موستەنسەریە تەواو دەکات، دواتر بۆ ماوەیەک لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک بەمامۆستا دادەمەزرێت.

لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک، دواتر لەسەر داوای (قارەمان عەسکەری) کە ڕابەر سیاسی کەرتی ٤ی خاڵخاڵان بوو، لە هەمان کاتدا داوای ئەنجومەنی گوندی ئۆمەرمەندان، دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ئۆمەرمەندان، پاشان لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشی نوێوە دەکرێت بەسەرپەرشتیار لە سنوری شوان و شێخ بزەینی، بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی تا شاڵاوەکانی ئەنفال تەواوی گوندەکانی ناوچەکە خاپور دەکات، پێش ڕاپەڕین پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنی بروسکەوە و بەشداری ئازادکردنی شاری کەرکوک دەکات، دوای کۆڕەو دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایی لە پەروەردەی هەولێر، لە دواناوەندی تەق تەق، لە ٢٠٠١/١٠/١٧ دەکرێت بە سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی لە پەروەردەی کۆیە.

مامۆستای خانەنشینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * نەوزاد عەبدوڵڵا عەزیز ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە غەفوری، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی خەرابەی دەشتی کۆیە لە خێزانێکی جوتیار و کورد پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندیی لە کۆیە و ئامادەیی کشتوکاڵی لە تەق تەق تـەواو کـردووە، ساڵی ١٩٨٢ کاتێک خوێندکاری ئامادەیی بـووە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە.

دواتر لەسەر داوای یەکێتی مامۆستایانی شۆڕش، لەگەڵ مامۆستایان (نوعمان مەجید، جەنگی عەلی ساڵح) دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی خەرابە، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوەکانی ئەنفال، دواتر ئاوارەی دەشتی بتوێن دەبێت.

دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، ساڵی ٢٠٠١ وەک فەرمانبەر لە هۆبەی کشتوکاڵیی ئاشتی دادەمەزرێت، تا ئێستا لەو کارەیدا بەردەوامە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.



**لە كاتی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵی ١٩٨٤ لە رۆژانی سەختی خەبات لەگەڵ ژمارەیەك لە قوتابیابی گوندی كاولان دەشتی كۆیە - مامۆستا ئەحمەد - مامۆستا محەمەد فەتاح**



**قوتابیانی گوندی خەرابە لە دەشتی كۆیە - مامۆستا جەنگی عەلی - مامۆستا نعمان مەجید - رۆژانی سەختی شۆڕش**

# چوارەم:

## مامۆستایانی شۆڕشی نوێ – لقی گەرمیان

## * ئەحمەد حەسەن جەوهەر ئیبراهیم

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئەحمەد، لە ١٩٦٠/١٢/١٥ لە شاری کفری – پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کفری تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ لە کفری پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی دەکات بە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، هەمان ساڵ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بەلەگەی گەورە، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات تا ساڵی ١٩٨٧، لەگەڵ کاری مامۆستاییدا بەشداری چالاکی پێشمەرگانە دەکات لە سنورەکەی خۆیاندا.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کفری، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## ئەمین محەمەد عەلی مەحمود



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا ئەمین، لە ١٩٦٠/٣/٣ لە شاری کفری – پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کفری تەواوکردووە، ئامادەیی کشتوکاڵیی ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لە خاڵس تەواوکردووە، لە مانگی ئابی ١٩٧٨ لە قەرەداغ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بەلەگەی گەورە، کە تیپی ٥١ی گەرمیان سەرپەرشتی دەکرد. درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان.

سەرەڕای کاری مامۆستایی، وەک پێشمەرگە بەشداری چالاکی سنورەکەی دەکات، لە هەمان کاتدا لەکاری ڕێکخستن بەردەوام دەبێت و لێپرسراوی شانەی ڕێکخستنی (شەهید ئەسکەندەر) بووە.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: کاری مامۆستایی سەردەمی شاخ هیچی کەمتر نەبوو لە خەباتی پێشمەرگایەتی، وەڵامدانەوەی بڕیارە شۆفینییەکەی بەعس بوو کە خوێندنگاکانی ناوچە ئازادکراوەکانی داخست، مامۆستایانی شۆڕش زۆر ئازایانە و بەپەرۆشەوە خوێندنگاکانیان ئاوەدان کردەوە، مامۆستایانی شۆڕش سەرەڕای مامۆستایی کاری بەشداری کاری ڕێکخستن و چالاکی پێشمەرگانەشیان دەکرد.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، ئەندام مەڵبەندە لە مەڵبەندی ١١ی گەرمیان، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

## بەرزان عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ڕەمەزان




مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١٩٥٨/١١/١ لە شارە دێرینەکەی کفری، لە خێزانێکی ماندوونەناس و خۆڕاگر، خێزانێکی دڵسۆز و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کفری تەواوکردووە، پاشان ئامادەیی کشتوکاڵی لە شارۆچکەی خاڵس تەواودەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری گەرمیان، پاش داخستنی قوتابخانەی گوندەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە، بەدەم بانگەوازەکەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەچێت و دەکرێت بە مامۆستا.

ساڵانی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ و ١٩٨٥-١٩٨٦ لە قوتابخانەی گوندی عەلیانی خواروو مامۆستا دەبێت، پاشان تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات، لە قوتابخانەی گوندی تەپەسپی بەردەوام دەبێت لە کاری مامۆستایی.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * جەلال خورشید سەعید کاکل



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا جەلال، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی کۆماری شاری دووز، لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری دووز تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەی داودە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن بەئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی دێی (لفتی ئاغا) لە ناوچەی داودە، بەردەوام دەبێت و درێژە بەکاری ڕێکخستن و مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لە شەڕی زینانەی گەورە و دێی لفتی ئاغا و شەڕەکانی بەرگری کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال، لە ئەنفالە بەدناوەکاندا تەواوی خێزانەکەی ( هاوسەر و سێ منداڵ) لەدەست دەدات، خاوەنی سێ برای شەهیدە بەناوەکانی: جەمال خورشید، مەحمود خورشید، بەرزان خورشید. نیگەرانە لەوەی کە پاش ئەو هەموو خەبات و قوربانییە هاوکاریی نەکراوە.

لە ئێستادا دانیشتوی شاری کفریە لە گەڕەکی ئازادی نوێ، دوای ڕاپەڕین هاوسەرگیری کردووەتەوە و خاوەنی حەوت منداڵە.

## * چالاک ئەحمەد ڕۆستەم ساڵح



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا چالاک، لە ١٩٦٤/١/١٩ لە گەڕەکی ئازادی شاری کفری- پارێزگای کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٥١ی گەرمیان کەرتی (٤)، هەر لەوێوە دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بنەکە، دواتر لە قوتابخانەی گوندی عەلیان لە گەرمیان درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا شاڵاوەکانی ئەنفال، بەداخەوە شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە هەموو سیماکانی ژیان دێنێت.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: کاری مامۆستای شۆڕش، کارێکی هەست بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بوو لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی کە ڕژێمی داگیرکەر قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی داخست و ئیدارەکانی کشاندەوە. مامۆستایی لەو ڕۆژگارەدا ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * حەمید ئەحمەد دەرویش یەحیا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی وەلی هەیەری ناحیەی شیروانە – قەزای کەلار، لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و زەحمەتکێش، خێزانێکی کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە, مانگی چواری ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکـات، لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە کەرتی ٤ی تیپی ٥٣ی شیروانە، هەر لەوێوە دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ڕۆسەی شامار.

مامۆستا ڕووداوێکی ئەو ڕۆژگارەمان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە:

نزیکەی بیست ڕۆژێک پێش شالاوەکانی ئەنفال کاتێک لە قوتابخانەی ڕۆسەی شامار خەریکی وانە وتنەوە بووم، مامۆستا عەدنان مەدحەت موبارەک سەردانی کردم، زۆر ماندوو بوو، ڕۆژی پێشتر دوو گۆڕیان بۆ دوو پێشمەرگەی شەهید هەڵکەندبوو، پێشمەرگەکان خەڵکی خانەقین بوون و لە ناوچەی قادرکەرەم شەهید بووبوون، بەڵام باوکی یەکێک لە شەهیدەکان ڕازی نەبوو کوڕەکەی لێرە بنێژرێت، گۆڕەکان بە بەتاڵی مانەوە، کاتێک شالاوی ئەنفال لە گوندی سۆفی ڕەحیمەوە بۆ سەر ناوچەکەمان لە ١٩٨٨/٤/٩ دەستیپێکرد، لەگەڵ مامۆستا عەدنان بۆ هاوکاری پێشمەرگە چووین بۆ ڕێگری لە هێرشی ڕژێم، لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا شەهید عەدنان زۆر بە سەختی بریندار دەبێت، پاشان بەهۆی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات و شەهید دەبێت، بەداخەوە ئەو گۆڕەی کە چەند ڕۆژێک پێشتر بەدەستی خۆی بۆ شەهیدێکی هەڵکەند، خۆی تێدا نێژرا.

شۆڕش لە هەموو قۆناغ و لە هەموو ئاستەکاندا، پڕبووە لە ڕووداوی تراژیدی ناخ هەژێن. ئەو شەهید بوون و بەخاک سپاردنەی مامۆستا عەدنان مەدحەت موبارەک، یەکێکە لەو ڕووداوە دڵ تەزێنانەی کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

ئەم مامۆستایە لە ئێستادا هەر درێژەی بەکاری مامۆستایی داوە، مامۆستایە لە قوتابخانەی (شاکەل)ی بنەڕەتی لە ناحیەی ڕزگاری، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## * حسێن عەلی مەلا ناوخاس ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە ئەبو عەلی، لەبەرئەوەی باوکی فەرمانبەری پۆستەوگەیاندن بووە،ماڵیان لە بەغدا دەبێت، لە ١٩٥٨/٦/٢٣ لە شاری بەغدا لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە بەغدا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٨ ماڵیان دەگەڕێتەوە شاری کفری، هەرلەوێ (لەشاری کفری) ئامادەیی وێژەیی تەواودەکات. لەبەرئەوەی لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر بووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کە هەڤاڵ موکەڕەم فەتاح لێپرسراوی شانەکەیان دەبێت.

ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەیان، دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر لەگەڵ موکەڕەم فەتاحی هاوڕێیدا درێژە بەکاری ڕێکخراوەیی دەدات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، پاش بینینی خولی چۆنیەتی وانەوتنەوە، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان، لە کاری مامۆستایی بـەردەوام دەبێت تا نیسانی ساڵی ١٩٨٨ و دەسپێکی شالاوی بەدناوی ئەنفال بۆ سنووری گەرمیان.

خێزاندارە و خاوەنی یانزە منداڵە.

*** دڵشاد عەلی محەممەد سەعید**



مامۆستای شۆڕشی نوێ، لە ١٩٦٢/٣/٢ لە خێزانێکی ڕەنجدەر و کوردپەروەر، لە شاری سلێمانی هاتووەتە ژیانەوە، خێزانەکەیان لە بنەڕەتدا لە گوندی قەیتولی ناوچەی قادرکەرەم بووە، پاش ئەوەی دێنە سلێمانی، دواتر لە پێناو بژێوی ژیان و دەستەبەری ژیانێکی باشتردا لە سلێمانییەوە دەچنە شاری کەرکوک، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و تا پەیمانگاش لە کەرکوک تەواودەکات.

ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری تیپی ٥١ی گەرمیان، هەرلەوێ پەیوەندی بە ڕێکخستن و کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دواتر پاش داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی قەیتول، لە کاری مامۆستایی و ڕێکخستن بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ و خاپورکردنی گوندەکانی سنووری گەرمیان.

لە ئێستادا سەرقاڵی کاری تایبەتیی خۆیەتی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

*** ڕەزا محەممەد ئەمین ئەحمەد**

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستن و پێشمەرگەی دێرینیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەلا ئاوارەی گەرمیان، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کفری لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کفری تەواو کردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن پەیمانگای ئیسلامی خوێندووە، لە حوجرەش لەلای چەند مامۆستایەکی ئاینیی خوێندوویەتی، هەر لەوێوە نازناوی مەلایەتی وەردەگرێت.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر هەڵسوڕاوانە و لەخۆ بردووانە کارەکانی ڕێکخستن بەئەنجام دەگەیەنێت،

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، دواتر خەبات دەگوێزێتەوە بۆ گەرمیان (تیپی ٥١ی گەرمیان)، پاشان دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندەکانی (باوەکر) و (بنەکە)، لەگەڵ کاری مامۆستاییدا لە سنورەکەدا بەشداری چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە دەکات، بەو شێوەیە لە خەبات بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشداری چالاکانەی دەبێت لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی گەرمیان و شـــارەزوور، بە هەمان ڕۆحی پێشمەرگایەتی بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و کردنەوەی قوتابخانە دەکات لە ناوچەی بناری بەمۆ و شارەزوور، مەلا ئاوارە هەمیشە دەیگووت:

**ژیانمان ناوێت شەهیدبوون چاکە**
**لاشەمان بنێژن لەم خاکە پاکە**

مەلا ئاوارە بۆ شۆڕشی گەلی کورد دەڵێت:

**سەد جارە سەد جار، کەوتین و هەستاین**
**دیسان قایم تر هەستاین و وەستاین**
**دوژمنی فاشی و ڕەگەز پەرستان**
**کە پێیان وابوو شۆڕشیان وەستان**
**سور بوو بە خوێنمان شەقامی شاران**
**شەقی برد قەڵای هەموو زۆرداران**

ئەم مامۆستایەی شۆڕش لەگەڵ مامۆستایی و پێشمەرگایەتیشدا دەستێکی باشی لە نووسین و چالاکی شانۆییدا هەبوو، بەداخەوە لە ١٩٩١/٥/٢٧ شەهید دەبێت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە خێزان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکات.

### * سیروان ستار ئیسماعیل جەبار



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا سیروان، لە ١٩٦٤/٩/١ لە گەڕەکی ئیمام محەمەدی شـاری کفری، لە خێزانێکی ماندوونەناس چـاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کفری تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە کفری، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان کەرتی ٦ی ڕێکخستن، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی قوڕیچای لەگەرمیان.

لەگەڵ کاری مامۆستاییدا بەشداری کاری ڕێکخستن و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لە سنوری گەرمیان، ئەم مامۆستایە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، ئەو تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانەبوون، سەرەڕای ئەرکی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی لەو دۆخە دژوار و ناهەموارەدا درێژەیان بە خوێندن و پەروەردەش دەدا.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## * ساڵح عزەدین فارس حەسەن



مامۆستای شۆڕشی نوێ و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە ساڵح هەلاج، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی عەلیانی کەلار لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، گەرچی ژیان ڕێگەی نەدا جگە لە قۆناغی سەرەتایی قۆناغەکانی تری خوێندن تەواو بکات، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی خۆی توانی ئاستێکی باشی خوێندەواری بەدەستبهێنێت، تەنانەت وەک نووسەرێک کۆمەڵێک بەرهەمی خستۆتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە، لە تەموزی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، لەناو هێزی پێشمەرگەدا وەک ڕابەر سیاسی و کادری ڕێکخستن کاردەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ لە ڕێگەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی عەلیان لە تیلەکۆی گەرمیان، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوی سێی ئەنفال بۆ سەر سنوورەکەیان.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا تەواوی خێزانەکەی (هاوسەر و هەر پێنج منداڵەکەی)، بەر شاڵاوەکە دەکەون و ئەنفال دەکرێن، دوای ڕاپەڕین خێزانی نوێ دروستدەکاتەوە.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * شەماڵ عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمانوڵڵا




مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە مامۆستا شەماڵ،ساڵی ١٩٦٤ لە قۆرەتوو – قەزای خانەقین لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، تەمەنی دوانزە ساڵان دەبێت کە ڕژێم بەمەبەستی بە عەرەب کردنی ناوچەکەیان، خێزانەکەیان دەگوێزێتەوە بۆ باشوری عێراق، لەبەر ئـەوەی لە قۆرەتوو ڕەگەزنامە و پێناسی باری کەسێتی نەبووە، هەر لەو شارۆچکەی بۆی گوازرابوونەوە ( ناسریە – ناحیەی بەتحا) پێناسی شارستانی بۆ دەردەهێنن و ساڵی لەدایک بوونی بە ١٩٧٠ تۆمار دەکرێت.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کەلار تەواو دەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە سلێمانی و تا قۆناغی دووەمی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات، دواتر بەهۆی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە (١٩٨٢ پەیوەندی کردووە) واز لە خوێندن دەهێنێت، لە ١٩٨٥/١/١ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری تیپی ٥٣ی شیروانە، لە ١/ ٩/ ١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی شێخ تەویل، لەکاری مامۆستایی و ڕێکخستن بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات و هێزەکانی ڕژێم، تەواوی گوندەکانی ناوچەکە خاپور دەکەن.

لەدوای پرۆسەی ئازادی، لەپاڵ کارەکانی تریدا گرنگی بەخوێندن دەدات و دەتوانێت بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی دەروونناسیدا بەدەستبهێنێت.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری یاریدەدەرێتی ئاسایشی کۆکزە بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.


### * کامیل فارس عەزیز حەیدەر



مامۆستای شۆڕشی نـوێ، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی بەکرە گەرەی ناحیەی قادرکەرەم – قەزای دووزخورماتوو، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قادرکەرەم تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٤ هەر لە گوندەکەی خۆیان پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بەکرە گەرە لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان دەستبەکار دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

### * کەمال عەلی مەحمود محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە شێخ کەمال، ساڵی ١٩٥٦ لە قەزای وارمـاوەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ناوچەی شۆڕشگێرانەوە دەکات لە تیپی ٥٣ی شیروانە، دواتر لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی بەکربایەف لە گەرمیان، لە مانگی ٢ی ١٩٨٦، کاتێک دەباشیریان لێدەبڕێت، کۆڵ نادات و گۆچانێک هەڵدەگرێت و وەک قەساب ڕوودەکاتە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، لە قوتابخانەی گوندی (لالێ خان) کە برایەکی بەناوی مامۆستا عەبدولواحید لەوێ مامۆستا دەبێت، بڕێکی باش دەباشیریان لێوەردەگرێت و هەمان شەو دەگەڕێتەوە بەکربایەف.

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایان ئەو چرایەبوون کە نەیانهێشت

ڕووناکی قوتابخانەکان خامۆش بێت، کە ڕژێم هەوڵی کوژانەوەی دەدا.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

### * فایەق نامیق محەمەد عەلی سەعید



ناسراو بە مامۆستا فایەق شێخ لەنگەری، مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١٩٦٥ /٩/١ لە گوندی شێخ لەنگەری ناحیەی سەرقەڵا – قەزای کفری، لە خێزانێکی ماندوونەناس چاوی بەژیان هەڵهێناوە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە شێخ لەنگەر، کارەکانی ڕێکخستنی سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، دواتر دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مەسرۆلکان لە گەرمیان، لەبەر نزیکی گوندەکەیان لە ناوچەکانی دەسەڵاتی ڕژێمەوە، زۆرجار ژیانیان دەکەوتە مەترسییەوە، داواکارە تێکۆشان و ماندووبوونیان بە هەند وەربگیرێت و ژیان و گوزەرانیان باش بکرێت و فەرامۆش نەکرێن.

لە ئێستادا بەردەوامە لەکاری مامۆستایی، یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی (قەڵا)ی بنەڕەتی لە گەرمیان، لەهەمان کاتدا کارگێڕکۆمیتەی ڕێکخستنی مامۆستایانی کەلارە و ئەندامە لە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * عوسمان عەلی عەبدوڵڵا محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا عوسمان، ساڵی ١٩٦١ لە خێزانێکی تێکۆشەری گوندی فەتاح عومەری ناحیەی سەرقەڵا - قەزای کفری هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی ئامادەیی لە شاری بەغداد تەواوکردووە، لە مانگی ٦ی ١٩٨١ لە شاری کفری پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی توکنی قەزای کەلار،

لەبارەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەڵێت: مامۆستایانی شۆڕش، مۆم بوون شەوەزەنگی تاریکییان ڕوناککردەوە و ببون بە مەشخەڵێک هەموو کوردستانیان ڕوناک بکاتەوە.

لە ١٩٨٨/٦/١ دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و کارەساتانەی ئەنفال توانییان لە دۆڵەگوێزێ بە ئاهەنگێکی بچوک یادی دامەزراندنی یەکێتیی بکەنەوە.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی(بەکرە شەل)ی بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### * عومەر ئەحمەد سەعید ئەحمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە جووتیار، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کانی مارانی ناحیەی سەرقەڵا – قەزای کفری، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغی ئامادەیی تـەواوکـردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، هەمان ساڵ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە کردووە و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی کانی مارانی سەرقەڵا، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی تەواوی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، لەگەڵ کاری مامۆستاییدا بەشداری چالاکی پێشمەرگەی کردووە، بەتایبەتی لەو چالاکییەی نزیک گوندی چوارشاخ، کە ڕژێم بە کۆپتەرەوە هاتبووە سەریان، کە تیایدا مام سلێمان تەپەسپی شەهید دەبێت.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ٣٨ کەس لە بنەماڵەکەیان ئەنفال دەکرێت، لە ناویاندا سێ برای بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی ئاشتی بنەڕەتی لە کەلار، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

## * عەزیز حەسەن محەمەد کامەران



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، لە ١/١/ ١٩٦٠ لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری کەلار لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەلار تەواوکردووە، لە مانگی سێی ساڵی ١٩٨١ لە بان ئاسیاو لە سنوری گەرمیان، پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستن بەئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٤ پاش داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمەوە، وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی قولی جان، دەستبەکار دەبێت و ناهێڵن قوتابخانەکان دابخرێت.

لە ئێستادا مامۆستایە لە قوتابخانەی (ڕوشدی) بنەڕەتی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.


## * کامەران نسەیف جاسم محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا کامەرانی ئالا، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی وەلی حەیدەری ناحیەی شیروانە – قەزای کەلار لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕیکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە پۆلی کفری، زۆر سەرکەوتوانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەمان ساڵ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ درێژە بە خەبات دەدات، دوای داخستنی قوتابخانەکان لەلایەن ڕژێمەوە، دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی سماق، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا بەڕێوەبەری قوتابخانەی (وەلی هەیەر)ە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * کەمال عەلی مەردان عەبدوڵڵا



ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ناسراو بە کەماله بچکۆل، لە ١٩٦٤/٤/٢٩ لە قەزای دەربەندیخان، لە خێزانێکی کوردپەروەر و تێکۆشەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری کفری تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری تیپی ٥٣ی شیروانە.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی شێخ تەویل، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاّوی سێی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکەیان و خاپورکردنی تەواوی دەڤەری گەرمیان لەلایەن سوپای داگیرکەری بەعسەوە. لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەشداری چالاکی پێشمەرگانەی کردووە، وەک شەڕەکانی هەنارە، سەری کانی چاڵە، دوو میلان و دۆڵی ئاکۆیان.

لە ئێستادا کاری ئازاد دەکات، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

*** مەجید ئەحمەد محەمەد فەتاح**



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو به مامۆستا مەجید، ساڵی ١٩٦٥ لە خێزانێکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی گوندی شێخ لەنگەری ناحیەی کۆکس – قەزای کفری هاتووەتە ژیانەوە، دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول خێزانەکەیان ڕەوانەی باشوری عێراق دەکرێت، وەک سزایەک بەهۆی بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلولدا، دوای چوار ساڵ مانەوەیان لە خواروی عێراق، ڕژێم ڕێگەیان پێدەدات بگەڕێنەوە کوردستان، خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوک تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٩ لە کەرکوک پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ڕێکخستنی ئاگرین، کە ئەوکاتە (مەلا محێدین) سەرپەرشتی دەکرد، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی دەکات بە مامۆستایانی شۆڕشەوە و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی مەنسور ئەلکان، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال، دواتر دەبێت بە پێشمەرگە لە دەستەی مەفرەزەی کاک عادل شکور لە تیپی ٥١ی گەرمیان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە پاشەکشەدەکات بۆ بناری قەندیل و پاشان ماوەیەک دەچێتە وڵاتی ئێران، لە شوباتی ١٩٨٩ بەلێبوردنی گشتی ژمارە ٨٦٨ی حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە کوردستان.

لە ڕاپەڕیندا، چالاکانە بەشداری ئازادکردنی شاری هەولێر و کەرکوکی کردووە، دواتر درێژەی بە خەبات داوە لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا.

لە ئێستادا لەپاڵ چالاکی سیاسی، بەردەوامە لە کاری مامۆستایی، خێزانداره.

### * محەمەدساڵح ڕەزا



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی سەرکارێزی شاری کەرکوک، لە خێزانیکی کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە پۆلی جەباری، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی هەشەزینی ناوچەی سەنگاو، تا دەسپێکی شالاوەکانی ئەنفال، لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت، پاشان دەبێت بە پێشمەرگە لە کەرتی ٣ی شەهیدان، لە تیپی ٥٩ی حەمرین.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا، لە ڕیزی شانە چەکدارەکانی بروسکدا بەشدار دەبێت، دواتر دەکرێت بە ڕابەر سیاسی بەتالیۆنی ٢٠٢ی کەرکوک. ساڵی ١٩٩٧ وەک فەرمانبەر لە وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم دادەمەزرێت.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.


### * محەمەد حەمە ئەمین ئەحمەد محەمەد



مامۆستای شۆڕشی نوی، ناسراو بە مامۆستا مراوە، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی مراوەی ناحیەی باوەنور – قەزای کەلار، لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش، بەڵام کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ هاتووەتە ژیانەوە، ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە گوندی مـراوە، هەمان ساڵ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات لە سنوری تیپی ٥٣ی شیروانە لە ناوچەی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی مراوە، درێژە بەکاری مامۆستایی دەدات، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی گەرمیان لەلایەن ڕژێمەوە.

لە ئێستادا خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

### * محەمەد ئەحمەد سەعید



ناسراو بە مامۆستا محەمەد کەساس جەباری، لە خێزانیکی تێکۆشەر و کوردپەروەری گوندی بانگۆڵی جەباری چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، دواتر دەچێتە شاری کەرکوک و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو دەکات، بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی تەواودەکات، پاشان بە پیشەی مامۆستایی دادەمەزرێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و وەک کادری ڕێکخستن، درێژە بە خەباتی سیاسی و کوردایەتی دەدات.

ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کردنەوە و سەرپەرشتیکردنی قوتابخانەی گوندەکانی سنوری

جەباری و قەرە حەسەن هەبوو، تا دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، لەپاڵ کاری ڕێکخستندا، سەرپەرشتیار و خەمخۆری بواری خوێندن و پەروەردەبووە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا بەشداری ئازادکردنی شاری کەرکوکی کردووە، ئەندامی یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٩٣ ئەندامی کۆمیتە بووە، ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا دەبێتە مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی چاپکراوە لە بواری لێکۆڵینەو لە مێژووی کورد و چەند دیوانە شیعرێکی هەیە. بەداخەوە بۆ هەمیشە ژیانئاوایی لە هاوڕێ و مێژوو و ئەدەبی کوردی کردووە.

### * لەتیف حەمەعەلی ساڵح عەلی



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مەلا لەتیف، لە ١٩٦٠/١/١ لە گوندی ئۆمەربلی ناحیەی سەرقەڵا- قەزای کفری لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندیی لە قەزای کفری تەواودەکات، پاشان دەچێتە قەزای خاڵس بۆ تەواوکردنی ئامادەیی پیشەسازی، لەگەڵ کاری خوێندندا، پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨١ لەلایەن پیاوانی ڕژێم دەگیرێت و توشی لێپێچینەوە و ئەشکەنجەدان دەکرێت، دوای ئازادکردنی و تەواوکردنی خوێندن، دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، لە قوتابخانەی گوندی ئۆمەربل کە زێدی خۆیانە لە لایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە لەگەڵ مامۆستا (جەمال محەمەد خواکەرەم) دەکرێن بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی ئۆمەربل.

لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبن، تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی تەواوی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، لەبەر ئەوەی گوندەکەیان نزیک دەسەڵاتی ڕژێم بوو زوو زوو تۆپباران دەکرا، بەناچاری بەهاوکاری خەڵکی گوندەکە پەناگەیان بۆ قوتابییەکان دروستکرد، بەداخەوە لە پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا مامۆستا (جەمال محەمەد

خواکەرەم)، ئەنفال دەکرێت.

مامۆستایی لەسەردەمی شۆڕشدا یەکێک بوو لەو کارانەی کە بەهۆیەوە توانی خامەتی گەلەکەی بکات.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە قوتابخانەی (ئۆمەربل) سەر بەپەروەردەی کفری، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

*** هاشم زەیدان غەیدان ئەحمەد**



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا هاشم، لە خێزانێکی زەحمەتکێشی گوندی ئۆمەربلی ناحیەی سەرقەڵای قەزای کفری ساڵی ١٩٦٤ هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٨١ لە گوندی ئۆمەربل پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی بەلەگەی گەورە، لەگەڵ کاری مامۆستایدا، درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات و بەشداری چالاکی پێشمەرگە لە سنوری کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، وەک زۆربەی مامۆستایان و تێکۆشەرانی دێرین، خوازیارە هەموو ئەوانەی قوربانییان بەژیان و گەنجی خۆیاندا لەکاتی شۆڕشدا، فەرامۆش نەکرێن و لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە قەرەبوو بکرێنەوە.

لە ئێستادا مامۆستایە لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کفری، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

### * یەحیا حەمە عەزیز خەسرەو



مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ناسراو بە مامۆستا یەحیا، لە ١٩٦٣/٤/١١ لە گوندە بێ نازەکەی شێخ تەویل لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، توانیوێتی بڕوانامەی دبلۆم بەدەستبهێنێت، ساڵی ١٩٨٢ لە شێخ تەویل پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٣ی شیروانە، پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان دادەخات، پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و خولێکی مامۆستایان لە قەیتول و قیرچە و مەملەحە ئەنجام دەدەن، دواتر سەردانی مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن لە ناوچەی قەرەداغ. لە گەڕانەوەیاندا لە گوندی سەید خەلیلی نزیک کەلار، پێداویستی قوتابخانە لە کتێب و ڕەحلە و دەباشیر دەبەن بۆ قوتابخانەی شێخ تەویل. هەر لەو قوتابخانەیە درێژە بە کاری مامۆستایی دەدات تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە ئێستادا یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی (لەیلا قاسم)، خێزاندارە.

### * مامۆستایانی شەهید

لە کاروانی خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەماندا، وەک چۆن ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگە و کادر و نووسەر و هونەرمەند و کارمەندی تەندروستی و هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون یان بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن، بە هەمان شێوە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی شۆڕش، چوونە کاروانی شەهیدانەوە و بوون بە سمبولی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان.

مامۆستایانی شۆڕش لەیەک کاتدا هەڵگری دوانەی خەباتی چەک و قەڵەم بوون، سەرەڕای کاری مامۆستاییان لە گوندە ئازادکراوەکاندا، بەشدار و هاوکاری چالاکی پێشمەرگانەشیان کردووە لە سنورەکەی خۆیان و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، هاوکات ژمارەیەک مامۆستا کەوتنە زیندانەکانی ڕژێم و توندوتیژیان بەرامبەر کرا، یان شەهیدکران.

بەشێک لەو مامۆستا شەهید و ئەنفالکراوانە، لە لایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشەوە ژیاننامەیان بە دەستمان گەیشتووە، بەڵام بەشێکیتریان تەنها ناوەکانیمان پێگەیشتووە و هیچ زانیارییەکمان لەبارەی ژیاننامە و جۆری شەهیدبوون یان ئەنفالکردنیانمان لا نیە، بەو هیوایەی لە ئایندەدا ژیاننامەی تەواوی مامۆستایانی شۆڕش و شەهیدانی مامۆستایانمان پێبگات. لەم ڕووەوە داواکارین لە کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕش و هاوڕێ و کەسوکاریان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی هەمیشە یادیان لە ویژدانی گەلەکەماندا بە زیندوویی بهێڵینەوە.

# ژیاننامەی مامۆستایانی شەهید

*** ئیکرام ئەحمەد حسێن خدر**

ساڵی ١٩٦١ لە گوندی کارێزی قەزای کفری لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کفری تەواوکردووە، پاشان ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواودەکات، ساڵی ١٩٨٢ وەک پێشمەرگە پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە دەکات، دواتر وەک مامۆستای شۆڕش دەستبەکار دەبێت تا دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا خۆیی و هاوسەر و کوڕە تاقانەکەی (سامان)، بەر شاڵاوەکە دەکەون و بۆ هەتا هەتا لە هاوڕێ و ئازیزانیان دادەبڕێن.

*** ئەحمەد حسێن سالم**

ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی جۆلانەی سەر بە شارۆچکەی عەربەت، لە خێزانێکی تێکۆشەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بووە، ساڵانی (١٩٨٥ – ١٩٨٨) مامۆستای شۆڕش بووە لە قوتابخانەی گوندی (کۆرەی دووماڵە)، بەداخەوە لە بەرواری ٤/١٦/ ١٩٨٨ بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و ئەنفال دەکرێت.

*** بورهان ئەحمەد حەسەن**

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی مامشەی ناحیەی قەرە حەسەن هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو دەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری کەرکوک، لە قۆناغی ئامادەیی و لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی مامۆستا شێرزاد جەباری (شێرزاد حسێن محەمەد)، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە دەکات، لە ڕێکخستندا ئەرکدار دەکرێت بە گەیاندنی نامە و هەواڵەکانی نێوان تیپی ٥٧ی سەگرمە و ڕێکخستنەکانی ناوشاری کەرکوک، دوای دەستگیرکردنی مامۆستا شێرازد و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی ناوشار لە ساڵی ١٩٨٦، واز لە خوێندن دەهێنێت و دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، دواتر

لەپاڵ کاری ڕێکخستندا دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکانی (شێخ محەمەد و سۆران).

بەداخەوە ئەم مامۆستا دڵسۆزە، لە شالاوەکانی ئەنفالدا بەردەکەوێت و بۆ هەتا هەتا لە هاوسەر و هەرسێ منداڵەکەی (شوان، داستان، هێرۆ) دادەبڕێت.

## * تەها عەبدوڵڵا مەعروف ڕەسوڵ

لە بەرواری ١٩٦١/٧/٢٧ لە گوندی پیبازۆکی دەشتی کۆیە، لە خێزانێکی کورد پەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٨٤ ئامادەیی پیشەسازی لە شاری هەولێر تەواو دەکات، لە سەرەتای لاویدا (ساڵی ١٩٧٦) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات لە دەشتی کۆیە، لای هەڤاڵ مامۆستا باپیر بایز.

دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاشان دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی پیبازۆک، لە کاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شالاوەکانی ئەنفال ئەم مامۆستایە و زۆری تر ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێراق دەکات و لە زێد و هاوڕێ و هاوسەنگەریان بۆ هەتا هەتا دایاندەبڕێت.

## * ڕەزا محەمەد ئەمین

ناسراو بە مەلا ئاوارەی گەرمیان، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کفری هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە و بووە بە پێشمەرگە، دواتر پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات، سەرەڕای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر بۆ ئاوەدانکردنەوەی زۆربەی قوتابخانەکانی گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوور، لە هەمان کاتدا وەک مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکانی (کونەکۆتر، باوەکر، بنەکە) کاری کردووە، خەباتگێڕێکی مەیدانی زانست و پەروەردە بووە.

بەداخەوە ئەم مامۆستا دڵسۆز و تێکۆشەرە لە بەرواری ١٩٩٢/٥/٢٦ بەکارەساتێکی دڵتەزێن شەهید دەکرێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

*** ڕێبوار عوسمان فەرەج**

ساڵی ١٩٦٤ لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی تا تەواوکردنی کۆلێجی ئەندازیاری بە سەرکەوتوویی بڕیوە، دوای تەواکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ، پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی دەلوجە.

خاوەنی چەندین نووسراوی بەنرخە، کە سودێکی زۆری بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە گەیاندووە لەکاتی خۆیدا.

بەداخەوە لە کارەساتێکی دڵتەزێندا لە ١٩٩٢/٣/٢٢ شەهید دەکرێت، دوا پلەی لە ڕێکخستندا پێش شەهیدکردنی، کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی قەرەداغ بووە.

*** سەلیم سەلام حسێن خدر**

ساڵی ١٩٦١ لە گوندی شەوگێڕی قەزای کۆیە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری هەولێر، ئامادەیی پیشەسازی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٢ تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٩ لە قۆناغی ئامادەیی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات.

لە ساڵانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ کە شاڵاوەکانی ئەنفال دەستپێدەکات، مامۆستای شۆڕش بووە لە قوتابخانەی گوندی گوڵان، بەداخەوە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەوێت و ژیان ئاوای لە کەسوکار و هاوڕێیانی دەکات و گۆڕ غەریب دەبێت.

*** شێرکۆ نوری محەمەد**

مامۆستا و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی مامشەی سەر بە ناحیەی قەرە حەسەن چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە، پاشان بۆ خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی دەچێتە شاری

کەرکوک و ئامادەیی پیشەسازی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، لە کاری ڕێکخستن بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٨٤، پاشان پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٩ی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر لە سەر داوای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەبێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی (شێخ محەمەد) لە ناوچەی جەباری. لەکاری مامۆستایی بەردەوام دەبێت تا شاڵاوی ئەنفاڵە بەدناوەکان دەگاتە ناوچەکەیان، بەداخەوە مامۆستاش بەر ئەو شاڵاوە دڕندەیەی ڕژێمی بەعس دەکەوێت و ئەنفال دەکرێت

### * عەبدولڕەحمان کەریم سۆفی محەمەد

ناسراو بە عەبدە، ساڵی ١٩٥٧ لە خێزانیکی نیشتمانپەروەری شاری کۆیە هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کۆیە تەواوکردووە، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە زانکۆی بەغداد و لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٧–١٩٧٨ کۆلێجی (ادارة و اقتصاد) تەواو دەکات، هەر لە بەغداد پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە دەکات، کە ئەو کاتە شەهید عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا و ڕەسوڵ مامەند و تایەری عەلی والی و عەلی هەژار، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیان پێکهێنابوو.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی کۆیە، دوای داخستنی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە، سەرسەختانە دژی ئەو بڕیارە دەوەستێتەوە و سەرپەرشتی کردنەوەی قوتابخانەکانی دەشتی کۆیە دەکات. لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەی گوندی (کانی بی) لە دەشتی کۆیە، وەک مامۆستا دەستبەکار دەبێت.

بەداخەوە ئەم مامۆستا دڵسۆز و تێکۆشەرە لە ١٩٨٨/٥/١٠ بەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەوێت و بێ سەروشوێن دەکرێت.

### * عەبدولڕەحمان کەریم سوارە حەمە

ناسراو بە مامۆستا عەبدولڕەحمان سێدەری، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی سێدەری دۆڵی جافایەتی/ قەزای دوکان، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، دواتر

خێزانەکەیان دەچێتە ناوچەی سورداش و لە گوندی موغاغ جێگیر دەبن، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی موغاغ تەواو دەکات، ناوەندیی لە سوسێ و دوکان، پاشان پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی تەواو دەکات.

ساڵی ١٩٨٠ لە قۆناغی خوێندنی پەیمانگا، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و دەبێتە لێپرسراوی پۆل، پاشان وەک کادری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوچەی سورداش کاری ڕێکخستن دەکات. ساڵی ١٩٨٥ بە چەکێکەوە لەسەربازی هەڵدێت و دەبێت بە پێشمەرگە، بەڵام هەر زوو لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (شیلەخان)، لە هەمان کاتدا وەک کادرێکی کۆمەڵە لە پاڵ کاری مامۆستاییدا لە بناری چیای گەورەدێ و چەمی ڕێزان خەریکی کاری سیاسی دەبێت.

بایەخی زۆری بە وەرزش و چاککردنی ڕێگەوبانی گوندەکان داوە، هەمیشە لە کاری کۆمەڵایەتیدا چالاک و خۆشەویست بووە، لە گوندی موغاغ تیپێکی وەرزشی بەناوی تیپی چوارچرا دادەمەزرێنێت. بەشداریی چالاکی پێشمەرگانەی تیپەکانی ٢٣ی سورداش و ٤٣ی ئاسۆس دەکات.لەبەر چالاکی و خۆشەویستی خۆی لەناو خەڵک و مامۆستایاندا، دەکرێت بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بناری پیرەمەگرون و بناری شاخی گەورەدێ و چەمی ڕێزان.

ئەم مامۆستا و کادرە دڵسۆزەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٨٨ بەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەوێت و بەیەکجاری هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەجێدەهێڵێت. لە بنەماڵەکەیاندا خاوەنی (١٠١) شەهید و ئەنفالن.

### * عەبدوڵڵا شکور محەمەد

ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی سەید جەژنیی گەرمیان، لە خێزانێکی ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە سەید جەژنی و ناوەندیی لە سەرقەڵا تەواوکردووە، پاشان پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە، دواتر لە ڕێگەی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (توکن)، لەگەڵ کاری مامۆستاییدا بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی لە ئۆمەربل و توکن و زینانە

کردووە. بەداخەوە لە ١٩٨٨/٤/١٤ لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژێمدا شەهید دەکرێت.

## * غەسان عەلی بەکر

مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی کوردپەروەر و تێکۆشەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٧٨ ئامادەیی کشتوکاڵ تەواودەکات، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (قزلو)ی دەشتی کۆیە.

ساڵی ١٩٨٨، لەکاتی بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەحمان کۆیی هاوڕێیدا شەهید دەبن، تەرمی هەردوو مامۆستای شەهید ڕژێم دەستی بەسەردا دەگرێت، پاشان بە هەلیکۆپتەر تەرمی هەردوو شەهید دەبات و شوێن بزریان دەکات.

## کامیل بەکر مستەفا

مامۆستای شۆڕشی نوێ و ڕێکخستنی دێرین، ساڵی ١٩٦٠ لە ئامێزی خێزانێکی تێکۆشەری گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواودەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە پەیمانگای تەکنەلۆجی هەولێر، لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ کە قوتابی قۆناغی ئامادەیی دەبێت، پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە دەکات و لەگەڵ شەهیدان (بەختیار عەبدوڵڵا ڕەش، ساڵح ئەحمەد کاکی، غەریب ئەحمەد کاکی، کەمالی مەهەندیس کە لە سێدارە درا) و سەدیق محەممەد کە لە ژیاندایە، وەک ئەندام کەرت بەشداری کاری نهێنی دەکات.

لە قۆناغی خوێندنی پەیمانگا لە هەولێر، لە لایەن خوێندکارە بەعسیەکانەوە زۆر دژایەتی دەکرێت و گێچەڵی پێدەکەن، تا ڕۆژێک لە کافتریای پەیمانگا دەبێت بە شەڕ و دەمەقاڵە و پەلاماردان، هاوڕێکانی بە هانایەوە دێن، دواتر پێش ئەوەی پیاوانی ئەمن بگەنە سەریان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (تۆفیق نوری بەگ)، هەڵدێن و بەردەست

ناکەون، بەڵام خوێندنی ئەو ساڵەیەن لەدەست دەچێت، ساڵی دواتر کە وەردەگیرێنەوە، ڕەوانەی پەیمانگای تەکنەلۆجی بەغداد دەکرێن، لە ساڵی ١٩٨٢ بەشدارییەکی بەرچاوی لە خۆپیشاندانەکانی هەولێردا دەبێت.

پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٣، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، دواتر دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکانی (باڵخ و هەڵەدن)، کەسێکی خۆشەویست و ڕۆشنبیر بووە، چەند کتێبێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە (منع التجول)ی ساڵی ١٩٨٥ کتێبەکان لەلایەن دایکیەوە سوتێنراون.

کاتێک باوکی دەکەوێتە ژێر تراکتۆر و لەماڵەوە دەکەوێت، بۆ سەردانی باوکی بەنهێنی دەگەڕیتەوە ناو شاری سلێمانی، بەڵام بەهۆی خەڵکی ناپاکەوە خەبەری لێدەدرێت، بۆیە لە ١٩٨٥/١١/٩ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مەفرەزەیەکی جاشەکانی (حزبی ثوری کوردستان)، لە ناوچەی پیشەسازی سلێمانی لە کارگەی دروستکردنی ئاردی نزیک سایلۆکە شەهید دەکرێت.

## محەمەد عەبدولڕەحمان

پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی زڕگوێزی گەورە چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (دۆڵانی سەروو)ی قەرەداغ، بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداغی کردووە، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە قەرەداغ و گەرمیان و قەندیل بەرگری کردووە، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، دواتر دەبێت بە ئەندامی کۆمیتەی ٦ی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی.

بەداخەوە ئەم مامۆستا و پێشمەرگە قارەمانە لە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە شەڕی ناوخۆدا شەهید دەبێت.

## محەمەد قادر ئەحمەد

ناسراو بە هەڵۆ، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی، بەشداریی چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە، پاشان لەلایەن یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکرێت بە مامۆستا.

لە کاتی بەرگریکردن لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەگەڵ هەزاران هاووڵاتی بەر شاڵاوەکە دەکەوێت و ئەنفال دەکرێت، دوای خۆی هاوسەر و هەر سێ منداڵەکەی بە بێ نازی دەمێننەوە.

## محەمەد ناسیح شکور

لە ساڵانی ١٩٨٥ تا شاڵاوەکانی ئەنفال لە ١٩٨٨، مامۆستای شۆڕشی نوێ بووە لە قوتابخانەی گوندی (مەملەحە)ی گەرمیان، مامۆستایەکی دڵسۆز و بەتوانا، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و خەمخۆری هەموان بوو.

دوای ڕاپەڕین کارگێڕی کۆمیتە دەبێت، لێپرسراوێکی ڕوناکبیر و سیاسی و کۆمەڵایەتیی بووە، بەداخەوە لە ٢٠٠٢/٩/٢٩ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوڕێ و دۆستانی دەکات.

## محەمەد عەبدوڵڵا یەحیا

پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی نوێ، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی باڵخی قەزای ماوەت، لە خێزانێکی جووتیار و کورد پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، لە سەرەتای حەفتاکان ماڵیان دێتە سلێمانی، هەر لە شاری سلێمانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و خانەی مامۆستایان تەواودەکات، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان و دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی گوندی (گاپیلۆن)، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٦ چەکی پێشمەرگایەتی لە تیپی ٤٧ی

پیرەمەگرون لەشان دەکات و بەشداریی چالاکی پێشمەرگانەی سنورەکەی دەکات، لە کەرتی شەهید وەستا مەجید، بەداخەوە لە داستانی قەیوان- ماوەت لە حەسەن بەگ، لە ١٩٨٦/١١/٧ شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمران.

## مەعروف کەریم واحید

ناسراو بە مامۆستا مارف، ساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی لەیلان، لە خێزانیکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٤، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (سۆران).

بەداخەوە، ئەم مامۆستا دڵسۆزەی شۆڕش و کوردایەتی، لە بەرواری ١٩٨٨/٥/١ بەر شاڵاوەکانی ئەنفال دەکەوێت و بێ سەروشوێن دەکرێت.

## نوری حسێن محەمەد

ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی مامشەی قەرە حەسەن، لە خێزانێکی جووتیار و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندیی لە گوندی باوا تەواوکردوو، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی ڕوودەکاتە شاری کەرکوک، بەڵام بەهۆی بوونی چالاکی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، ئاشکرا دەبێت و خوێندن بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان ،کە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو.

ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە مامۆستای شۆڕش، لە قوتابخانەی گوندی (شێخ محەمەد) ی ناوچەی جەباری (سەر بە ناحیەی قادر کەرەم)، لە کاری مامۆستایی و وانە وتنەوە بەردەوام دەبێت، تا شاڵاوەکانی ئەنفال ئەم مامۆستایە و هەزاران هاووڵاتی ناوچە ئازادکراوەکان، لەو شاڵاوەدا ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێراق دەکات و بێ سەروشوێن دەکرێن.

## نەوزاد عەلی محەمەد

ساڵی ١٩٦٦ لە گوندە جوان و ڕازاوەکەی مامشەی قەرەحەسەن، لە خێزانیکی جووتیار و کوردپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و ناوەندیی لە گوندی باوا تەواودەکات، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە شاری کەرکوک و ئامادەیی پیشەسازی تەواودەکات.

یەکەم کەس دەبێت لە گوندەکەی خۆیان، کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کەسێکی ڕۆشنبیر، کۆمەڵایەتی، مرۆڤ دۆست و خاوەڕۆحێکی بەرزی هاریکاری بووە، لە تەمەنێکی گەنجیدا، بوو بە یەکیك لە هەڵبژێردراوەکانی ئەنجومەنی گوندی مامشە. ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە گوندی (شێخ محەمەد)ی جەباری و هاوکاری مامۆستایانی شۆڕش (نوری و شێرکۆ) دەکات لە وانە وتنەوەدا. بەداخەوە ساڵی ١٩٨٨ بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و بێ سەروشوێن دەکرێت.

## یوسف عەلی ئەمین مەحموود

مامۆستای شۆڕشی نوی، ساڵی ١٩٦٨ لە ناحیەی سەنگاو لە خێزانیکی شۆڕشگێڕ و ماندوونەناس، چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکـات، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٨٤، دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ناوچەی سەنگاو، پاشان پەیوەندی بە یەکێتیی مامۆستایانی شۆڕشەوە دەکات و دەکرێت بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی (خوێڵێن)ی ناوچەی سەنگاو.

ئـەم مامۆستا شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرە، لە ١٩٨٨/٩/٥ لە بـان مەقان، دوای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی دوژمن شەهید دەکرێت، دوای خۆی هاوسەر و هەردوو منداڵەکەی بە بێ نازی لە ئامیزی کوردستاندا بەجێدەهێڵێت.

# پاشکۆ

جگە لە ناو و ژیاننامەی ئەو مامۆستایانەی، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێداوە، لێرەدا ناوی ژمارەیەکیتر لە مامۆستایانی شۆڕش (شەهید و ئەنفالکراو) دەخەینە ڕوو، کە تەنها ناوەکانیانمان بەدەست گەیشتووە و هیچ زانیارییەکمان لە سەریان نیە:

١- ئازاد حەسەن عەلی ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی مەحموود بەگ ـ ئەنفال
٢- ئازاد حەمید ڕەحیم ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی بەکر باجەلان ـ ئەنفال
٣- ئەحمەد فەخرەدین محەمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی وارانی ژووروو ـ ئەنفال
٤- ئەحمەد حسێن ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەیتول ـ ئەنفال
٤- ئەدیب فەریق محەمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی سێ فران ـ ئەنفال
٥- ئیسماعیل فەتاح ئەحمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گۆمەزەرد ـ ئەنفال
٦- ئازاد حەمید ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی بەکر باجەلان ـ ئەنفال
٧- ئەحمەد ڕەشید ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەیتول ـ ئەنفال
٨- جەبار کاکەیی ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گوڵباخی خواروو ـ ئەنفال
٩- جەمال محەمەد خواکەرەم ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی ئۆمەربل ـ ئەنفال
١٠- جەبار ڕەئووف سائق ـ مامۆستا لە سنوری قادرکەرەم ـ شەهیدی سێدارە
١١- جەلال عەبدولرەحمان فرود ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی کانی عوبێد ـ ئەنفال
١٢- جەمال کەرکوکی ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی شێخ جیری ـ ئەنفال
١٣- حەسەن فەتاح ـ مامۆستای شۆڕشی نوێ ـ ئەنفال
١٤- حسێن مەحموود تۆفیق ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی عەزیز قادر ـ ئەنفال
١٥ - حسێن تەیب ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی وەستا خدر ـ ئەنفال
١٦- خالید عەبدولقادر ئەحمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قرخ ـ ئەنفال
١٧- خەیروڵڵا حەمید مەجید ـ مامۆستای قوتابخانەی بناری گل ـ ئەنفال

١٨- ڕەشید خورشید لەفتە عەبدوڵڵا ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گولباخی سەروو - ئەنفال
١٩- ڕەشید خورشید ڕەشید ـ مامۆستای شۆڕش ـ ئەنفال
٢٠- ڕزگار عەبولڕەحمان ئەحمەد ـ مامۆستای شۆڕش ـ شەهید
٢١- سەفەر ئەمین هەمزە ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی واران ـ ئەنفال
٢٢- سەرکەوت شێخ ئەمین ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی کانی قادر ـ ئەنفال
٢٣- سەلام حسێن عەزیز ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گوڵباخی خواروو - ئەنفال
٢٤- سەرچڵ کەریم ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەیتول ـ ئەنفال
٢٥- سەلام عەبدولڕەحمان جۆلا ـ مامۆستای شۆڕش ـ شەهید
٢٦- ستار عومەر ئەحمەد ـ مامۆستای شۆڕش ـ شەهید
٢٧- شێرکۆ عەلی ئەمین ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی سۆفی ڕەزا ـ ئەنفال
٢٨- شێرزاد محەمەد عەبدولڕەحمان ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەشقە ـ ئەنفال
٢٩- عەلی فەتاح ئەحمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گۆمەزەرد ـ ئەنفال
٣٠- عەلی خورشید شەریف ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی باوەکر ـ ئەنفال
٣١- عەبدولڕەحمان میکایل ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی وێڵە ـ ئەنفال
٣٢- عەبدولکەریم قادر ڕەشید ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی تۆپخانە ـ ئەنفال
٣٣- عەبدولباست حەمید ساڵح ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی شێخ جیری ـ ئەنفال
٣٤- عەبدولواحید عەبدوڵڵا محەمەد ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قیرچە ـ ئەنفال
٣٥- عەبدولڕەحمان کەریم سوارە ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی شیلەخان ـ شەهید
٣٦- عوسمان حەمە غەریب ـ مامۆستای شۆڕشی نوێ ـ شەهید
٣٧- غازی عەزیز ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەشقە ـ ئەنفال
٣٨- عەدنان مەدحەت موبارەک ـ مامۆستای شۆڕشی نوێ ـ شەهید
٣٩- فایەق خورشید فەرەج ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی چوار شاخ ـ ئەنفال
٤٠- فاتیح عەلی مستەفا ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی هەرێنە ـ ئەنفال
٤١- فەوزی لەتیف ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قەیتول ـ ئەنفال
٤٢- فوئاد عەبدولباقی محەمەد عەلی ـ مامۆستای شۆڕش ـ شەهید
٤٣- کەریم مەنسور ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی دوراجی ـ ئەنفال

٤٤- كامیل عەبدولقادر ئیسماعیل ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی وێڵە ــ ئەنفال
٤٥- لەیلا ئەمین حەمە ساڵح ــ مامۆستای شۆڕش ــ شەهید
٤٦- لوقمان حەمید كەریم ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی ئۆمەرە گەورە ــ كۆچكردو
٤٧- لەتیف عەبدولقادر عەبدوڵلا ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گۆپتەپە ــ ئەنفال
٤٨- محەمەد فەتاح جومعە ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گەرمک ــ شەهید
٤٩- محەمەد ڕەزا ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی چەوری ــ ئەنفال
٥٠- میقداد كەریم ئەحمەد ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی گەرمک ــ ئەنفال
٥١- محەمەد ئەبابەكر ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی كارێزەی دەلۆ ــ ئەنفال
٥٢- محەمەد حسێن جاسم ــ مامۆستای شۆڕشی نوێ ــ شەهید
٥٣- محەمەد سەعید فەتاح ــ مامۆستای شۆڕشی نوێ ــ ئەنفال
٥٤- محەمەد ئەبوبەكر تۆفیق ــ مامۆستای شۆڕشی نوێ ــ ئەنفال
٥٥ - ناسح عوسمان محەمەد/ مەلا ناسح ــ مامۆستای شۆڕشی نوێ ــ ئەنفال
٥٦- هاشم عەبدولقادر ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی قرخ ــ ئەنفال
٥٧- هەمزە محەمەد ئەمین مەجید ــ مامۆستای شۆڕشی نوێ ــ شەهید
٥٨- یوسف عەلی ئەمین ـ مامۆستای قوتابخانەی گوندی خوێڵین/ سەنگاو ــ شەهید
٥٩- یاسین سابیر ــ مامۆستای قوتابخانەی گوندی زینانەی خواروو ــ ئەنفال

# بڵاوكراوەكانى بۆردى هۆشيارى
# ساڵى (٢٠٢٤ ـ ٢٠٢٥)

| ز | ناوى كتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ساڵى چاپ |
|---|---|---|---|
| ١- | الدولة الفاشلة | عدنان منصور | ٢٠٢٤ |
| ٢ - | پێكهاتنى ژيانى حزبايەتى لەجيهاندا | محمد فاتح | ٢٠٢٤ |
| ٣ - | مواقف و آراء | جلال طالباني | ٢٠٢٤ |
| ٤ - | شۆڕشى نوێ لە پراكتيكدا | جەلال تاڵەبانى | ٢٠٢٤ |
| ٥ - | الهم الوطني | اعداد: محمد شيخ عثمان | ٢٠٢٤ |
| ٦ - | يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان و رەهەندەكانى جەنگى جيهانى دژ بە تيرۆر | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠٢٤ |
| ٧ - | پۆپۆليزم و ديدگاى يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان | ڕێكەوت اسماعيل | ٢٠٢٤ |
| ٨ - | بيرەوەرييەكانم | نەجمەدين گلى | ٢٠٢٤ |
| ٩ - | دەركەوتن لە ميديا – ڕێنمايى سەرەتايى بۆ كانديد | بەهێز حسێن | ٢٠٢٤ |
| ١٠ - | سنورەكانى ديموكراسى لە هەرێمى كوردستان | د. ئەكرەم ميهرداد | ٢٠٢٤ |
| ١١ - | بەشێك لە وتارە رۆژنامەوانييەكان – بەرگى يەكەم | سامى قادر | ٢٠٢٤ |
| ١٢ - | تۆمارى سەروەرى (٨ بەرگ) | ئازاد سەراوى | ٢٠٢٤ |
| ١٣ - | جەنگى سارد | ڕێكەوت ئيسماعيل | ٢٠٢٤ |
| ١٤ - | رەهەندى تەندروستى ـ بەرگى دووەم | گۆران سەلام محمد | ٢٠٢٥ |
| ١٥ - | رەهەندى تەندروستى ـ بەرگى سێهەم | گۆران سەلام | ٢٠٢٥ |
| ١٦ - | الشرارة – دوو بەرگ | پرۆژەى هاوبەش – بنكەى ژين | ٢٠٢٥ |
| ١٧ - | ڕاگەياندن و هونەر لە شۆڕشى نوێدا | عەباس عەبدولڕەزاق | ٢٠٢٥ |

| ز | ناوی کتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ١٨ - | شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێڕان | ن: بلند شالی<br>کوردیکرن: محسن عةبدولڕەحمان | ٢٠٢٥ |
| ١٩ - | پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | محمد تەقی | ٢٠٢٥ |
| ٢٠ - | فەرهەنگی سیاسی | برایم جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢١ - | سەروەرانی زیندانیانی موسڵ | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٠٢٥ |
| ٢٢ - | شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ | محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی | ٢٠٢٥ |
| ٢٣ - | في ادبيات حركة الكردايتي | ن: ستران عبدالله<br>ترجمە:<br>علی شمدین | ٢٠٢٥ |
| ٢٤ - | کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد | جەلال تاڵەبانی | ٢٠٢٥ |
| ٢٥ - | یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا | دەقی عەرەبی:<br>جەلال تاڵەبانی<br>وەرگێڕان:<br>شاسوار جەلال | ٢٠٢٥ |
| ٢٦ - | سەنگەر و خوێن | ئامادەکردنی:<br>ئەمیرە محمد | ٢٠٢٥ |

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری – بۆردی هۆشیاری